دێمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی بەفرانباری ١٣٨٢ ٥ی ژانویەی ٢٠٠٤ ژمارە ٣٨٠ ١٥٠ تمەن


## پەیڤێک بە بۆنەی دەست پێکردنی سالی ٢٠٠٤ەوە

به بۆنەی دەست پێکردنی ساڵی تازەی زایینی، ساڵی ٢٠٠٤، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکێشی مەسیحی‌یەکانی جیهان بەگشتی‌و هەموو ئەوانە دەکەین کە ساڵیان لێ نوێ بۆتەوە.

ساڵی ٢٠٠٣ بۆ زۆرداران، دیکتاتۆران، تیرۆریستان‌و دوژمنانی ئاشتی‌و دێموکراسی، ساڵێکی تاڵ‌و ناخۆش بوو، بۆ ئۆگران‌و تینووانی ئازادی، مافی مرۆڤو دادپەروەرییش زۆر رووداوو ئاڵوگۆڕی گرنگ‌و هیوادەری پێبوو. بەڵام، ئەو ساڵە بەداخەوە لە نێو خەم‌و ماتەمی جیهانی بە بۆنەی کوژرانی ٤٠ هەزار مرۆڤو بریندارو بێ‌حاڵ‌و ماڵبوونی ژمارەیەکی لەوە زیاتر لە شاری "بەم"ی ئێراندا، کۆتایی پێ‌هات.

هیوادارین ساڵی ٢٠٠٤، ساڵی تێك شکانی زیاتری دوژمنانی ئاشتی‌و ئازادی‌و دێموکراسی‌و، ساڵی بەرەوپێشچوونی پتری خەبات‌و تێکۆشان لە پێناوی سەقامگیر کردنی ماف‌و ئازادی‌و دادپەروەری‌دا بێ. لە سەرەتای ئەم ساڵە نوێ‌یەش‌دا بۆ کەسوکاری قوربانی‌یەکانی کارەساتەکان، هەر لە کارەساتی سروشتیی وەك بوومەلەرزەی بەمەوە، تا قوربانی‌یەکانی تیرۆرو توندوتیژیی تاقمە تیرۆریستەکان‌و سەرکوت‌و دەستدرێژیی رێژیمە دیکتاتۆرو ئازادیکوژەکان، سەبرو خۆڕاگری‌و هاوپێوەندیی هەموو لایەنەی جیهان لەگەڵ ئەوان بە ئاوات دەخوازین.

## بوومەلەرزەی بەم، ئەو کارەساتە گەورەیەی نە بە وێنە، نە بە نووسین لە گێڕانەوە نایە!







کاتژمێر پێنج و٢٨ دەقیقەی سەر لە بەیانی رۆژی هەینی ٥ی بەفرانبار بوومەلەرزەیەکی بەهێز کە توندی‌یەکە ٦/٣ ریشتر بوو، شاری بەمی لە رۆژهەڵاتی ئێران وێران کرد. بە هۆی ئەو بوومەلەرزەیەوە نزیکەی نیوەی حەشیمەتی ١٠٠ هەزار کەسیی ئەو شارە کوژران‌و بریندار بوون. سەدی هەشتای شارەکەش بە تەواوی وێران بوو و بە گوێرەی هەواڵەکان تەنیا سەدی بیستی ساختوومانەکانی ئەو شارە بەکاری ئەوە دێن کە تەعمیر بکرێنەوە.

هۆی ئەسلیی ئەم هەموو وێرانی‌یە و تێدا چوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵك، خۆڕاگر نەبوونی خانووەکان و نەگونجانی ئەوان لەگەڵ ستاندارد و رێوشوێنەکانی تایبەت بە رووداوی وەك بوومەلەرزە بوو. وەك هەموو جارەکانی پێشووش، دام و دەزگا جۆراو جۆرەکانی حکوومەتی و دەوڵەتی لەبەر نەبوونی هاوهەنگاوی لە نێویاندا و، فاسید و ناکارا بوونی سیستمی دەسەڵات، نەیانتوانی لە کاتی خۆی‌دا فریای ئەو کەسانە بکەون کە کەوتبوونە ژێر خانووە رووخاوەکان و بەداخەوە، زوربەی هەرە زۆری ئەوان، لە چاوەڕوانی فریارەساندا گیانیان لە دەست دا.

ئەم کارەساتە گەورە ئینسانی‌یە، شەپۆلێکی گەورە لە ماتەم و هاودەردیی ئینسانەکانی لە رادەی ئێران و جیهان وەرێخست. قۆڵ هەڵماڵینی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەم بۆنەیەوە، زۆر بەرچاو و جێگای رێز و شیاوی ئافەرین بوو.

دەفتەری سیاسیی حیزب، دوا سەعاتەکانی رۆژی ٥ی بەفرانبار، لە راگەیاندراوێك دا وێرای سەرەخۆشی لە کەس و کاری قوربانی‌یەکانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە، داوای لە خەڵکی کوردستانی ئێران‌و دەوڵەتان و کۆرو کۆمەڵ و ناوەند مرۆڤدوستەکان کرد، بۆ فریا کەوتنی بوومەلەرزە لێدراوەکان هەنگاوی بە پەلە بنێن. دەقی راگەیاندنی دەفتەری سیاسی هەر لەم لاپەرەیەدا خراوەتە بەر چاوی خوێنەران.

## زیاتر لە ١٥٠ نوێنەری ئێستای مەجلیس دەبێ چاوەڕوانی رەتکرانەوەی سەلاحیەتیان بن

عەلی‌ئەسغەری هادی‌زادە ئەندامی کۆمیسیونی فەرهەنگی‌و نوێنەری "مەحەلات‌و دەلیجان" لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌دا گوتی: زیاتر لە ١٥٠ نوێنەری ئێستای مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەبێ چاوەڕوانی رەتکرانەوەی سەلاحیەتیان بن.

ناوبراو لە وتوویێژ لەگەڵ هەواڵنێری پارلمانیی هەواڵدەریی کاری ئێران "ایلنا"دا لە بارەی بەڕێکرانی پەروەندەی ١٢٠ نوێنەری مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بۆ دەزگای قەزایی‌دا گوتی: گومانی تێدا نیە کە لەم دەورەیەی هەڵبژاردن‌دا کاندیداکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لەگەڵ رەتکرانەوەی سەلاحیەتیان بەرەو روو دەبن.

هادی‌زادە لەو بڕوایەدایە زیاتر لە ١٥٠ نوێنەری ئێستای مەجلیس کە کاندیدای ئەندامەتی لە مەجلیسی حەوتەم دان، دەبێ چاوەڕوانی رەتکرانەوەی سەلاحیەتیان بن.

**سایتی "ایران امروز"**

### جۆرج بووش:

## وەلانانی بەربەستی هەناردە بۆ ئێران نیشانەی گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا نیە



رۆژی هەینی ١٢ی بەفرانبار جۆرج بووش لە کۆڕی هەواڵنووسان‌دا ڕای‌گەیاند، ئەوە کە دەوڵەتی ئێران رێگای داوە فرۆکەکانی هەڵگری یارمەتی‌یە مرۆڤدۆستانەکانی ئێمە بچنە وڵاتەکەیانەوە، جێگای ستایشە. وەك رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز نووسیویەتی بووش لە کۆڕی هەواڵنووسان لە تێگزاس ڕای‌گەیاند کە: ئەوەی ئێمە لە ئێران ئەنجامی دەدەین، ئەوەیە کە بە خەڵکی ئێران نیشان بدەین کە خەڵکی ئەمریکا وردبینن‌و لە قووڵایی دڵەوە لەگەڵ ئازارە مرۆیی‌یەکان هاودەردی دەکەن. ئەو هەروەها وەبیری هێناوە کە: فەرمانم داوە بەربەستەکانی هەناردن بۆ ئێران بە شێوەیەکی کاتی لابچن تا بتوانین یارمەتی‌یە مرۆڤدۆستانەکان بۆ ئەو وڵاتە بنێرین. سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەروەها داوا چەند پاتەکانی ئەمریکای جارێکی دیکە هێنایەوە گۆڕێ‌و گوتی: دەوڵەتی ئێران دەبێ سەرنج بداتە دەنگی ئەوانەی ئاواتی ئازادی‌یان هەیە. ئەندامانی ئەلقاعیدە کە لەم وڵاتە دەسبەسەر کراون تەحویل ئەمریکا بداو دەست لە بەرنامەی چەکە ناوکی‌یەکان هەڵگرێ.

## رێبەری تاقمی "ئەنسارولئیسلام" لە دەست بە سەری‌دا دەمێنێتەوە



دادگایەکی نۆروێژی رۆژی شەممەی رابردوو ١٣ی بەفرانبار لە کۆبونەوەیەکی نهێنیی خۆی‌دا بڕیاری‌دا مەلا کرێکار رێبەری تاقمی ئەنسارولئیسلام هەتا رۆژی دووشەمە ١٥ی بەفرانبار، لە زیندان‌دا بمێنێتەوە.

دادگای ئۆسلۆ لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری‌دا لە کۆبوونەوەیەکی دیکەی‌دا کە چوار حەوتووی دیکە پێك دێ، لەسەر ناوبراو بڕیار بدا. پۆلیسی نۆروێژ رێبەری ئەنسارولئیسلامی، رۆژی هەینی ١٢ی بەفرانبار لە ئاپارتمانەکەی‌دا بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ کردەوەیەکی خۆکوژی لە کوردستانی عێراق‌دا، دەسگیر کرد.

ئەمریکا ئەنسارولئیسلام بە رێکخراوێکی تیروریستی دەزانێ‌و دەڵێ لەگەڵ ئەلقاعیدە پێوەندیی هەیە. مەلا کرێکار کە ١٠ ساڵە وەك پەنابەرێکی سیاسی لە نۆروێژ دەژی، هەر چەشنە پێوەندی‌یەکی لەگەڵ رایەڵکەی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەو بن‌لادن رەت کردۆتەوە.

## کۆماری ئیسلامی پێشنیاری ئەمریکای لە بارەی ناردنی هەیئەتێکی مرۆڤدۆستانە بۆ ئێران رەت کردەوە



ئەمریکا پێشنیاری کردبوو هەیئەتێکی مرۆڤدۆست بە سەرۆکایەتیی سەناتۆر ئێلیزابێت دال، سەرۆکی پێشووی خاچی سووری ئەمریکاو سەناتۆری کۆماریخوازی ئەیالەتی کارولینای باکوور بۆ ئێران بنێرێ. "کلێر بوچ ئال" وتەبێژی کۆشکی سپی گوتی: پێشنیاری ئەمریکا لە بارەی ناردنی هەیئەتێکی پایەبەرز بە ئەندامەتیی کەسێك لە بنەماڵەی بووش، بەشێك بوو لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی بوومەلەرزە لێدراوان.

کۆماری ئیسلامی ئەو پێشنیارەی رەت کردەوە. عەلیی یوونسی وەزیری ئیتلاعات‌و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندی‌یەدا گوتی: تاران بۆیە ئەو پێشنیارەی ئەمریکای رەت کردەوە چونکە ئەمریکا بوونی کۆماری ئیسلامیی بە رەسمی نەناسیوە.

ئەحمەدی جەننەتی دەبیری شووڕای نیگاهبان لە پێوەندی لەگەڵ یارمەتی‌یەکانی بوومەلەرزەی بەم‌دا گوتی: "ئەمریکا هەڵپەرستانە هەوڵی‌داوە مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ ئێران بێنێتە گۆڕێ بەڵام لە دەمی درا".

## راگەیەندراو

### دیسان بوومەلەرزە کارەساتێکی گەورەی ئینسانیی لێ کەوتەوە

سەعات ٥/٢٨ دەقیقەی بەرەبەیانی رۆژی هەینی ٥ی بەفرانباری ١٣٨٢ بوومەلەرزەیەك کە توندی‌یەکەی ٦/٣ ریشتێر بوو، شاری "بەم" لە ئوستانی کرمانی ئێرانی هەژاند. توندیی بوومەلەرزەکەو خۆڕاگرنەبوونی خانووەکان لە بەرامبەر بوومەلەرزەدا، بوون بە هۆی ئەوە، ئەم رووداوە سروشتی‌یە زیانێکی گەورەی گیانیی لێ بکەوێتەوە.

بە پێی هەواڵ‌و راپۆرتەکان، زیاتر لە چوارهەزار کەس کوژراون‌و دەوروبەری ٣٠ هەزار کەسیش بریندار بوون. خەڵکێکی زۆر لە ژێر داروپەردووی خانووە رووخاوەکاندا ماونەوە. بەپێی زۆربەی پێشبینی‌یەکان، بەداخەوە ژمارەی قوربانی‌یەکان لەوانەیە سەر لە دووبەرامبەری ئەو رەقەمەی ئێستا بدا. جگە لەو هەمووە کوژراوو بریندارە، ١٠٠ی ٦٠ی شار وێران بووەو ئەو خەڵکەی لەو کارەساتەدا، بە برینداری یا بە سڵامەتی دەرچوون، لەم سەرمایەی زستان‌دا بێ‌ماڵ‌و حاڵ‌و سەرپەنان.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو راستی‌یە کە بوومەلەرزەی لەوە بەهێزتر، لە وڵاتانی پێشکەوتوو، زیانی گیانی‌و ماڵیی زۆر لەوە کەمتریان لێ‌کەوتۆتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هۆی سەرەکیی خولقانی کارەسات، دەگەڕێتەوە بۆ بێبەشیی خەڵکی ئێران لە خانووبەرەی خۆڕاگرو گونجاو لەگەڵ رێوشوێنە زانستی‌یەکان. لەوەش تاڵتر ئەوەیە کە دامودەزگا دەوڵەتی‌و حکوومەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی جۆراوجۆر بۆ وێنە زۆری‌و جۆراوجۆریی ناوەندەکانی بڕیاردان، پەرەگرتوویی فەسادی ماڵی لە سیستمی دەسەڵاتدارەتی‌داو بێگانە بوونی زۆربەی بەرپرسان‌و کاربەدەستان لەگەڵ خەڵك، لە کاتی روودانی ئەو جۆرە کارەساتانەدا، بەوجۆرەی پێویستە، کاری فریا کەوتنی لێقەوماوانیان لەدەست نایەو لە ئاکام‌دا، ژمارەی قوربانی‌یەکانی زیاتر دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەوە، هاودەردیی قووڵی خۆی بە پاشماوەو کەسوکاری قوربانی‌یەکان، خەڵکی شاری بەم‌و هاونیشتمانان بەگشتی رادەگەیەنێ‌و لەخەم‌و ماتەمیان‌دا خۆی بە شەریکیان دەزانێ. حیزبی دێموکرات شانبەشانی سەرەخۆشی لەبنەماڵەو پاشماوەی قوربانی‌یەکان، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری نەخۆش‌و بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ.

هەرلەو کاتەدا لە خەڵکی کوردستان‌و ئێران دەخوازێ لە هیچ هاوکاری‌یەك بۆ بەفریا گەیشتنی لێقەوماوان درێغی نەکەن‌و داوایان لێ‌دەکا لە رێگای نوێنەرانی بڕواپێکراوی خۆیان‌و رێکخراوو دامەزراوە نادەوڵەتی‌و متمانەپێکراوەکان، لە هەرەوەزی فریاکەوتنی خەڵکی شاری "بەم"و لە رەوتی گێڕانەوەی ئەوان بۆ سەر ژیانی ئاسایی‌دا، چالاکانە بەشداری بکەن.

بە ئەرکی دەوڵەتان‌و ناوەندو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یە مرۆڤدۆستەکانی دەزانین، بە پەلە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن‌و فریای خەڵکی بوومەلەرزە لێدراوی شاری "بەم" بکەون.

بە هیوای هاوبەشیی چالاکانەو کاریگەری خەڵکی ئێران‌و کۆمەڵگەی جیهانی لە فریاکەوتنی بوومەلەرزە لێدراوی شاری "بەم"و بنیاتنانەوەی ژیانی دووبارەی ئەوان‌دا.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**٥ی بەفرانباری ١٣٨٢**


٢ لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی حەوتەمین دەورەی مەجلیس‌دا
٢ مەحکوومییەتی ئێران بۆ حەڤدەهەمین جار لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا
٣ بوومەلەرزەی "بەم"و ریاکاری‌یەکانی رێژیم
٥ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لەبەر ئاوێنەی گۆڕانکاری‌یە مەزنەکان‌دا
٨ ململانێی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ بەجیهانیبوونی راگەیاندن‌دا
٩ رێژیمی حوقووقیی دەریای خەزەر

# لە پێوەندی لەگەڵ
# هەڵبژاردنەکانی حەوتەمین دەورەی مەجلیسدا

م. مەعرووفی

بە هەڵسەنگاندن و وردبوونەوە لە هەلومەرج و رووداوەکانی پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی دەورەی حەوتەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، وا دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی سەخت و دژواری لە پێکهێنانی ئەو مەجلیسەدا لە پێشە. ڕێگەیەك کە بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی تایبەتی و تاکتیکی جۆراوجۆر بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسەکانی پێشتر تا ڕادەیەك هەموارتر بوو. پێشتر کۆماری ئیسلامی دەیتوانی بەجۆرێك مۆرە دڵخوازەکانی خۆی لە سندووقەکان بێنێتە دەر یان بە وەڕێخستنی ڕقەبەرایەتی لە نێوان قۆڵەکانی نێوخۆیدا خەڵك بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام لەم دەورەیەدا کۆماری ئیسلامی ڕەنگە نەتوانێ هەروا بە ئاسانی مۆرە دڵخوازەکانی خۆی لە مەجلیسدا دابنێ و ئەگەر ڕقەبەرایەتییش بۆ گەرمکردنی کەشوهەوای هەڵبژاردن لە گۆڕێ دایە، ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مەجلیسەکانی پێشتر دەریدەخا کە هەلومەرج بۆ پێکهێنانی مەجلیسی حەوتەم بە ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوانی پێشتر جیاوازە و وەزعێکی دیکە لەسەر ڕێگەی مەجلیسی حەوتەمدا بەدی دەکرێ.

هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی یەکەم (٥٨) لە هەلومەرجێکی تاڕادەیەك ئازادی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا پێك هات. هەموو خەڵکی ئێران بە هەموو حیزب و لایەن و بیروبۆچوونی جیاوازەوە تێیدا بەشدار بوون" خەڵکی کوردستانیش بەمجۆرە بەشداربوون و نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژارد کە بەشی هەرە زۆریان کاندیداکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. بەڵام لە پێك هاتنی مەجلیسدا، کۆماری ئیسلامی بەری بە چوونی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان بۆ مەجلیس گرت. کۆماری ئیسلامی بۆیە توانی لەم کارەدا سەرکەوێ، چونکە جگە لە خەڵکی کوردستان، ئەو ڕێژیمە تازە بە دەسەڵات گەیشتوە، بۆ زۆربەی خەڵکی وڵات نەناسرابوو و هێشتا ڕق و تووڕەیی خەڵك لە ڕێژیمی پێشوو جێی خۆی نەدابوو بە ڕق و تووڕەیی لە کردەوە دیکتاتۆرییەکانی ڕێژیمی تازە، هەروەها هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانیش بە پێچەوانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، یەکگرتوو نەبوون. بۆیە ئەم ڕێژیمە تاڕادەیەك بە ئاسانی توانی مەجلیسی دڵخوازی خۆی پێك بێنێ، بێ ئەوەی لەگەڵ بەربەرەکانێی جیددی لە بەرامبەر ئەم کارە لە سەرانسەری ئێراندا بەرەوڕوو بێ.

مەجلیسەکانی دووو سێ لەکاتی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا پێك هاتن. لەڕاستیدا نەك هەر هەڵبژاردنی مەجلیس، بەڵکوو هەموو کاروبارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی شەڕەوە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەموو جینایەت و کردەوەی دیکتاتۆرانە و سەرەڕۆیانەی خۆیان بەوەوە پاساو دەدا کە وڵات لە حاڵی شەڕدایە و وەڵامی هیچ چەشنە داخواز و ویست و نیازێکی خەڵکیان نەدەدایەوە. هەربۆیەش لەو ماوەیەدا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ڕواڵەتی بەناو نوێنەرانی مەجلیسیان دەناردنە مەجلیس، بێئەوەی لە هەموو ناوچەیەکی وڵاتدا هەڵبژاردن بەڕێوە چووبێ یان خەڵك لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیاندا نەقش و شوێنێکیان هەبێ.

مەجلیسی چوارەم لە کاتێکدا پێك هات کە وەعدە و بەڵێنەکانی سەرکۆماری ئەوکات، هاشمیی ڕەفسەنجانی، لەبارەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و سڕینەوەی ئاسەوارە خراپەکانی شەڕ، گوێی خەڵکی پڕ کردبوو. پێکهێنانی کابینەیەکی تێکنۆکراتیش هەر لەو پێوەندییەدا بوو. ئەو وەعدو بەڵێنانەش تا ڕادەیەك دڵی خەڵکیان خۆش کردو تەئسیری لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیەش دانا. هەرچەند ئەو کۆنترۆڵ و چاوەدێرییە بەسەر هەڵبژاردنەکاندا نەبوو، تا ڕادەی ڕاستی و ساغی و ئەمانەتداریی هەڵبژاردن بسەلمێنێ. هەربۆیە هەڵبژاردنی ئەو دەورەیەش وەك دەورەکانی دیکە تەنیا لایەنی ڕواڵەتیی هەبووو ئەو مەجلیسەش تەنیا ئۆبالکێشی سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بوو.

مەجلیسی پێنجەم تاڕادەیەك لەگەڵ هەڵبژاردنی مەجلیسی پێش خۆی جیاواز بوو. ئەو مەجلیسە بە پێچەوانەی مەجلیسەکانی پێش خۆی مەجلیسێکی "خنثی"و بێکارە نەبوو. بەڵکوو ببوو بە یەکێك لە ئۆرگانە هەرە کۆنەپەرست و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەو مەجلیسە لە هەلومەرجی بێ تەفاوەتی و بێ موبالاتیی خەڵکدا پێك هات. خەڵك سەردەمی شەڕیان تێپەڕ کردبوو، وەعدو بەڵێنەکانی ڕەفسەنجانی نەك هەر بە هیچ کوێ نەگەیشتبوو، بەڵکوو هەژاری و گرانی زیاتر پەرەی گرتبووو وڵات بەشێوەیەکی کەم وێنە بە دنیای دەرەوە قەرزدار ببوو. لە هەمووی ئەمانە گرنگتر، جگە لە ئۆپۆزیسیۆن، بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و تێکڕایی وەك ئەمەی ئێستا کە دژی ئەو ڕێژیمە لەگۆڕێدایە، لە گۆڕێدا نەبوو. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی توانی مەجلیسێکی ئاوا کۆنەپەرست و دژی گەلی پێك بێنێ. لەو مەجلیسەدا چەندین قانوونی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیانەی وەك "قانوونی چاپەمەنی"، قانوونی بیمەی کار"و. . . پەسند کران کە بە پێی ئەو قانوونانە هیچ چەشنە دەرەتانێك بۆ ئازادیی بیروڕادەربڕین نەمابۆوە و سانسۆرێکی توند بەسەر چاپەمەنیی وڵاتدا سەپاندبووو کرێکارانی شیرکەت و کارگە بچووکەکان کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کرێکارانی وڵاتیان گرتۆتە خۆ، لەهەر چەشنە مافێك بێبەش و دەستی خاوەنکارانی بۆ چەوساندنەوەی ئەوان ئاوەڵاتر کرا.

پێکهێنانی مەجلیسی شەشەم بەتەواوی لەگەڵ ٥ مەجلیسەکەی پێشتر جیاواز بوو" دوو ساڵ بوو خاتەمی بە کۆمەڵێك وەعدو بەڵێنی بەریقەدار ببوو بە سەرکۆمارو وەعدی پێکهێنانی ڕیفۆرمی بە خەڵکی وڵات دەدا. هەر لە ساڵی یەکەم و دووهەمدا دەرکەوت کە خاتەمی دەسەڵات و توانای بەجێهێنانی ئەو وەعدو بەڵێنانەی نیە. پاساویشی بۆ ئەم بێدەسەڵاتی و بێتوانایییە ئەوە بوو کە لە سێ دەسەڵاتی قەزایی و قانووندانان و بەڕێوەبردن واتە مەجلیس لەبەر دەستی ڕیفۆرمخوازاندا بێ، دەتوانێ وەعدو بەڵێنەکانی بە کردەوە بەجێ بگەیەنێ. جگە لەوەش بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی وڵاتدا سەری هەڵدابووو پەرەی گرتبوو. دیارە هەر ئەو بزووتنەوەیەش بوو کە خاتەمی و ڕووداوی ٢ی جۆزەردانی لێکەوتەوە. بۆیە هەرچەند هەڵبژاردنەکە دێموکراتیك نەبووو کاندیداکان وەك جارەکانی پێشوو لە پاڵوێنەی شوورای نیگابان ڕەت ببوون، خەڵك هاتنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگیان بە زۆربەی ئەفرادی سەربەخۆ و ڕیفۆرمخواز داو موحافیزەکاران بوون بە کەمایەتییەکی موتلەق لە مەجلیسدا.

بەڵام ئێستا کە چوار ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو مەجلیسەدا تێدەپەڕێ و لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی داهاتوودا، واتە حەوتەم داین، بۆ هەموان دەرکەوتووە کە خاتەمی لەوە بێ دەسەڵاتترو بێ ئیرادەترە کە ئەگەر مەجلیسیشی لەبەر دەستدا بێ، بتوانێ بە لانیکەمی وەعدو بەڵێنەکانی وەفا بکا. لەڕاستیدا مەبەستی ئەسڵیی ناوبراو تەنیا سەرگەرمکردنی خەڵك بەو دروشم و وەعدو بەڵێنانەیە تا بتوانێ تەمەنی ڕێژیمەکەی درێژ بکاتەوە. لەلایەکی دیکەش کاربەدەستانی ئەسڵیی ئەم ڕێژیمە لەوە کۆنەپەرستترو دیکتاتۆرترن کە ئیجازە بدەن بچووکترین ویست و ئیرادەی خەڵك لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە وەدی بێ. ئەو مەجلیسە لە چوار ساڵی ڕابردوودا کاری ئەوە بوو کە قانوونە زاڵمانە و کۆنەپەرستانەکانی مەجلیسی پێشوو هەڵبوەشێنێتەوە بێئەوەی لەو کارەدا بۆ یەکجاریش بتوانێ سەربکەوێ. بەردەوام پەسندکراوەکانی لەلایەن ئۆرگانەکانی سەرەوەی خۆی ڕەت کراونەتەوە و تەنانەت ئەندامەکانی لە لێدان و کوتان و گیران و زیندانیکرانیش لە ئەماندا نەبوون. ئەو مەجلیسە نەك هەر هیچ بەرهەمێکی بۆ خەڵکی ئێران و ئازادیخوازانی ئێران بەدواوە نەبوو، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی تا توانی کەڵکی خراپی لێوەرگرت.

سەبارەت بەوە کە خەڵکێکی زۆر، لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون، کۆماری ئیسلامی بەشداریی ئەو خەڵکەی بە حیسابی پشتیوانیی خەڵك لە خۆی و دانی دەنگەکان بەخۆی دابنێ و بە دنیای دەرەوەش نیشان بدا کە خەڵکی وڵات چەندە بەو ڕێژیمە و ئۆرگانەکانی دڵگەرم و وەفادارن. هەربۆیە دەبینین لە ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان بە بیانووی "پارلمانی ئازاد"و بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانیدا، بە مەبەستی پێوەندیی بازرگانی و سات و سەودا لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا، چاویان لە جینایەتەکان و پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە نوقاندو بۆ یەکەمجار لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەنگیان بە مەحکوومییەتی ئەو ڕێژیمە نەدا. لە ئاکامدا دیتمان کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران دەستی بە ئیعدام، ئەشکەنجە، داخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارو زیندانیکردنی نووسەران و ڕووناکبیران و. . . کرد.

لە سەرانسەری هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە کۆماری ئیسلامیدا ئەگەر قازانجێك لە گۆڕێدا بووبێ، قازانجێك بووە کە کۆماری ئیسلامی کردوویەتی. هەرچەند هیچ کات نەیهێشتوە بچووکترین دەرەتانی ئازاد لە هەڵبژاردنەکان و لە کاری مەجلیسدا هەبێ، بەڵام هەمیشە ژێستی دێموکراسیی بە خۆیەوە گرتووە و چاوی هەلپەرستان و دەوڵەتانی قازانجویستی پێ نووساندووە و لەباری تەبلیغییەوە کەڵکی خراپی لێ وەرگرتووە، بێئەوەی لە ماهییەتدا فڕی بەسەر ئازادی و دێموکراسییەوە هەبێ.

لەپێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و مەجلیسی داهاتوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ سێ موشکیلەی سەرەکی بەرەوڕوویە. یەکەمیان، ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، وێ دەچی ئەو جار خەڵکێکی زۆر لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە نەبن، ئەوەش ئەو ڕێگایە لە ڕێژیم دەگرێ کە خۆ بە هەڵبژاردن و بەشداریی خەڵکەوە ڕابنێ و لە کردەوەشدا مەشرووعییەتی ڕێژیم زیاتر دەباتە ژێر پرسیارەوە. هەربۆیە ڕێبەرانی ڕێژیم بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردندا لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە بە گرنگتر دەزانن. دووهەم، مەجلیسێك کە نوێنەرانی بە دەرسەدێکی کەمی دەنگی خەڵك چووبێتە مەجلیس، مەجلیسێك نابێ کە ڕێژیم لە بەرامبەر بیروڕای گشتیی جیهاندا ژێستی دێموکراتیکانەی پێوە بگرێ و چاوی خەڵکی دەرەوەی پێ بنووسێنێ. سێهەم، بەشدارینەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردندا نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە خەڵك لە ڕێژیم لە تەواوەتی خۆیدا بێزارن و ئەو ڕێژیمە بە هەردوو قۆڵییەوە ڕەت دەکەنەوە کە ئەوەش بۆ هەردوو قۆڵی ڕێژیم بەتایبەت ئەوانەی خۆیان بە ئیسلاحتەڵەب دەزانن، شتێکی ناخۆش و شکستێکی گەورەیە.

ئەزموونی ٢٤ ساڵ هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا وای کردوە کە خەڵکی وڵات هەموو تاکتیك و فێڵ و تەڵەکەکانی ئەو ڕێژیمە بە تاقی بکەنەوە، بێئەوەی هیچ دەسکەوتێکیان ببێ. هەربۆیە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا بێشك خەڵك هۆیەکیان بۆ بەشداریکردن نیە. لەم قۆناغەدا کۆماری ئیسلامی و مەجلیسێك بەبێ خەڵك دەمێنێتەوە و ئەو جار ئەو ڕێژیمە ناتوانێ چی دیکە گاڵتە بە دەنگی خەڵك بکا و کەڵکی خراپی لێوەربگرێ.

❊❊❊



## مەحکوومییەتی ئێران بۆ حەڤدەهەمین جار
## لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا

هەژیر

لە مانگەکانی ڕابردوو، سێ مەسەلە لە بواری پێشلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی جێگەی سەرنج بوون یەکەم دیاری کردنی سەعید مورتەزەوی، وەك دادستانی تاران و ئینقلاب کە لە ڕاپۆرتی ئاغای کاپیتۆرن، هەواڵنێری تایبەتی کومیسیونی مافی مرۆڤ لە ئێرانیش دا، داوا لە کۆماری ئیسلامی کرابووکە ناوبراو لە سەرکار وەلابنرێ.

دووهەم، دەستگیر کردنە بەربڵاوەکانی بزووتنەوە خوێندکارییەکان،کە گیرانی زیاتر لە ٤ هەزار کەسی بە دواوە بوو. هەروەها قەتڵی زارا کازمی هەواڵنێرو وێنەگریکانادایی بە ڕەگەز ئێرانی کە لەگەڵ دژکردەوەیەکی بەرفراوانی جیهانی دا ڕووبەروو بۆوە. دەوڵەتی کانادا کاتێك لە هەمبەر دادگایی کردنی بکوژانی زاراکازمی لەلایەن دادگای ڕێژیمی ئیسلامی ناهومێد بوو، هانای بۆ بنیاتە نێونەتەوەیییەکان بردو پێش نووسی بڕیارنامەیەکی لە سەر مەحکوومییەتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشکەش بە کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتی کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ سەر بە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیە کگرتووەکانە، کرد. کومیسیۆنی مافی مرۆڤ کە بنکەکەی لە "ژنێف"ە، ئەو بڕیارنامەی بە ٧٣ دەنگی موافق و ٤٩ دەنگی موخالیف و ٥٠ دەنگی بێلایەن پەسەند کردو بۆ دەرکردنی دوا بڕیار لە سەری، دایبە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی دسامبری ٢٠٠٣ بڕیارنامەی پێشنیاری کومیسیونی سێهەمی ئەو ڕێکخراوەیەی بە ٦٨ دەنگی موافق و ٥٤ دەنگی موخالیف و ٥١ دەنگی بێ لایەن پەسەند کرد. شایانی باسەکە لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا (جگە لە ساڵی ٢٠٠٢) حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ١٧ جار بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا، مەحکووم کراوە. بە داخەوە تا ئێستاش دەرکردنی ئەو جۆرە بڕیارنامانە نەبوونەتە ئامرازێك بۆ بەڕێوەبردنی بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، یا پێشگرتن لە پێشلکردنی ئەو مافانە لە ئێران دا. تا ئێستاش هیچ چەشنە گەرنتییەکی ئیجرایی لەو پێوەندییە دا لە ئارا دا نەبوە وتەنیا شتێکی سەمبولیك بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە هۆی ئەو واقیعییەتە هیچ کات هەنگاوی بۆ باشکردنی مافی مرۆڤ، لەو وڵاتە دا هەڵ نەگرتووە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە بە وتەی محەممەد عەلی دادخواە ئەندامی کانوونی پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، هەر حکوومەتێك کە بە پێشلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار بکرێ، بە گوێرەی بەندی ٣ی ماددەی ١٩ی پەیمانی نیونەتەوەیی، خێرا چاوەدێرییەکی نێونەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ پێك دێ کە بە دوو شێوە کار دەکا، یەکەم شێوەی ڕاپۆرت دانەو دووهەم شێوەی پێڕاگەیشتنی قەزایی. شێوەی ڕاپۆرتدان بەو شێوەیەیەکە ئەگەر ئیستاندارە نێونەتەوەیییەکان لە بواری مافی مرۆڤ لە وڵاتێك دا بە لانیکەمی گەیشتبێ، ئەو وڵاتە واڵێ دەکەن کە بۆ ڕەعایەت کردنی ئەو ئیستانداردانە هەنگاو بنێ و ئەگەر لەگەڵ ئەوەش دا ئەو وڵاتە درێژە بە پێشلکارییەکانی لەو پێوەندییەدا بدا ولە دابین کردنی مافی مرۆڤ دا هیچ هەنگاوێکی هەڵ نەگرتبێ لە شێوەی دووهەم کەڵك وەردەگرن.

لە شێوەی پێڕاگەیشتنی قەزایی دا، دەوڵەتێك کە بە هۆی پێشلکردن و بایەخ نەدان بە مافی مرۆڤ تاوانبار کراوە، لێپرسینەوەی لێ دەکرێ و کومیسیۆنی ئورووپایی مافی مرۆڤ یا دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ، بە گوێرەی ماددەی ٢٥ی کۆنوانسیۆن دەتوانن ئەو دەوڵەتە موحاکەمە بکەن و ئەندامانی پەیڕەوی ئەو دەوڵەتانەش لە پێوەندی لەگەڵ مافە پێشلکراوەکانیان مافی ئەوەیان هەیە کە شاکی بن و داوای مافی خۆیان بکەن.

سەرەڕای ئەوە کە ئێران یەکێك لە ئیمزاکەرەکانی پەیمانە نێونەتەوەیییەکانی مافە مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانە، بەڵام بەو حاڵەش هیچ کاتێك بەو شێوەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵسوکەوت نەکراوە. مافی مرۆڤ و ئازادییە ئینسانییەکان بوونەتە فیدای ڕێککەوتنە سیاسییەکانی ڕێژیم لەگەڵ هێندێ لە وڵاتانی جیهان کۆماری ئیسلامی بێ ئەوەی کە هەست بە فشارێکی ئەوتۆ بکا، بێباکانەو بە ئاسانی ئەو بڕیارنامانەی بە هێند نەگرتوە.

پەسند بوونی بڕیارنامەی ئەو دوایانەی کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مەحکوومییەتی کۆماری ئیسلامی،هەر چەند شتێکی تازە نیەو هەروەك پێشوو لەسەر بەرتەسککردنەوەی ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی هاوڵاتیان پێ دادەگرێ و تەئکید لە نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و هەڵاواردنی ژنان دەکاتەوەو هەروەها بۆ یەکەمین جار داوا لە وڵاتێك دەکرێ دادستانێکی سەربەخۆ لە دادگوستەرییەکەیدا دابنێ. بەڵام بە بۆچوونی لێکۆڵەران ئەوجارەیان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بە بارودۆخی ڕێژیم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، هەروا بە ئاسانی ناتوانن چاوپۆشی لەو بڕیارنامەیە بکەن، بە تایبەت کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، لە هەوڵی پەرەپێدانی پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا دا بووەو ئێستاش ئەو یەکیەتییە یەکێك لەو لایەنە سەرەکییانەیە کە ئەو ڕێژیمەی لە پێوەندی لەگەڵ پێشلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کردوە وتەواوی وڵاتانی گرینگی ئورووپا بۆ وێنە ئینگلیس، فەرانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، هولەند دەنگی "ئەرێ" یان بەو بڕیارنامەیە داوە.

هەرچەند بڕیارنامەی ئەو دوایانەش بە زۆرینەیەکی ڕێژەیی(ئەکسەریەتی نیسبی)پەسەند کراوەو ٥٤ وڵات بە هۆی تەون و بەست لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەنگی موخالیفیان پێ داوە، پێویستە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان و وڵاتانی لایەنگری مافی مرۆڤ زیاتر لەوە لە بەرابەر پێشلکرانی ماقی مرۆف لە ئێراندا بێدەنگ نەبن و بە شێوەی قەزایی لەگەڵ پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ئەم ڕێژیمە هەڵپێچن.

❊محەممەد عەلی دادخواە لە وتووێژ لەگەڵ ڕادیو فەردا

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# بوومەلەرزەی "بەم"و ریاکاریەکانی رێژیم



سەعات ٥و ٢٨ دەقیقەی بەرەبەیانیی رۆژی هەینی، ٥ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، بوومەلەرزەیەك بە توندیی ٦/٣ دەرەجەی ریشتێر شاری "بەم"، هەڵکەوتوو لە ئوستانی‌کرمانی لەرزاندو لە ئاکام‌دا زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس بوونە قوربانیی ئەم رووداوە سروشتی‌یەو زیاتر لە ٤٠ هەزار کەسیش برینداروو زۆربەی خانووەکانی ئەو شارەش تێك رمان‌و دەکرێ بڵێین هەموو خەڵکی شارەکەش ماڵ وێران‌و بێ ئەنوا مانەوە.

زیانی زۆری گیانی‌و خەسارەتی بەرچاوی ماڵی کە لەو رووداوە سروشتی‌یە کەوتۆتەوە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بیناسازیی سوننەتیی ئەو شارەو خۆڕانەگرییان لەبەرامبەر رووداوی لەو بابەتەدا. ئەگینا پێشتر لە زۆر شوێنی دیکەی جیهان بوومەلەرزەی بەهێزتر لە بوومەلەرزەکەی "بەم"یش روویان دا، بەڵام زیان‌و خەسارەتی وا گەورەو موسیبەتی وا دڵتەزێنیان لێ نەکەوتەوە.

بەڕوودانی رووداوی دڵتەزێنی "بەم" خەڵکی ئێران بەگشتی داغدار بوون‌و هەر لە ساتەکانی سەرەتای رووداوەکەوە، کەوتنە بیری فریاکەوتن‌و یارمەتیدان بە لێقەوماوان‌و بەحەق‌و بەڕاستیش لەو بارەیەوە ئەوپەڕی دڵسۆزی‌و غەمخۆرییان لە خۆیان نیشان داو بە کردەوە چی بۆ رزگارکردنی بریندارەکان‌و دۆزینەوەی تەرمی گیان لە دەست داوەکان پێویست بوو، ئەنجامیان داو لە دانی یارمەتیی نەقدی، کەلوپەل‌و پێداویستی‌یەکانی ژیان‌و بەخشینی خوێن‌و. . . دریغیان نەکرد.

خەڵکی دەرەوەی ئێران‌و زۆربەی خەڵکی جیهانیش جیا لە دەربڕینی هاودەردی‌و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی ئێران، کاروانی شتومەك‌و یارمەتیدەرو. . .یان وەڕێ‌خست‌و ئەوەی پێویست بوو بە ئەنجامیان گەیاند.

لەو بەینەدا رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەر لە سەرەتای رووداوەکەدا بەرپرسان‌و دامودەزگاکانی تووشی سەرلێشێواوی‌و خۆ لێ‌ون بوون هاتبوون، کەوتە هات‌و هاوارو ئەو جارەش ریاکاری‌و بەخۆهەڵڵاکوتن‌و تەبلیغ بۆ بەتەنگەوەبوونی مەسەلەکەی کردە پڕوپاگەندەیەکی وا خەست‌وخۆڵ کە ئەگەر کەسێك ئەو رێژیمە نەناسێ‌و لە نێوەڕۆکی دواکەوتووانەی ئاگادار نەبێ‌و بەشێکی کەمی ئەو پڕوپاگەندانەی باوەڕ پێ بکا، وا دەزانێ بەڕاستی رێژیمێکی دڵسۆز بۆ خەڵك‌و غەمخۆر بۆ لێقەوماوانی "بەم"ە.

هەرچەند دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی رێژیم بە تێکڕا کەم‌و زۆر لەو رووداوەو ریاکاری‌یەکانی کاربەدەستانی رێژیم دەدوان، بەڵام شەبەکەی "خبر" سەر بە دەنگ‌و رەنگی کۆماری ئیسلامی، بەشێوەیەکی بەردەوام‌و تەواوکات بۆ راگەیاندنی هەواڵەکانی پێوەندیدار بەو رووداوەوە تەرخان کرابوو. کاری ئەو شەبەکە خەبەری‌یە لە دەوری دوو مەسەلەی ئەسڵی دەسووڕایەوە. یەکەم، لێکدا لێکدا لەگەڵ بەرپرسە وردو درشتەکانی کۆماری ئیسلامی وتووێژی دەکردو هەرکام لە وتووێژکەرانیش کە سەربە دەزگا جۆراوجۆرەکانی رێژیم بوون، ریاکارانە بەجۆرێك لە ئامادەیی‌و دەستبەکاربوون‌و فریاکەوتنی دامودەزگاکان دەدوان کە بەرواڵەت کەمیی‌و نوقسانێکیان پێوە دیار نەبوو، بێ‌ئەوەی دیمەنێك لەو کردەوانەو لەو ئیددیعایانە بە خەڵك نیشان بدرێ. هەر لەو وتووێژانەش‌ڕا دەردەکەوت کە چەندە ناوەندی بڕیاردەری جۆراوجۆر بەبێ هاودەنگی‌و رێکخستن لەو بارەوە، سەربەخۆ کەوتوونە کارو چ سەر لێ‌شێواوی‌یەکی لەکاری فریاکەوتن‌دا لێ کەوتۆتەوە. ئەو ئاڵۆزی‌و سەرلێ‌شێواوی‌یە بە رادەیەك بوو کە تەنانەت بۆ بەشێك لە کاربەدەستانی رێژیمیش جێگای حاشالێکردن‌و شاردنەوە نەبوو. وەزعی واقیعیی لێقەوماوان‌و پێچەوانەبوونی ئیددیعای کاربەدەستانی رێژیم ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوت کە بە دەگمەن وتووێژ لەگەڵ یەکێك لە سەدەمە دیتووەکان بڵاو دەکرایەوەو کاتێ وتووێژیان لەگەڵ دەکرا، شێوەی پێڕاگەیشتن‌و فریاکەوتنی دەزگاکانی رێژیمیان بەتوندی دەدایە بەر رەخنە.

دووهەم، ئەو شەبەکە تەلەویزیۆنی‌یە بێ‌پسانەوە، ژمارەحیسابی بانکیی چەند دامودەزگایەکی رێژیمی بەدوای یەك‌دا بڵاو دەکردەوەو داوای لە خەڵك دەکرد کە یارمەتی‌یە نەقدی‌یەکانی خۆیان لەو ژمارە حیسابانە بکەن. ئەو هەموو ژمارە حیسابە کە هەرکام هی یەکێك لە دامودەزگاکانی رێژیم بوون، نیشاندەری ئەو کێبەرکێ‌یە بوو کە هەرکام لە دەزگاکانی رێژیم بۆ کۆکردنەوەی پووڵ گرتبوویانە بەرو دەری‌دەخست کە ئەو یارمەتی‌یە کۆکراوانە زیاتر لەوەی بۆ لێقەوماوان بێ، بۆ ئەم دامودەزگایانەیە کە هەلیان بۆ کۆکردنەوەی پووڵ‌و دزی‌و پاشقولدانی بە لەبار دەزانی‌و خەڵکیش بە تاقیکاری لە رووداوەکانی پێشوو، باش لەو مەسەلەیە ئاگادار بوون.

تاقیکاریی رووداوەکانی لەو بابەتەو هەڵسووکەوتی کاربەدەستانی رێژیم لەگەڵ لێقەوماواندا، ئەوەمان نیشان دەدا کە ئیددیعاکانی رێبەران‌و کاربەدەستانی رێژیم لە قسەو ریاکاری تێ‌ناپەڕن‌و بە کردەوە کاری شیاوو وەزعی گونجاو بۆ ئاوارەکان‌و سەدەمەدیتووەکانی لێ ناکەوێتەوە.

سەرنجێك لە رادەی ئەو یارمەتییانەی کە خەڵکی ئێران‌و وڵاتانی بێگانە بۆ یارمەتیدان بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی "بەم" کردوویانە، ئەو هومێدە دەدا کە ئەگەر بە دڵسۆزی‌و خەمخۆری‌یەکی تەواوەوە تەنیا بۆ ئاوەدانکردنەوەی "بەم"و گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ رزگاربوانی ئەو رووداوە سروشتی‌یە کەڵکیان لێ‌وەرگیرێ، دەتوانێ وەڵامدەر بێ‌و تاڕادەیەك سوکنایی بخاتە دڵ‌و دەروونی لێقەوماوان‌و تەنانەت خەڵکی ئێرانیشەوە. بەڵام داهاتوو دەری‌دەخا کە چەند یەکی ئەو یارمەتی‌یە بۆ لێقەوماوان سەرف دەکرێ‌و چەندیشی لەلایەن رێژیمەوە پاشقول دەدرێ‌و چەندیشی بە رێگای دزی‌و تاڵانەوە دەچێتە گیرفانی کاربەدەستە وردو درشتەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە.

خۆزگە ناوەندێکی خێرخوازیی جیهانی بەسەر ئەو کۆکرانەوەی پووڵ‌و شتومەك‌و کەلووپەلانەو گەیاندن، یان سەرف کردنیان بۆ لێقەوماوان‌و ئاوەدانکردنەوەی شاری "بەم"دا چاوەدێریی کردباو تا رادەیەك دەستی کۆماری ئیسلامی لە پاشقولدانی ئەم یارمەتی‌یە ئینسانییانە کورت کردباوەو خەڵکی ئێرانی تا ڕادەیەك دڵنیا کردبا کە یارمەتی‌یەکانیان بە فیڕۆ نەچوون‌و بە شوێنی ئەسڵیی خۆیان گەیشتوون‌و بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری "بەم"و گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ئەو بەشە لە خەڵکی بەڵالێدراوی "بەم" کەڵکی لێ‌وەردەگیرێ کە بە سلامەت، بەڵام بە داغداری‌و ماڵوێرانی یان بە برینداری لە موسیبەتەکە رزگاریان بووە.

داهاتوو دەری‌دەخا کە ئیددیعاکانی رێژیم‌و ریاکاری‌یەکانی لە پێوەندی لەگەڵ شاری "بەم"و لێقەوماوانی‌دا بە کردەوە چەندی دێتە دی‌و وەزعی شاری "بەم"و خەڵکە داغدارەکەی چ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ شوێنە بوومەلەرزە لێدراوەکەی پێشووو خەڵکە ئاوارەو بێ‌دەرەتانەکانیان دەبێ.

***

# هەڵوێستی قەزافی هۆکارو ئاکامەکانی

رامبۆد لوتفپووری

**لەم دوایانەدا موعەممەر قەزافی سەرۆکی لیبی، رایگەیاند وڵاتەکەی ئامادەی ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی پەرەپێنەدانی چەکی ناوکی‌و دەستهەڵگرتن لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژە.**

**ئەم هەڵوێست‌و دەستپێشخەری‌یە کە لیبی لەم بوارەدا کردویەتی لە دوو لاوە جێگای سەرنج‌و تێ‌ڕامانە:**

## یەکەم: هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی لیبی

### هۆکارە ناوەکی‌یەکان:

دوو هۆکاری نێوخۆیی دەتوانن لەسەر ئەم هەڵوێستە شوێن دانەر بووبن. یەکەم: پێکهێنانی گۆڕانکاریی لە بارودۆخی ئابووریی وڵات‌و گەشەپێدانی، چونکە ئەوا ماوەیەکی زۆرە لیبی بە تۆمەتی لایەنگری لە تیرۆریزم، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ‌و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ، لەلایەن زلهێزەکانی جیهان‌و بە تایبەت ئامریکاوە گەمارۆی ئابووریی خراوەتە سەرو فشارێکی زۆریان بۆ هێناوە، پاش ئەو پاشەکشەیە لە سیاسەت‌و هەڵوێستی لیبی‌دا، ئەمە هەنگاوێکی کاریگەری دیکەیە کە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی خراپی ئابووریی وڵاتەکەو بە قەناعەت گەیاندنی ئامریکاو وڵاتانی گەورەی جیهان، بۆ لابردنی ئەو گەمارۆ ئابووری‌یەی کە لە سەریەتی، هەڵی گرتوە. هۆکاری دووهەمی ئەم هەڵوێستەی قەزافی، هەوڵدانە بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات‌و خۆشکردنی رێگا بۆ ئەوەی کە بتوانێ کوڕەکەی سەیفولئیسلام بکا بە جێگری خۆی، چونکە لەوانەیە بەم کارە هەم بۆچوونی وڵاتانی گەورەی جیهان بە تایبەت ئەمریکاو بریتانیا کە لە ئەندێشەی لابردنی رێژیمی لیبی دا بوون، بگۆڕدرێ‌و هەم لە بیروڕای گشتیی لیبیش‌دا رەوایی‌یەکی سەرلەنوێ بەدەست بێنێتەوە.

### هۆکارە لاوەکی‌یەکان:

سەبارەت بە هۆکارە لاوەکی‌یەکانیش، لێرەدا ئاماژە بە دوو هۆکار دەکەین: یەکەمیان” ترس لە سووربوونی ئامریکاو بریتانیایە لە بەئاکام گەیاندنی پرۆسەی ئەو گۆڕانکاری‌یەی کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و جیهاندا دەستیان پێ‌کردوە. هێرشی نیزامیی ئامریکاو بریتانیا بۆ ئەفغانستان‌و عێراق‌و هەروەها ئەو تەوژمە تەبلیغاتی‌یەی کە خستوویانەتە سەر ئێران، سووریەو کۆریای باکووری، یەکێك لەو فاکتەرانەیە کە سەرۆکێکی وەك قەزافی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە پێش ئەوەی وەبەر ئەم شاڵاوە بکەوێ، خۆی بە پیری ئەم گۆڕانکارییانەوە بچێ‌و هێندێك چاکسازی لەدەسەڵاتەکەی‌دا پێك بێنێ، ئەگەرچی حکوومەتی لیبییش وەك عێراق پێشتر وەبەر هێرشی ئەمریکا کەوتبوو، بەڵام قەزافی بۆی دەرکەوتوە کە هەلومەرجی ئەوکات لەگەڵ ئێستادا، جیاوازی‌یەکی زۆری هەیە. ئێستا پرۆسەی جیهانیبوونەوەو دابەزاندنی دیموکراسی‌و لیبرالیزم لە ئاستی جیهانی‌دا گەیشتۆتە قۆناغێکی پراکتیك‌و چارەنووسساز، شەپۆلی دیموکراتیزاسیۆن‌و هەرەسی دیکتاتۆرەکانی جیهان‌و بە تایبەت ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوە. پەیتا پەیتا دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان یا ناچار دەکرێن مل بۆ ویستی خەڵك‌و یاسا جیهانی‌یەکان رابکێشن یا لەگەڵ گرفتی گەورە بەرەوروو بن. کەوابوو قەزافییش دەیزانی ئەگەر بۆخۆی نەجوولێتەوەو بەپیری ئەو ئاڵوگۆڕانەوە نەچێ، ئەم شەپۆلە درەنگ یا زوو بەربینگی ئەویش دەگرێ.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارە لاوەکییانە کە تا رادەیەکی زۆریش پێوەندی بە هۆکاری پێشووەوە هەیە، گیرانی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر بوو. گیرانی سەددام بەو چەشنەو ئەو هەلومەرجەی کە بۆ خۆحەشاردان تێی کەوتبوو، هەروەها شێوازی خۆبەدەستەوەدانەکەی، لە بابەتی سایکولۆژی‌یەوە کاریگەری‌یەکی زۆری کردە سەر هەموو دیکتاتۆرەکان‌و بە جۆرێ تووشی رووخانی دەروونی کردن، سەددامێ کە ئەو هەموو هێزە نیزامی‌و چەکوچۆڵەی شەڕو. . . لەبەردەستدا بوو، لە حەشارگەکەی‌دا بەبێ هیچ فریادرەسێ، هیچ چەشنە بەرخۆدانێکی پێ‌نەکراو بەم جۆرە باڵ بەست کرا. بۆیە پاشەکشەی قەزافی لە هەڵوێستە پێشووەکانی‌و نزیکبوونەوە لە ویستی جیهانی، بەشێکی بۆ ئەو داروخانە دەروونی‌یەو باری سایکۆلۆژی‌یە دەگەڕێتەوە کە لە ئاکامی رووخان‌و گیرانی سەددام‌و بەگشتی سەرکەوتن وەدەستهێنانی ئامریکاو بریتانیا لە بەڕێوەبردنی پرۆژەو بەرنامەکەیاندا.

## دووهەم، ئاکامەکانی ئەم هەڵوێستە:

هێمای سەرکەوتوو بوونی سیاسەتی بەکارهێنانی زۆر لەلایەن ئەمریکاو بریتانیاوەیە. ئەم هەڵوێستەی قەزافی دەتوانرێ وەك هێمایەك لە سەرکەوتوو بوونی سیاسەتی بەکارهێنانی زۆر لە لایەن ئامریکاو بریتانیاو کاریگەریی ئەو سیاسەتە لەسەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە لەبەرچاو بگیردرێ.

کارکردنی زۆربەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان هەتا ئێستا ئەوەی سەلماندوە کە ئەم دەسەڵاتانە مادام نەکەونە ژێر تەوژمێکی بەربڵاوو هێرشێکی جیددی لە هەڵوێستەکانیان پاشەکشە ناکەن‌و هەر چەشنە چاکسازی‌و گۆڕانکاری‌یەکی راستەقینە بەرپەرچ دەدەنەوە. رەنگە هێندێك شێواز وەك بەکارهێنانی گەمارۆی ئابووری یا دیالۆگی رەخنەگرانە بتوانن کاریگەری‌یەکی لاواز، کاتی‌و کەمرەنگیان لەسەر ئەم دەسەڵاتانە، هەبێ، بەڵام هیچ کات نەیانتوانیوە هێڵە گشتی‌یەکانی سیاسەتەکانیان پێ‌بگۆڕن. چونکە ئەو وڵاتانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خەڵك‌و بەرژەوەندی‌یەکانیان ئەگەر لە بازاڕی رەشیش هەبووبێ، پێداویستی‌یەکانیان دەستەبەر دەکەن‌و مەبەستەکانیان بە ئاکام دەگەیەنن، بەڵام هەرجار کە هەستیان کردبێ کێشەیەکی جیددی لەئارادایە، ناچار بوون پیاڵەی ژەهر بنۆشن‌و مل بۆ ویستی جیهانی‌و خەڵکەکەیان راکێشن. بۆیە بەرخوردی جیددیی جیهانی سەبارەت بەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرانە ئاکامێکی سەرکەوتوانەی هەبووو نموونەکانیشی هەڵوێستەکانی ئەم دوایانەی لیبی‌و ئێرانە سەبارەت بە ئیمزا کردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی بەرهەمنەهێنانی چەکە کۆکوژەکان.

دیارە سەرکەوتوو بوونی ئەو سیاسەتە، ئەمریکاو هاوپەیمانانی دڵنیا دەکا کە گاریگەرێتی ئەو شێوازەی گرتوویانەتە بەرو بە شێوەیەکی ئاسایی سوورتریان دەکا لە سەر درێژەدان بە بەکارهێنانی سەبارەت بە وڵاتە دیکتاتۆرەکانی دیکەی ناوچەکە.

### گوشار لەسەر ئێران، سووریەو کورەی باکوور

ئێران‌و سووریەو کورەی باکووری سێ وڵاتی سەرەکی، کە سەبارەت بە پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ لە ژێر پرسیاردان، لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی‌و بە تایبەت ئەمریکا، کێشەیان هەیە، ئەم دەوڵەتانە هەر چەند ماوەیەکە خەریکن مل بۆ بەشێك لە خواست‌و ویستەکانی ئەمریکا رابکێشن، بەڵام، هێشتا جۆری سەرەڕۆیی‌و پشتگوێ خستنی ئەو چاوەڕوانییانەیان پێوە دیارە، بۆ وێنە ئێران ئەگەرچی پرۆتۆکولی هاوپێچی بەرهەمنەهێنانی چەکی کۆکوژی مۆر کردوە، بەڵام، دڵخۆشە بەو بەڵێنانەی ئوروپا کە لە کاتی گەڕان‌و پشکنین‌دا پشتیوانی لێ بکاو بتوانێ درێژە بە پرۆژەکەی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی لە شێوازێکی دیکەدا بدا. بەگشتی ئەم وڵاتانە تا ئێستا مەبەستیان لەمۆرکردن‌و قبووڵ کردنی هێندێك داخوازی نێونەتەوەیی تەنیا بۆ خلافاندن‌و کات کوشتن بووە. بەڵام ئێستاو پاش ئەو بڕیارەی لیبی، ئەم وڵاتانە بە شێوەیەکی جیددی‌تر کەوتوونەتە ژێر چاوەدێری‌و چاوەڕوانیی گۆڕانکاریی خێراتریان لێ‌دەکرێ‌و ئەوەندەی دیکە رێگای خاپاندن‌و فریودانی کۆمەڵگای جیهانییان لێ بەرتەسك بۆتەوە.

ئەوا لیبی بۆتە نموونەیەك بۆ ئەم جۆرە وڵاتانە، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵك‌و وڵاتەکەی یا تەنانەت لەبەر پاراستنی دەسەڵاتەکەشی بێ، پێش ئەوەی بە کردەوەو بە شێوەیەکی جیددی بکەوێتە بەر تەوژمی کۆمەڵگای جیهانی‌و ئامریکا بە تایبەتی، خۆی بە پیری ئەو گۆڕانکارییانەوە چووەو ملی بۆ ویستی نێونەتەوەیی راکێشاوە.

ئەگەرچی ئێران لەم هەڵوێستەی قەزافی پێشوازی کردوە، بەڵام، ئاشکرایە کە ئاکامی ئەم هەڵوێستە بۆ رێژیمێکی سەرەڕۆی وەك کۆماری ئیسلامی کە بە دوای هاوڕێیەك لە سەرەڕۆیی‌دا دەگەڕێ ناتوانێ باش‌و بەپێی خواستی دەروونی بێ. لە راستی‌دا ئەم بڕیارە بۆ ئەم وڵاتانە پەیامهێنەری تووش بوونی بن بەستە لە رێگای گەیشتن بە چەکی ناوکی‌و کۆکوژدا.

بەرزبوونەوەی هەستی مەزنیخوازیی ئەمریکاو هەوڵی تێکشکاندنی یەکگرتنەکانی دژ بەخۆی پاش رووخانی تاڵەبان لە ئەفغانستان‌و بەعس لە عێراقدا بە دەستی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی‌و هەروەها گیرانی سەددام بەو چەشنە، تا رادەیەك توندڕەویی ئیسلامی کە بەرەیەکی شەڕی دژ بە ئامریکاو ئیسرائیل کردبۆوە، تووشی لاوازی کردو لە ئاکام‌دا ئەم بزاڤە، چەند پێگەو ناوەندی سەرەکیی خۆی لەدەست دا، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە دۆزی رووبەروو بوونەوەی شارستانی‌یەتەکان لە ئارادایە، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ لایەنی دیکەی شەڕ واتە رۆژئاواو بە تایبەت ئامریکاو ئیسرائیل بوو کە گەورەترین کێشەیان لەگەڵ بزاڤی توندڕەویی ئیسلامی‌دا هەیە. ئەگەرچی بە پێی ئەم دۆزە رووبەروو بوونەوەکە زۆرتر لە ئاستی چاندو کۆمەڵگادایە، بەڵام ئاکامی ئەم شەڕەش کە چەسپاندنی هێندێك چەمکی رۆژئاوایی وەك“ دیموکراسی، مافی مرۆڤ، لیبرالیزم،



بۆ لاپەڕەی ٩

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی ٢٦ی سەرماوەز لە دەرەوەی وڵات

### سوئێد:

ڕۆژی شەممە ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە یەکێك لە ساڵۆنە گەورەکانی شاری "کارلستاد"ی سوئێد، ڕێوڕەسمێك لەلایەن کۆمیتەی حیزب لەو شارە بەڕێوەچوو. سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"، لەلایەن گرووپی سروودی منداڵانی یەکیەتیی کوردانەوەو ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامەکانی حیزبو، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو یەکیەتیی کوردان خوێندرانەوە.

هەروەها لەو پێوەندیەدا، هونەرمەندان کاك قادر ئەلیاسیو کاك عوسمان قادرزادەو گرووپی سروودی منداڵانی یەکیەتیی کوردان، توانییان بە پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بڕازێننەوە.

### نۆرویژ:

ڕۆژی شەممە٢٩ی سەرماوەزی ١٣٨٢ هەتاوی، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێورەسمێك بە بەشداریی کاك چەکۆ ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەیی ناوەندیی حیزبو سەرجەم ئەندامانو ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان و لایەنگرانی حیزبو لایەنە سیاسیەکانی دیکە، لە یەکێك لە هۆڵەکانی شاری"سارسبۆرگ"ی وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە چوو.

سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان کاك چەکۆ ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەبارەت بە دۆخی ئێستای ناوچەو کوردستان وتەیەکی پێشکێشی بەشداربووان کرد. لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا، کاك قادر عەزیزبەیگی، پەیامی کۆمیتەی حیزب لە"ئەستنولد"ی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. هەروەها چەند پەیامیش بەو بۆنەوە لەلایەن کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوانو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی کولتووری کوردی، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکە گەیشت. شایانی باسە کە ڕێورەسمەکە بە پێشکەشکردنی چەند گۆرانی لەلایەن کۆڕی هونەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتو هەروەها چەند جۆر هەڵپەرکێی کوردی ڕازا بۆوە.

### فینلاند:

ڕۆژی شەممە ٦ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزب لەشاری "تورکو"ی وڵاتی فینلاند بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی پێك هێنا. ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان لەلایەن هاوڕێ وەستا ڕەحمان، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە "تورکۆ" بەو بۆنەوە پەیامێك خوێندرایەوە. هەروەها لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین پەیامی دیکە کە لەلایەن حیزبو ڕێکخراوەکانەوە نێردرابوو، خوێندرایەوە.

پەیامەکان بریتی بوون لە:

- پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق
- پەیامی کۆمەڵەی کوردی شاری تورکۆ
- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامیکۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- پەیامی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

شایانی باسە کە نێوئاخی ڕێوڕەسمەکە بە سروودی شۆڕشگێڕیو گۆرانیو هەڵپەڕکیی جۆراوجۆری کوردیو چەندین بابەتی ئەدەبیو. . . ڕازابۆوە. ئەو ڕێوڕەسمە لە سەعات ٦ی ئێوارەوە تا درەنگانی ئەو شەوە درێژەی کێشا.

***

### ئوستراليا:

## دیداری هەیئەتی حیزب لەگەڵ ئەندامێکی پارلمانی ئوسترالیای باشووردا

ڕۆژی١٨/١٢/ ٢٠٠٣، هاوڕێیان زاهید کەریمی و محەممەد هاشمی لە ئەندامانی کومیتەی حیزب لە شاری ئادیلاید، چاویان بە بەڕێز IAN GIL FILLAN ئەندامی پارلمانی ئوسترالیای باشوور و جێگری ڕێبەری دێموکراتەکانی ئوستراليا کەوت. دیدارەکە لە شوێنی پارلمانی ئوسترالیای باشوور بەڕێوە چوو. هەیئەتی حیزب باسی پێوەندیەکانی حیزبی دێموکرات و دێموکراتەکانی ئوستراليا و بارودۆخ وخەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو سیاسەتی سەرکوت و تیرۆری ڕێژیمی ئێرانی کرد.

بەڕێز گیلفیلان بەڵێنی دا ئەو مەسەلانە لە نێو پارلمانو حیزبەکەی خۆیان دا بێنێتە بەرباسو لەسەر پتەوکردنی پێوەندیی دوولایەنە پێی داگرتەوە.

❊❊

### نیوزلاند:

## چاوپێکەوتنی هەیئەتی کۆمەڵەی کوردو کۆمیتەی حیزب لەگەڵ خاتوو "ڕەیچل دایمەس"دا

ڕۆژی شەممە ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٨٢ی هەتاوی، کۆمەڵەی کورد لە نیوزلەند بە مەبەستی باس لە سەر کێشەی پەنابەرانی کوردی کوردستانی ئێران لە شاری وانی تورکیە، دیدارێکی لە گەڵ خاتوو"ڕەیچل دایمەس" کارگێڕی ئیدارەی کۆچبەری لە نیوزلەند لە شاری ئۆکلاند دا پێك هێنا. کۆبوونەوەکە کە لەسەر داوای حیزب ڕێکخرا بوو، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە نیوزلەندیش تێیدا بەشدار بووکە بە وردی ڕەوشی پەنابەرانی کوردی لە شاری وان بۆ خانمی ڕەیچل شی کردەوە و بە تایبەتیش ئاماژەی بە ڕەوشی خراپی ئەو دەستەیە لە پەناخوازان کرد کە لە کوردستانی عێراقەوە بە ناچاری چوونەتە تورکیە کە زۆربەیان مرۆڤی خاوەن ڕابردووی سیاسین و ساڵانێکیان لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی کوماری ئیسلامیدا بە سەر بردوەو هەر بۆیەش بەردەوام مەترسیی تەحویلدانەوەیان بە ڕێژیمی ئێران لە سەرە، دیارە تەحویلدانەوە و ئێعدام کردنی دوو کەس لە تێکۆشەرانی پێشووی حیزب، وەك نموونە خرایە بەر دیدی کاربەدەستانی ئیدارەی کۆچبەریی نیوزلەند.

پاشان بەڕێز دایمەس لە قسەکانی دا ئاماژەی بەوەدا کە ئاگایان لە ڕەوشی نالەباری پەناخوازانی شاری وان هەیە، بەڵام، ئەوە پێوەندی بە ڕێکخراوی (UNHCR) وە هەیە کە تا ئێستا هیچ لیستێکی لە ناوی ئەو پەناخوازانە بە ئیدارەی کۆچبەریی نیوزلەند نەداوە، دیارە ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەر کاتێك ناوی ئەوانە بدرێتە ئیدارەی ئێمە، بێگومان ڕەت ناکرێتەوە. شایانی باسە کە دیدارەکە ماوەی ٤٠ دەقیقەی خایاندو لەو پێوەندیەدا کۆمەڵێك مەسەلەی دیکەش هاتنە بەرباس.

## دیداری هەیئەتی کۆمیتەی حیزب لەگەڵ ئاغای"مارتین گلەگەر"

ڕۆژی سێشەممە ٢ی بەفرانباری ١٣٨٢ هەتاوی، لە ئۆفیسی حیزبی کاری نیوزلاند (lobour party new zealand) لە شاری ویلنگتن(wellington) پێشوازی لە هەیئەتێکی کۆمیتەی نیوزلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرا.

لە دیداری هەیئەتی حیزب لەگەڵ ئاغای مارتین گلەگەر (martin gallagher) ئەندامانی پارلمان و سەر بە حیزبی کاری نیوزلاندا، سەرەتا لەلایەن هەیئەتی حیزبەوە لە سەر مێژووی کوردو کوردستان و ڕەوشی سیاسیی ئەمڕوی کوردستان، بە تێرو تەسەلی قسە کرا. هەروەها ڕابردووی دوورودرێژی خەباتی نەپساوەی گەلی کورد لە کوردستانیی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان بە درێژی کەوتە بەر باس و سیاسەتی دژی مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر گەلی ستەملێکراوی کورد بە وردی شی کرایەوە. پاشان ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی ناوچەو سیاسەتی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر وڵاتانی یاخیو سەرەڕۆی ڕۆهەڵاتی نێوەڕاست وکاریگەرییان لە سەر داهاتووی خەباتی گەلی کورد و دوارۆژی کوردستان تاوتوێ کرا. لە کرتایی دا بەڕێز"گلەگەر "هیوای خواست ئەو دیدارە ببێتە بەردی بناغەی دامەزراندنی پەیوەندیی زیاترو هاوکاری لە نێوان گەلی کورد و وڵاتی نیوزلاند دا.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا بەڵێنی دا کە بە گوێرەی توانا و دەرفەت هاوکاریی کۆمیتەی حیزب لە نیوزلاند بکاو لە پتەو کردنی ئەو پێوەندیدا دریغی نەکا.

❊❊

### ئاڵمان:

## سیمینارێکی ئینتێرنێتی بۆ هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی، لە پاڵتاکدا

ڕۆژی هەینی ٥ی بەفرانباری ١٣٨٢ی هەتاوی، سیمینارێکی ئینتێرنێتی لە پاڵتاك، لە ژووری مەنسوور ٨١دا لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی لە ئێراندا پێك هات. بەشدارانی سیمینارەکە بریتی بوون لە: عەبدولڕەزا کەریمی نوێنەری حدکا، دوکتور حسین باقرزادە، دوکتور داریووش هومایون، موحسین حەیدەریان، ئاغای فەتتاحپوور، د. عەبدولستار دۆشۆکی (دیارە هەریەك لەو کەسانە بە نوێنەرایەتیی حیزبو ڕێکخراوەکانی خۆیان لەو سیمینارەدا بەشدار بوون.) لەبەشی یەکەمی باسەکاندا هەر هەموویان لەسەر تەحریمکردنی هەڵبژاردن هاودەنگ بوونو بە وردی هۆیەکانی تەحریمکردنی ئەو هەڵبژاردنەشیان شی کردەوە.

لەبەشی دووهەمدا هەریەك لە بەشداران لە ڕوانگەی حیزبەکانی خۆیانەوە لەسەر چۆنیەتی هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆن لەو پێوەندیەدا بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕی. هەروەها لە بەشی سێهەمدا، بەشداران ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە کە ئایا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەو پێوەندیەدا دەتوانن ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش دەرکەن؟ کرانەوە.

هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی، نوێنەری حیزب، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتی: "دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك بەو بۆنەوە لە ڕابردوودا لەلایەن هەموو ئەو هێزانەی کە هەڵبژاردنەکانیان تەحریم کردوە، بڵاو کراوەتەوە، بەڵام دەرکردنی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش لەو پێوەندیەدا شیاوی لێوردبوونەوەیەو کارێکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی لێك نزیکبوونەوەی زیاتری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو بوارێکی لەبارتر پێك بێنێ بۆ لێك نزیکبوونەوەی بیروبۆچوونەکانمان لە داهاتووی ئێراندا.

دوای تەواوبوونی ئەو بەشە، بەشدارانی دیکەی ژوورەکە کە زیاتر لە ٢٠٠ کەس بوون، پرسیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ کە لەلایەن نوێنەرانی ڕێکخراوەکانەوە، وەڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.

❊❊

### سوئید:

## سمینارێك بۆ هاوڕی سەعید بەیگ زادە لە پاڵتاکدا

ڕۆژی سێشەممە ١١ی سەرماوەز، هاوڕێ سەعید بەیگ زادە ئەندامی موشاوری کومیتەی ناوەندیی حیزب و یەکێك لە بەرپرسانی کومیتەی تەشکیلاتیی حیزب لە ئوروپا لە سمینارێك لە پاڵتاکی گشتیی یەکیەتیی کردەوە دا بەشداری کرد.

لە پیوەندی لە گەڵ یەکیەتییو هاوپەیمانەتیە سیاسیەکان و هەڵوێستی حیزب لەو پیوەندیە دا قسەی کرد.

شایانی باسە کە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە کەسانی سەر بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێران لە دەرەوەو کۆمەڵێك کەسایەتی لە ناوخۆوە بەشداری ئەو سمینارەیان کرد. ئەو سمینارە زیاتر لە ٣ سەعاتی خایاند کە دوا بەشی تەرخان کرا بۆ وەڵام دانەوە بە پرسیاری بەشدارانی سمینارەکە.

❊❊❊

### سەردەشت:

## کۆچی دوایی ئەندامێکی لە مێژینەی حیزب

ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ی سەرماوەزی ١٣٨٢ ی هەتاوی، ئەندامێکی لە مێژینەی حیزب بە ناوی کاك حوسێن مووسا پوور ناسراو بە"مام حوسێن" خەڵکی گوندی کونەمشکی ناوچەی سەردەشت لە تەمەنی ٥٨ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

مام حوسێن ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی لە ئاوایی کونەمشکێ لە دایك بوو. ساڵی ١٣٤٥ پێوندی بە حیزبەوە گرت و هەر لەو ساڵەوەش مام حوسێن وەك کوردێکی نیشتمانپەروەر هەموو ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی حیزبی بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبردن.ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی بە ئاشکرا هاتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزب و وەك سەرپەلی پەلێك لە پێشمەرگەکانی پارێزەری بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب خزمەتی دەکرد. لە ساڵی ١٣٥٩ وە تا ساڵی ١٣٦٢ لە یەکیك لە بنکە سنووریەکان ئەرکی پێ ئەسپێردرا و لە ساڵی ٦٢دا نەقلی کومیتەی شارستانی سەردەشت کراو وەك سەرپەلی پێشمەرگەکانی کۆمیتە شارستان ئەرکی بۆ دیاری کرا. ساڵی ١٣٦٩ نەقلی ئاسایشگایحیزب کراو وەك جێگری بەرپرسی ئاسایشگا تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دا. لە ساڵی ١٣٧٢ بە هۆی نەخۆشی و بێ تاقەتی تا ساڵی ١٣٧٤ لە یەکێ لە شارەکانی کوردستانی عێراق نیشتەجێ بوو و پاشان گەڕایەوە شوێنی لە دایکبوونیو تا ئاخرین ساتەکانی تەمەنی هەروا بە حیزب و ئامانجەکانی نەتەوەکەی وەفادار مایەوە و لە هیچ چەشنە فیداکاریەك لەو پێوەندیەدا درێغی نەکرد.

دەستەی کارگێڕانی"کوردستان" بەو بۆنەوە سەرەخۆشی گەرمی خۆیان پێشکەشی بنەماڵەی بەڕێزی "مام حوسێن" و خەڵکی ئاوایی کونەمشکی و هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرکانی دەکەن.

رووحی شاد بێو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ.

# بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لەبەر ئاوێنەی گۆڕانکارییە مەزنەکاندا

عەولا بەهرامی

بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران لە شێوازە نوێیەکەیدا (شێوازی ڕێکخراوەیی) خەریکە لە کۆتایی شەشەمین دەیەی تەمەنی خۆی نزیک دەبێتەوە. شەش دەیە کە لەواندا گۆڕانکاریی گەورەو هەمەلایەنە بەسەر کۆمەڵگەی جیهانیو کوردستانیش وەك گۆرەپانی چالاکیی ئەم بزووتنەوەیەدا هاتوە، بەو حاڵەش ئەمڕۆکە دەبینین ئەم بزووتنەوەیە نەك هەر توانیویەتی درێژە بە تەمەنی خۆی بدا، بەڵکوو ئامانجو دروشمەکانیشی لەبەر تیشکی گۆڕانکارییەکانی سەردەم درەوشانەوەیەکی کەموێنەیان بە خۆیانەوە دیوە. ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانین لەلایەك پێناسەیەکی تەوی پێبکەینو لەلایەکی دیکەشەوە پێویستییەکانی گەشەسەندنی زیاتری بزووتنەوەکەی لە ئێستاو داهاتوودا پێ دەستنیشان بکەین.

دیارە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم ڕاستییەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، پێویستە یەکەم“ ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە لە چییەتیو پێویستییەکانی هاتنەئارای ئەم بزووتنەوەیە، دووهەم“ نێوەرۆكو ئاستی ئامانجو دروشمەکانی بزووتنەوەکەو ڕادەی گونجانیان لەگەڵ ڕاستییەکانی قۆناغە جیاجیاکانی ئەو ماوە درێژەی باسی لێوەکرا، سێهەم“ ئەو دەسکەوتە گرنگانەی ئێستا بوونەتە بنەماو سەرمایەیەك بۆ بەردەوامیی بزووتنەوە:

بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران، وەك زۆر لە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ژێردەستو بێبەشکراو لە مافە نەتەوایەتییەکانیان لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە ئەو پێویستییانەی لەلای ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە بۆ نوێکردنەوەو پێشخستنی کۆمەڵگای کوردەواری لە بوارە جیاجیاکانیدا بەدی دەکران، لە شێوەی بزووتنەوەیەکی بەرگریکار لە بەرانبەر دژمنو گۆڕانکاریخواز لە ئاستی نەتەوەییدا هاتە ئاراوە. بەم پێیەو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەنگاوانەی ئەو بزووتنەوەیە لە بوارە جیاجیاکانی وەك پاراستنی زمانو کلتوری کوردی، بەرەبەرەکانی کردن لەگەڵ سیستمە سواوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیو نەریتە کۆنەپەرستانەکانی کۆمەڵگاو. . . ناویەتی، ناکرێ تەنیا بە بزووتنەوەیەکی بەرگریکار پێناسە بکرێ. بەڵکوو ئەم بزووتنەوەیە لە خۆیدا بزووتنەوەیەکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو ڕووناکبیرییش بوەو دەسکەوتەکانی ئەم بوارەشی وێڕای چەسپاندنی ئەم پێناسەیە، بوونەتە پێشینەیەکی پڕشنگدارو درەوشاوە کە لەم قۆناغەشدا دەتوانێ بنەماکانی خۆی لەسەر دارێژێتەوە.

بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لە ئاستی دروشمو ئامانجو ستراتیژییەکانیشەوە خاوەنی تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیەتی. ئەم بزووتنەوەیە هەر لە سەرەتاوە بە کۆمەڵێك ئامانجو ستراتیژیی واقعبینانەو هەڵسەنگێندراوەوە بوونی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان ڕاگەیاند. ئەم ئامانجو ستراتیژیە دیاریکراوانە جگە لەوەی بەپێی ڕاستییەکانی سەردەمو پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانو هەلومەرجە ناوچەییو نێونەتەوەییەکان دارێژراونو پێرەوکراون، لە نێوەرۆكو لە ئاستی میکانیزمی بەڕێوەبردنو پراکتیزە کردنیشدا ژیرانەو نوێخوازانە بوون، لە دوورەدیمەنیاندا جگە لە کۆتایی هاتن بە ستەمی نەتەوایەتی، ڕێوشوێنو میکانیزمەکانی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای کوردەوارییش ڕەچاو کراوە. دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاکانی ئێرانو کوردستانی ئێران، چارەسەری گونجاو لەگەڵ هەلومەرج بۆ کێشەی نەتەوایەتی، جیایی ئایینو ئیدئۆلۆژی لە سیاسەت، پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنیو. . . بەشێك لەو ئامانجو ستراتیژیە گرنگانەن کە ئەم بزووتنەوەیە بۆ خۆی دیاریی کردوەو ئێستا لە هەر کاتێك زیاتر لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی جیهانی پێشکەوتوودا دێنەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە پێویستە بە کورتی ئاماژەیەك بکرێ بە دوو خاڵی زۆر بەرچاو: ١ـ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران توانیویەتی پێناسەیەکی زانستیو ئەخلاقیی لە چەمکەکانی دەوڵەت، سیاسەت، بەرژەوەندیی نەتەوەییو هەروەها حیزبو ڕێکخراوی سیاسی لە ریزەکانی خۆیدا چەسپاندووەو هەر بەپێی ئەم پێناسەیەش هاوئاهانگیی لە نێوان بەرژەوەندیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێرانو پارچەکانی دیکە پێكهێناوە.٢ـ لە ئەزموونە کورتەکانی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا هەوڵی بەرچاوی داوە، بۆ چەسپاندنی بنەما پێشکەوتنخوازەکانی خۆی.

***

هەرچەند ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای زیاتر لە نیو سەدە تێکۆشانی بەردەوامو خوێناوی نەیتوانیوە بە لوتکەی ستراتیژییەکانی واتە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتیو دابین کردنی هەلومەرجێکی ئەوتۆ کە تاکەکانی کوردو خەڵکی کوردستان بتوانن لەودا بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەنو هەوڵەکانیان بۆ پێشخستنی هەمەلایەنەی کوردستان یەك بخەن، بەڵام دەکرێ بڵێین بزووتنەوە توانیویەتی لە بەشێك لە مەیدانەکانی دیکەی خەباتیدا دەسکەوتی گەورە وەدەست بێنێ“ گەشەی بەربڵاوی هەستو هۆشیاری نەتەوەییو گیانی ناسنامەخوازییو مافخوازی، پەرەگرتنی بزووتنەوەی فەرهەنگیو ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێراندا، بەشێك لەو بوارانەن کە شوێنەواری تێکۆشانو خەباتی ئەم بزووتنەوەیەیان بە ئاسانی تێدا بەدی دەکرێ.

هەر لەسۆنگەی ئەو دەسکەوتانەن کە ئەمڕۆکە دەبینین گوتاری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بۆتە گوتاری یەکەمو باڵادەستی کۆمەڵگەی کوردستانو ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترو پێ بە پێی پێشکەوتنی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بازنەو پانتایی ئەم گوتارەش لە گەورەبوونەوەو تەنینەوەدایەو لە بەرانبەریشدا گوتارە سواوو لارێکەرەکان بەرەوپوکانەوەو پەراوێزبوونی هەرچی زیاتر دەچن.

کەواتە بەسەرنجدان بەم چەند خاڵەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەتوانین بڵێین ئەمڕۆو لەبەر ئاوێنەی ڕاستییەکانو گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان وەك کاراکتەرێکی پێشکەوتنخوازو خاوەن ئەزموون لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بۆتە سەرمایەیەکی گەورە بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستانی ئێرانو بەم پێیەش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە چاوی هیواو هومێدەوە لێی دەڕوانن‌و داهاتووی خۆیانو وڵاتەکەیان لە بەرنامەو ئامانجەکانیدا دەبیننەوە.

**

هەموو ئەو خاڵە ئەرێییانەی سەبارەت بە پێناسەو دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران لە سەرەوە باسیان لێوەکران، لەگەڵ ئەوەی جێگای شانازین، بەڵام هەر لەم حاڵەشدا، ئەو ئەرکە دەخەنە سەرشانی هەموو تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەکە بۆ گەشەپێدانی زیاتری خەباتو دەستنیشان کردنی ئەو خاڵە بەهێزانە تێبکۆشن‌و بۆ لەنێوبردنی کەموکوڕییەکان زیاتر هەنگاو بنێن‌و ڕێگای گەیشتن بە ئامانجو ئاواتەکانی گەل هەموارتر بکەن.

***

# ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی‌و هەوڵی پاراستنی دەسەڵات بە هەر نرخێك

عەلی بداغی

ڕوانینی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران‌و بەگشتی مافە سەرەکیو داخوازەکانی گەلی کورد، بەردەوام ڕوانینێکی دوژمنانە، شەڕخوازانەو یەك لایەنە وێڕای نواندنی توندوتیژیو سەپاندنی سیاسەتی سەرکوتو زەبروزەنگی پاساو هەڵنەگر بووەو بە هاسانی دەتوانین بنەما فکرییەکانی هەموو کردەوەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە ناسین‌و تاوتوێکردنی ئەو جۆرە ڕوانین‌و نێوەڕۆکی پێکهاتەیی ڕێژیمدا ببینینەوە.

ڕەفتار، هەلسوکەوت‌و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دامودەزگاکانی ڕێژیم لەگەڵ خەڵکی کوردستان، نەك لەسەر بناغەی مافی هاووڵاتیبوون‌و یاسای مەدەنی و تەنانەت یاسای بنەڕەتیی پڕ لە ستەم، هاوێردن‌و بێعەداڵەتی ڕێژیمیش نەبووە، بەڵکوو پشتئەستوور بە ئەو یاسا نەنووسراو هێندێك نووسراو، بەڵام لە چوارچێوەی ویستی ڕێژیمدا بووە کە هەمان بیرکردنەوە شەڕخوازانەو بەهێند نەگرتن‌و دژایەتی کردنی گەلی کورد لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێژیمەوە بووە. نەخشی کارتێکەرو شوێندانەری وەها ڕوانینێکی بەرچاوتەنگانە لە بڕیارو ڕەفتاری بەرپرسانی ڕێژیم، لە کوردستان‌و کارکردی دەزگا حکوومەتیو ئیدارییەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە پێیئەو جۆرە بیرکردنەوانە، گەلێك ڕووداوی تاڵو کارەساتباریان لێکەوتۆتەوە، کە لەم نووسینەدا تەنیا ئاماژە بە مینڕێژکردنی کوردستان‌و لە ئارادا نەبوونی هیچ پلانێك بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە لەلایەن ناوەندە بەرپرسیارەکانی ڕێژیمەوە، بۆ کەمکردنەوەی ئەو کارەساتانەی کە بەهۆی تەقینەوەی مین لە کوردستان ڕوو دەدەن، دەکەین.

بە پێی ڕاپۆرتێك کە لە نیوەی یەکەمی مانگی خەزەڵوەر لە ڕۆژنامەی "شەرق" لە تاراندا چاپ‌و بڵاوبۆتەوە، تەقینەوەی مین لە یەکساڵی ڕابردوودا، بۆتە هۆی کوژرانی ٥٠٠ کەس‌و نوقستانیی٨٠٠ کەس لە دانیشتوانی شارو ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران. وڵاتی ئێران هەر ئێستا بە چاندنی ١٦میلیۆن مین لە زەوییەکانی خۆیدا، خاوەنی پتر لە ١٥٪ی مینە لەکارنەخراوەکانی دنیایە. ڕۆژانە ٢ یا ٣ کەس لە دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان بە هۆی تەقینەوەی مین گیانی خۆیان لە دەست دەدەن، یا خۆ بریندار دەبن کە زۆربەیان کوردن‌و ٣٦٪ی بریندارەکانیش دەکوژرێن‌و ئەوانی دیکەش بۆ هەمیشە نوقستان دەبن.

بە کۆتایی هاتنی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران ـ عێراق، ناوچە گەلێکی مینڕێژکراو بە ڕووبەری ٤ میلیۆن‌و ٢٠٠ هەزار هیکتار لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران، وەك پاشماوەی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بۆ خەڵکی هەژارو بێئەنوای سنوور نشین بەجێما. گەرچی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران وەك پارێزگا کوردنشینەکانی کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئیلام‌و کرماشان لە ماوەی شەڕی ٨ساڵەی ئێران‌و عێراق لە چاو باشووری ئێران، کەمتر بوونە ناوچەی شەڕو پێکدادان، بەڵام ڕێژیم لە کاتی هێرشی بەربڵاوی خۆی بۆ کوردستان‌و دامەزراندنی سەدان پایگاو پادگان دەورووبەری ئەو شوێنە نیزامیانەی مینڕێژ کردو لە لایەکی دیکەش بە مەبەستی سەرکوت‌و تێکشکاندنی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات‌و لاوازکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، بە چڕی کوردستانی میلیتاریزە کردو بە میلیۆنان مینی دژە نەفەری لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا چاند. بەڵام، هەنووکە بە تێپەڕینی پتر لە ١٤ ساڵ لە کۆتایی شەڕی ٨ ساڵەو چۆڵکردنی زۆربەی مۆڵگە نیزامییەکانی ناوچە سنوورییەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووا، هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ بۆ پاکسازی ناوچە مینڕێژکراوەکان هەڵنەهێنراوەتەوە، بە جۆرێك کە ڕێژیم لە ماوەی ١٤ ساڵ پاش کۆتایی هاتنی شەڕ تەنیا توانیویەتی یەك‌ونیو میلیۆن هیکتار لە ڕووبەری ٤ میلیۆن‌و ٢٠٠ هەزار هیکتاری زەویی مینڕێژکراو پاکسازی بکاو زۆربەی ئەو عەمەلیاتە پاکسازییانەش لە باشوری ئێران بەڕێوە چووە. هەر بۆیە زۆرترین ڕێژەی مینە لەکارنەکراوەکان لە ناوچەکانی کوردستان‌و لە ژێر خاکی کوردستان شاراوەن‌و چاوەڕوانی وەرگرتنی قوربانی بێدفاعن. ئەو جۆرە چەکە سامناك‌و لەبەرچاو ونانە، تا ئێستا بوونەتە هۆی کوژرانی حەوت هەزار کەس‌و نوقستانی١٤٠٠٠ کەس کە زۆربەی هەرەزۆریان خەڵکانی هەژارو کاسبکار، جووتیاران‌و منداڵانی کورد بوون.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ناوچە مینڕێژکراوانە لە ڕیزی باشترین کێڵگەو بەپیتترین زەوی‌و لەوەڕگەکانی کوردستانن کە بە هۆی مینڕێژکردنیانەوە، نەتەنیا ئەوەی کەڵکیان لێوەرناگیرێ‌و بەمجۆرەش زیانێکی زۆر لە ئابوری کوردستان دەکەوێ، بەڵکوو هەر ساتێك چاوەڕوانی وەرگرتنی قوربانی دیکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە هەموو ئیمکاناتی نیزامیی‌و کەرەسەی نوێی شەڕ بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد کەڵکی وەرگرتووەو لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا بۆ تاقە ساتێکیش لە پیلانگێڕیو دوژمنایەتی کردنی گەلی کورد، وازی نەهێناوە، ئێستاکەش بە چاوپۆشیو پشتگوێخستنی پاکسازیی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان درێژە بە سیاسەتە دژی گەلی‌و نامرۆڤانەی خۆی دەرحەق بە گەلی کورد دەدا. ڕێژیم تائێستاش مەسەلەی گرنگ‌و ژیانیی خاوێنکردنەوەی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستانی، بە بیانووی بەرزبوونی هەزینەی ئەو کارە وەلاناوە. بەڵام، لەولاوە تەرخانکردنی سەرمایەو داهاتی میللی ئێران، بە تایبەت سەروەت‌و سامانی بەتاڵان، براوی خەڵکی کوردستانی بۆ مەبەستە تێکدەرو شەڕخوازانەکانی لە پاراستنی گیانی مرۆڤەکان لاپیرۆزترە.

مەسەلەی پاکسازیی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان، لە حاڵێکدا لە نەبوونی ڕێکخراوو ناوەندە مەدەنییەکان کە بە هۆی هەلومەرجی سەرکوت‌و فەزای سیاسیی داخراوی وڵات، بواری پێکهاتن‌و چالاکی نواندنیان نیە، پشتگوێ خراوە کە ڕێژیم تەنانەت ڕێگەی چالاکیی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانیشی لەم بارەوە بەربەست کردوە.

دیاری نەبوونی ئەرکی قانوونیی پاکسازیی کردنی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان لەسەر ناوەند یان دەزگایەکی دەوڵەتیی‌و وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆی ئەو کارە لەلایەن هیچکام لە دەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم یەکێکی دیکە لە کۆسپەکانی سەر ڕێی کۆکردنەوەو لەکارخستنی مینە چاندراوەکانی کوردستانە. مووسەوی لاری، وەزیری نێوخۆ، کە لە بانەمەڕی ساڵی ڕابردوودا، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی١٠ نوێنەری کوردی مەجلیس لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرای مەجلیسدا ئامادە بوو، لە وەڵامی ڕەخنەی ئەو نوێنەرە کوردانە لە هەڵوێستی سستی وەزارەتی نێوخۆو کەمترخەمیی ئەو وەزارەتخانەیە سەبارەت بە پاکسازی کردنی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستانی گوتبووی "ئەم ئەرك‌و وەزیفەیە لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا دیاری نەکراوەو ئێمە ناتوانین بەرپرسایەتیی ئەو کارە بخەینە ئەستۆی هیچکام لە ڕێکخراوو دامودەزگا ئیداریو دەوڵەتییەکان". سەیر ئەوەیە هەر ئەو ڕێکخراوو دەزگا دەوڵەتییانەی، خۆیان لە ئەم کارە دەدزنەوەو قەرەی ناکەون، شەڕ فرۆشتن‌و دوژمنایەتیی گەلی کوردیان بە ئەرکی سەرەکیو سەرشانی خۆیان دەزانن‌و لە پیلانگێڕیو دژایەتیکردنی مافەکانی گەلی کورد پێشبڕکێیانە.

وەزیری نێوخۆ لە هەمان کۆبوونەوەی مەجلیسدا ڕای گەیاندبوو، کە بوودجەی پاکسازیی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان‌و پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران سەر لە ١٣٢ میلیارد تمەن دەداو بە لەبەرچاوگرتنی کۆی ئەو بودجەیەی ساڵانە بۆ ئەم کارە تەرخان دەکرێ، کۆکردنەوەو لەکارخستنی مینە چاندراوەکانی ئەو ناوچانە زیاتر لە ٤٥ ساڵی دیکە دەخایەنێ. تێگەیشتنێکی زۆر سادە لە قسەکانی وەزیری نێوخۆ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان دەبێ تا٤٥ ساڵی دیکەش بەردەوام چاوەڕوانی تەقینەوەی مین‌و لە کیسدانی ئازیزێك یان نوقستانیی خۆشەویستانیان بن. ئەو بەرپرسە پایە بەرزەی ڕێژیم لە کۆتاییدا بە نوێنەرانی کوردی گوتبوو کە پاکسازی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان‌و پارێزگا کوردنشینەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران، لە دەسەڵات‌و توانای وەزارەتی نێوخۆدا نیەو پێویستە لەو پێوەندییەدا یارمەتی لە وڵاتانی دیکە وەرگرین.

باس لە نەبوونی توانای ماڵیو تیکنۆلۆژی ڕێژیم لە کاتێکدا لە زمانی گەورە بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەوە دەبیسترێ کە ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە لە ساڵدا بە میلیارد دۆلار لە داهاتی میللییوڵات خەرجی پڕچەك کردنی هێزە سەرکوتکەرە پارێزەرەکانی خۆی‌و هەروەها بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، ئەویش بە مەبەستی وەمەترسی خستنی ئەمنییەتی ناوچەکەو جیهان دەکاو لە بەرامبەر ئەوانەشدا گاڵتەی بە پاراستنی گیان‌و ژیانی گەلی کورد دێ.

لە ڕاستیدا خۆلادان لە پاکسازی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی تێپەڕینی ١٤ ساڵ لە کۆتایی شەڕی ئێران‌و عێراق‌و لە بەرامبەردا مینڕێژکردنی زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، بەمەبەستی ڕێگرتن لە هاتوچۆی کاسبکارانی زەحمەتکێشی سەرسنوور، بەڵگەیەکی دیکە بۆ سەلماندنی پیلانە دژی گەلییەکان کۆماری ئیسلامیی‌و بیرچەوتی ڕێبەرانی ڕێژیم‌و سەلمێنەری بەردەوامبوونی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی دژی گەلی کوردلە ئێرانە. هەر بۆیە لە ڕێژیمێك کە سەرەڕای هاشووهووش‌و ئیدیعای ڕووت سەبارەت بە ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، بەردەوام لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکیەتی ئورووپاو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیکەی داکۆکیکەری مافی مرۆڤەوە بەردەوام وەك پێشێلکاری مافی مرۆڤ، مەحکووم دەکرێ‌و ئێستاش نەچۆتە ڕیزی ئیمزاکەری بەکارنەهێنانی مینی دژە نەفەرەکان کە لە ساڵی ١٩٩٧دا پەسند کراوە. ڕێژیمێك کە بۆ پاراستنی دەسەڵات‌و حکوومەتەکەی لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێك ناپرینگێتەوەو پاراستنی دەسەڵاتەکەی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵات داناوە، چاوەڕوانیی هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی ئەوتۆ لە پێناو خزمەت بە هاونیشتمانان، چاوەڕوانییەکی بێئاکامەو تەنیا ڕێگای ڕزگاریی گەلانی ئێران لە دەست ئەو ڕێژیمە ڕووخاندنی ڕێژیم‌و بنیاتنانی حکوومەتێکی گەلی‌و دیموکراتە.

***

## سیمین بێهبەهانی:

# لاوانی ئێمە دەبێ ئەدەبیاتی کلاسیك بخوێننەوە



و: خالید محەممەدزادە

پ: خانمی بێهبەهانی کاری نوێ چیتان بەدەستەوەیە؟

و: هاوکات لەسەر چەند بەرهەم کار دەکەم. یەکیان بیرەوەرییەکانمە، کە لە کاتی تەواوبوون دایە. ئەوی دیش کۆمەڵێك چیرۆك‌و چەند تیئورییەکی رەخنەیییە کە لە هەوڵی کۆکردنەوەیان دام.

پ: بەرهەمی ئامادەی چاپ چی؟

و: عەلی دێهباشی، کۆمەڵێك نووسینی بە قەڵەمی کەسانی جۆراوجۆر سەبارەت بە من کۆکردۆتەوە کە بەم نزیکانە لەلایەن چاپەمەنیی "نگا"وە بڵاودەکرێتەوە، کە کۆمەڵێك رەخنەو رای تێروتەسەڵی سەبارەت بە رەوتی شێعری منی تێدایە. هەروەها ئاغای محەمەد حقووقی شەشەمین بەرهەمی هەڵسەنگاندنی شاعیرانی پێشکەش بە من کردوە، کە رەنگە لەم دوایانە لەلایەن چاپەمەنیی "نگا"وە بڵاوبکرێتەوە.

پ: خانمی بێهبەهانی! لە چەند ساڵی رابردوودا شاعیران‌و نووسەرانی ناوداری ئێمە بە کەمی خۆیان لە قەرەی باسی شێعر داوە. ئێوە هۆکارەکانی لەچیدا دەبینن؟

و: هۆکاری جۆراوجۆر هەن. لە روانگەی منەوە گرنگترین هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ بژێوی ژیان (خەمی نان). خۆتان باشتر لە من دەزانن، کە شاعیرو نووسەرانی ئێمە لەباری ماڵییەوە لە هەژاریدا دەژین. هەر ئەم دەستکورتییەش، ئەوان زیاتر بەرەو کارکردن پاڵ پێوەدەنێ، کەواتە لە بارودۆخێکی ئاوادا دەرفەت بۆ قسەکردن نامێنێتەوە.

پ: پێم‌وابێ، لە چەند ساڵی رابردوودا ئۆگرانی شێعر بایەخی کەمتریان بە شێعر داوە، بۆچی؟

و: دیارە، من ئەم بێبایەخییە، بە نیسبەت خۆمەوە تا ئێستا هەستم پێنەکردوە. هەر لەم بارودۆخەداو لە تیراژی ١١ هەزار دانەیی چاپی دوایین کتێبی شێعرم نیزیکەی ٧ ـ ٨ هەزار بەرگی فرۆشراوە. هەرچەند بە گشتی لەگەڵ رای ئێوە سەبارەت بە بەهێند نەگرتنی شێعر دام‌و هۆکارەکەی بناغەییە. لەو کاتەوە کە "نیما" شێوەیەکی نوێی لە شێعری فارسی پێشنیارکرد، هەمیشە شەپۆلی جۆراوجۆر هاتون‌و رۆیشتون. ئەم شەپۆلانە لەسەر شاعیرانی لاو شوێن دادەنێن‌و هێندێك جاریش رووبەرووی کێشەیان دەکاتەوە یا لانی کەم من، ناتوانم قبوڵیانم بێ. بەرای من، ناتوانرێ بە فورموڵ شێعر بگوترێ، هەر ئەم رەوتەش وای کردوە کە کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی زۆرترین شێعر بەنیسبەت خۆیەوە بێ" لێرەدا دەمەوێ رەخنەیەك لە شاعیرانی لاو بگرم. زۆربەی ئەم شاعیرە خۆشەویستانەمان ئەدەبیاتی رابردووی ئێمە ناناسن. من نالێم لەم سەردەمەدا کەسێك وەك شانامەی "ابومنصوری" بنووسێ. بەڵام، دەکرێ نەخوێندرێنەوە؟! لاوانی ئێمە دەبێ ئەدەبیاتی کلاسیك بخوێننەوە. . . چونکە واژە لە ئەدەبیاتی کلاسیك‌دایە. لاوان لانیکەم بۆ دەوڵەمەند کردنی واژەکانیشیان بێ دەبێ ئەدەبیاتی رابردووی ئێمە بخوێننەوە.

ـ ئێوە ئاستی غەزەڵ لەم چەند ساڵەی شێعری ئێمەدا چۆن دەبینن؟

ـ من بە گشتی لەگەڵ ئەو قسەیەی کە چەند ساڵێکە ئاغایان سەبارەت بە مەرگی غەزەڵ دەیڵێن موخالیفم. نەتەنیا لە مەرگی غەزەڵدا ناژین، بەڵکوو، چوارچێوەکەی رۆژبەرۆژ دەوڵەمەندتر دەبێ. ئەگەر لە شێوازی تایبەت بە خۆم چاوپۆشی بکەم، زۆر کاری جوان لەم چەند ساڵە لەلایەن لاوانەوە لە غەزەڵدا ئەنجام دراوە، بەڵام هێشتا ماویانە. من زۆر خۆشحاڵ‌دەبم، کاتێك چەند غەزەڵێك لە غەزەڵ‌دانەرانی گەنج دەخوێنمەوە.

**سەرچاوە: جام جم ژمارە ١٠١٠**

## بــۆکــان

# بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی چیرۆکنووسی

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٧ی سەرماوەزی ئەمساڵ‌و بۆ ڕێزنان لە چیرۆکنووسی ناودار حەسەن قزڵجی یەکەم فستیڤاڵی چیرۆکنووسیی شاری بۆکان لەلایەن ئەنجوومەنی ئەدەبیی ئەم شارەوە بەڕێوەچوو. لەم فستیڤاڵەدا ئەم بەڕێزانە بەرهەمەکانی خۆیانیان پێشکەش کرد:

عەزیز مەحموودپوور، عەلی غولامعەلی، مامۆستا ئاسۆ، شەپۆل مەجیدپوور، جەماڵ نەجاری، نەشمیل مەلایوسفی، سەید قادر هیدایەتی، خالید عەسکەری، سەلاح نیساری، سەعدوڵڵا نووری، کەریم رەحیمی.

شایانی باسە لەم بەرنامەیەدا خەڵاتی ڕێزنان پێشکەش بە مامۆستای کۆچکردوو حەسەن قزڵجی کرا کە حەمیدە خانم کچی بەڕێزیان خەڵاتەکەی وەرگرت.

## شەوی یەلدا و کۆڕێکی شێعرخوێندنەوە

ئێوارەی شەوی یەلدا، لە هێزی پارێزگاری سەر بە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، کۆڕێکی شێعرخوێندنەوە بۆ کادرو پێشمەرگەکانی هێزی پارێزگاری بە بەشداریی چەند شاعیرێك پێکهات. بەرنامەکە کە سەعات ٧/٣٠ دەقیقە دەستی پێ‌کردو تا سەعات ١٠/٣٠ درێژەی کێشا، ئەم بەڕێزانەش بە پێشکەش کردنی شێعرەکانیان کۆڕەکەیان رازاندەوە:

ئەحمەد قادری، مامۆستا بێبەش، عەلی بداغی، مەحموود شێرزاد سوهەیلا قادری، ئەمیر شوعاعی، سمایل شەرەفی، مەسعوود بابایی، نادر ئەڵلایاری، عیرفان رەهنموون، سۆران رەزایی، سەلاح رەمەزانی، عەباس حەقبین، ئەحمەد ساڵحی.

# کۆچی ئەستێرە

دیسان گێژەلۆوکەی سروشت
لەچاوی گەل خوێناوی رشت

دیسان هەوری ماتەم‌وتەم
دیسان رێژنەی بارانی غەم

دیسان دوایین ئەستێرەی خۆر
سەرچاوەی روونی هەست‌و شۆر

لە نێو شارەکەم دابەزی
جەرگی زەوی بەوی تەزی

دیسان قەڵای پڕ لە ئەوین
دیسان شاری پڕهەست‌و تین

رازاوە چەشنی بەهارم
دیسان گۆڕستانی شارم

ئەوەی خاوەن رێزی مە بوو
وزەو تاوو هێزی مە بوو

ماڵئاوایی کرد لە یاران
رۆیی بەرەو سەربەداران

ئیمڕۆ هەستی بەرزی ئەوین
لەگەڵ شەپۆلی داغ‌و تین

تاسەی ئێش‌و دەردو کوڵن
پڕ لە تینن، چەشنی کڵن

ئیمڕۆ کتێبی بوون‌و مان
پەڕتووکی پاکی نیشتمان

لاپەڕەی سووری هەڵداوە
بۆ ئەو گەلەی کە هەر ماوە

بۆ ئەو گەلەی هەر دەمێنێ
تا ئاواتی وەدەست بێنێ

ئای شۆڕەسواری پڕپشوو
ماندوونەناسی کاتی زوو

دڵی پڕهەست‌و بەتینت
سەری بەرزی پڕئەوینت

باڵای بەرزو بەتاقەتت
پاکیی ژین‌و شەرافەتت

زردەخەنەی ئومێدی تۆ
لەگەڵ ئاوێنەی زێدی تۆ

بۆ ئێمە مەکتەبی مانن
هەتوانی برین‌و ژانن

گەورەی هێژام،کاکە مەناف
ئەی ئاشنای بەندو تەناف

بەو باڵانەی بە منت داوە
دەڕۆم تا ئەو جێگەی ساوە

دەڕۆم دەڕۆم، بەرەو دەریا
دەزانم چی لەبن سەریا

دەڕۆم دەڕۆم بەرەو هەوار
تا ئەو کاتەی دێنم بەهار

دەڕۆم دەڕۆم بەرەو ئەوین
دەچم بەرەو مەڵبەندی ژین

بۆ تۆ هێژام گرین کەمە
زۆر لە گڕن ئەوەی شەمە

دژی سڕی، ئەتۆ گڕی
دەنگی دووپاتەی نێو چڕی

سەرەتای کتێبی تازەی
بانگەوازی ئەو ئاوازەی

سەرگوزەشتی هان‌و مانی
بزەی پیرۆزی زستانی

تۆ مامۆستای پیری مێژووی
ئاوێنەی گەشی رابردووی

ئاڵای رێبەندانت پێیە
شەوچرای کوردانت پێیە

ودمی نەورۆز لەلای تۆیە
رازی پیرۆز لەلای تۆیە

نێوت دیرۆك دەنەخشێنێ
هەتا هەتایە دەمێنێ

بۆ زێدوبنەی ماڵەکەت
بۆ رۆژو مانگ‌و ساڵەکەت

پێنووسی پڕکوڵ‌و ژانی
سکاڵای بیری هەرمانی

دەی راوەستە وا زوو مەڕۆ
ئەی سەروەری خاوەن شکۆ

وانەت گەرم کەوەك ئەوین
وەکوو بورکانی سەر زەوین

هێژام ئەگەر ئاواتی دڵ
نیشتەجێ بوو لە بستێ گڵ

گەورەم گەلێ دڵنیا بە
پڕ لە تیشك بە چرابە

کە رێگەی پیرۆزی ئەوین
پڕرێبوارە تا ماوە ژین

ئاوا نابێ خۆری نەجات
لە پاش تۆ ئەستێرەی وڵات

تۆو پێشەواو بیرو راتان
ئەمەگو عیشق‌و وەفاتان

هانی مانن، پیتی بوونن
ئەستێرەی گەشی گەردوونن

"مەنسووری" تۆ لەسەر دارە
وەك حەللاجە بەهاوارە

رێگەی سووری پڕ لە حەقە
ئەوکی پڕی ئەنەلحەقە

بیسووتێنن قاڵی بکەن
سەیری سەماو حاڵی بکەن

ئەی رێبواری پڕ لە تاسە
گەرچی بێ تۆ سەرم کاسە

بەڵام، ئەی تاقانەی وڵات
رێبواری کێوی کش‌و مات

نەبەز، ئازا، هەڵۆی بوێر
"ئەوراز" رۆڵەی کوردی دلێر

چوویە سەر بانی گۆی زەوی
دەتویست لەوێش وەسەر کەوی

جەرگی هیمالیاشت دڕی
هەر وا بەرەو بەرزی فڕی

زەوی لەلات چکۆلەیە
هەڵۆ کەی ئەو تاوەی هەیە

لەئامێز گری ئاسمان
بۆ نیشاندانی نیشتمان

گەرچی ئەوراز تەنیایە
بۆتە ئەفسانە عەنقایە

قافیش لەژێر باڵ دەگری
لە سیمورغیش بەرزتری

لەسەر هیمالیای سەربەرز
بەرزترین لووتکەی عەرز

نیشانتدا کە کورد بەرزە
نایرمێنێ بوومەلەرزە

بۆوەی بڵێی بە هەڵۆیان
بە کەس نەدەن لانی خۆیان

ئەستێرەی گەشی کوردانی
تاجی سەری هەمووماني

ئەوراز میوانی خودایە
رێزی لەلای کورد، رەوایە

لە بانترین جێگای زەوین
بە ئەوپەڕی هەست‌و ئەوین

باسی کوردو چارەنووسی
لەسەر لووتکەی زەوی نووسی

(( ماوە قەومی کورد زمان
ناشکێ قەت بە تۆپی زەمان))

کە کورد ماوەو هەردەمێنێ
لووتکەی ئاوات وەدەس دێنێ

هەورازەکەم تۆ نامری
لە هیمالیاش بەرزتری

گڵکۆت ئەگەر لە سولتانە
جێگەت نێو دڵی کوردانە

تا کورد هەبێ تۆش دیاری
کە رۆڵەی کوردی هەژاری

شین ناکەم بۆ کۆچی هەڵۆ
شیوەن رەوا نیە بۆ تۆ

دایکی وەتەن بە بۆنەی تۆ
سەر هەڵدێنێ لەلای نامۆ

دایکی نیشتمان‌و زێدم
کوردستانی پڕهومێدم

سەربەرزن‌و سەرفرازن
بە نێوی "ئەوراز" دەنازن

لە پاش تۆ تاقانەی وڵات
بەرزترین لووتکەی حەیات

بەدەس لاوانی پاکی تۆ
کوڕو کیژانی خاکی تۆ

ئاڵای لەسەر دەچەقێنن
ئاواتی تۆ وەدی دێنن

**رەسوڵ کەریمی "سووتاو"**

# راگەیاندنی خەڵاتی ئەدەبیی بەهرام سادقی



خەڵاتی ئەدەبیی چیروکنووسی"بەهرام سادقی" پاش چوارمانگ کاری بەردەوام راگەیەندرا. لە نێوان ٣٥٤ چیرۆکی بەشدار بوو لەو کێبەرکێیە دا سەرەنجام سێ چیروك وەك بەرهەمی باشتر لە لایەن هەیئەتی داوەرانەوە راگەیەندران. شیاوی باسە کە ناوەندی ئەدەبیی "بەهرام سادقی" تەواوی کارو باری فستیڤاڵ و کاری داوەری و هەڵبژاردنی بەرهەمە سەرکەوتووکانی لە رێگای ئینترنێتەوە ئەنجام دابوو. ئەو چیرۆکانەی کە خەڵاتی یەکەم تا سێهەمیان بە دەست هێناوە بریتی بوون لە:

- خەڵاتی یەکەم هەیئەتی داوەران بۆ چیرۆکی "ابر صوتی" لە نووسینی عەلیرەزا مەحموودی
- خەڵاتی دووهەمی هەیئەتی داوەران بۆ چیرۆکی "شەوانی چوار شەممە" لە نووسینی ئازەردوخت بەهرامی
- خەڵاتی سێهەمی داوەران بۆ چیرۆکی "مردوەکان" لە نووسینی حوسێنی محەممەدی

پیویستە بگوتری کە ناوەندی چیرۆکنووسی "بەهرام سادقی" ١١ی خەرمانان ١٣٨٢ دامەزراوە و لەو ماوەیەدا توانیویەتی سەرنجی چیرۆکنووسانی لاوی ئێرانی بۆ لای خۆی رابکێشی.

# حەیران لە هەگبەی کەلەپووردا

## بەشی سێهەم‌و کۆتایی

زیاد محەممەد ئەمین - ڕانیە

بۆ نموونە: هەولێر، قەراج، قەرەچووغ، بەحرکە، کەندیناوە،زورکی، مامساری، خەیلانی، کاکلاغای گەردی، ئەسمەرێ کابابیزی، خەویچێی ڕەحمان شێخانی، خانزادی سۆران، جەواهێری ئەحمەدی، مامەراغای زوراری، سەیدەحمەدی ماڵ لەڕیشوانی‌و. . . زۆی دیکەش.

دووەم: هێندەی خەڵکی هەولێری‌و دەشتەکەی هەست‌و سۆزی خۆیان بە حەیرانان دەربڕیوە، بە هیچ جۆرە گۆرانی‌یەکی دیکە دەریان نەبڕیوە، هەر وەك چۆن خەڵکی شارەزوور خەمی خۆیان بە هۆرە تەڕ کردون‌و خە، زورکی، مامساری، خەیلانی، کاملاغای گەردی، ئەسمەرێ کابابیزی، خەویچێ، ڕەحمان شێخانی، خانزادی سۆران، جەواهێری ئەحمەدی، مامەراغای لکی گەرمیانیش بە مەقام‌و بادینانیش بە لاوك.

سێیەم: هێندەی حەیران لە هەولێری لە باودایە لە هیچ دەڤەرێکی دیکەی کوردستاندا ئەو باوەی نیە.

چوارەم: ڕێژەی حەیرانبێژان لە هەولێری، گەلێك لە شوێنەکانی دیکە پترن.

پێنجەم: زۆرجاران کە خەڵکی ناو هەولێر حەیران دەڵێن بەزاراوەی گفت‌وگۆی هەولێریان دەست بە گوتنی حەیرانەکانیان دەکەن، وەك: ( ئەمن دەرێم، کوڕ دەبێژێ، کیژ گاز دەکا،. . .)، یان بە ناوی شوێنێکەوە دادەبەزنە ناو حەیرانانەوە، وەك: ( هەولێر لە من هەولێرە، بەحرکەی ڕەنگیە بە دارە مێوە، قەراج لە قەرەچووغی بلاوە،. . .).

حەیرانی ڕەسەن چۆنە؟

حەیرانی ڕەسەن‌و بێدەستکاری هێندێك مەرجی خۆی هەیە وەك:

یەکەم: حەیران لە سێ هەڵوێست پێکهاتووەو هەڵوێستەکان وشەی سەرواداریان لە کۆتایی‌دا هەیە، هەڵوێستی یەکەم کێشی کورتەو، هەڵوێستی دووەم درێژترە، هەر وەك لە بەندەکانی حەیرانان باسمان کرد.

دووەم: حەیرانی ڕەسەن سۆزدارەو لە جوانی دەدوێت بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە بە دوورە لە ڕستەی بێماناو بێتام‌وچێژ، چونکە بڵێسەی ناخی دەروونی سووتاوی سۆزی عاشقانە، کە ئەشقیش بە مانا فراوانەکەی زۆر شت دەگرێتەوەو، ڕەوایە کە شای هەموو ڕەوایان‌و سەرچاوەی هونەری هەموو هونەرە جوانە ڕەسەکانەو مافی سەرجەم مرۆڤانە بە نێرو مێیانەوە.

سێیەم: پێویستە ڕستەکانی حەیران ساکارو دوور بن لە وشەو ڕستەی بە تویکڵ‌و مانا شاراوە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە کەسێك تێی بگا.

چوارەم: وشەی سەرواداری‌بەندی سێیەم لەگەڵ ئای ئایی‌یە هێواشەکەی کۆتایی حەیرانەکەدا دادەبەزێت‌و تەواو دەبێ، نەك هەر ئای ئای بە تەنیاو بێ وشە وەکو کۆتایی مەقامان.

پێنجەم: لە تەواوبوونی چڕینی چەند حەیرانێکدا بەستەیەك دەگوترێ کە ئەو بەستەیەش هێندێك مەرجی تایبەتی خۆی هەیە وەك:

یەکەم: وا باشە بەستەکە بە وشەو ئاوازەوە فولکلۆر بێ، یان لە فولکلۆرەوە نزیك بێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی حەیراندا بگونجێ کە ئەویش فولکلۆرە.

دووەم: بەستەکە دەبێ بەستەیەکی خاو بێ‌و نەرم نەرم سەری فەرامۆشی بە گوێدێران ڕاژێنێت.

سێیەم: ووشەکانی دەبێ لە جوانی بدوێن، جا هەر جۆرە جوانی‌یەك بێ، جوانی سروشت بێت، یان جوانی مرۆڤ، یان ئازایەتی، . . . .

سەربەند چیە؟

سەربەند ئەو بەستەیەیە کە لە دوای تەواوبوونی حەیراناندا دەگوترێ، مەرجەکانیشی ئەوانە بوون کە لە خاڵی دووەمدا باسمان کردن.

لەبەر ئەوەی حەیران ئاوازێکی زیاتر بەلای لاواندنەوەو ئەندێشەدایە، ئەندامەکانی جەستەی گوێگران وەك جووڵە بەشداری تێدا ناکەن‌و ڕۆڵی گوێدێران تەنیا گوێگرتنەو بەس، بەستەکە وا لە گوێدێران دەکا کە بە جووڵەیەکی وەکوو چەپڵە، یان پەنجەلێدان لە شتێك بە گوێرەی ئاوازی بەستەکە بەشداری بکەن‌و خۆشی‌یەکی ئەم هونەرەش وەربگرن.

حەیرانبێژی ڕەسەن دەبێ چۆن بێ؟

یەکەم: وەکو هەموو ئاواز خوێنێکی ئاوازەکان دەنگ خۆش بێ.

دووەم: شارەزایی‌یەکی باشی لە هونەری گۆرانی فولکلۆر هەبێ.

سێیەم: پێویستە زۆر شارەزایی فەرهەنگی لادێ بێت، چونکە وشەکانی حەیران لەو فەرهەنگە هەڵهێنجدراون.

چوارەم: حەیرانبێژ هونەرەکەی تەنیا حەیران بێت‌و بیکات بە بابەتێکی خۆی، نەك لە هەموو ئاوازێك بلێت‌و تایبەتیەکەی خۆی لەدەست بدا.

پێنجەم: حەیرانبێژ بە بەرگی ڕەسەنی کوردی‌یەوە حەیران بڵێ تام‌و چێژی کوردانەی خۆشتر دەبێ.

شەشەم: حەیرانبێژ پێویستە ڕێزی خۆی‌و هونەرەکەی بگرێ‌و لە شوێنی پێویست نەبێ حەیران نەڵێ‌و نەیکات بە سەرچاوەی ژیانی خۆی، بەڵکوو بۆ فینکایەتی دڵی خۆی‌و خۆشی برادەرانی بیڵێ.

حەوتەم: بە هێواشی حەیران بڵێ‌و زۆر لە خۆی نەنووسێت‌و بیکاتە قیڕە قیڕو دەماری بناگوێیانی بەرز ببنەوەو ئارەق دەربدا.

هەشتەم: دەبێ حەیرانبێژ جوانپەرست بێ‌و لە ناخەوە جوانی‌یەکانی دەروونی بجۆشێنێ‌و دەردی دڵی خۆی وەك ناڵە ناڵی نەی بە ئاواز دەربڕێ‌و داد‌و بێداد بکا.

نۆیەم: هەڵوێستی هیچ حەیرانێك نەخاتە سەر حەیرانێکی دیکە، چونکە هەڵوێستەکان لەسەر وادا جیاوازییان هەیە، ئەگەر جێگایان بگۆڕدێ پەیوەندیی نێویانیان دەپچڕێ‌و مەرجێکی سەرەکی لە دەست دەدا.

دەیەم: ئەگەر ئاوازژەنێکی میوزیکی ئاوازی لەگەڵ بژەنێ ئەوە یارمەتیی حەیرانبێژ دەداو حەیرانەکە خۆشتر دەکاو حەیرانبێژیش باشتر دەحەسێتەوەو سەرکەوتووتر دەبێ، بێجگە لەوەی کە میوزیکەکە بۆ خۆی جۆشێك دەدا بە گوێگرانی حەیرانەکە.

جۆرەکانی حەیران:

لەپێش ئەوەی لە جۆرەکانی حەیران بدوێین وا باشە بزانین مانای (جۆر) چیە؟

من وای بۆ دەچم کە جۆر بە مانای ئەوە دێ کە دوو بابەت، یان چەند بابەتێك لە یەك لایەنەوە، یان لە چەند لایەنەوە لە ڕووالەتدا، یان لە ناوەڕۆکدا، یان لە هەردوویاندا وەکو یەکتری نەبن، ئەوەش وا دەگەیەنێ کە هەر شتێك سیفاتی تایبەتی خۆی هەیەو جیایە لە سیفاتی هەر شتێکی دیکە، بۆیە جۆری حەیران بە ناوەڕۆکی حەیرانەکە دیاری دەکرێ نەك بە سیفاتی دەرەوەی حەیرانەکە.

هێندێك کەس لەسەر شوێنی گوتنی حەیران جۆر بۆ حەیران دیاری دەکەن، وەك: حەیرانی چیایی کە لە چیا دەگوترێ، یان حەیرانی دیوەخانی کە لە ماڵاندا دەگوترێ. ئەم جۆر بۆ دانانە لە حەیراندا لەسەر بەرزی‌و نزمی دەنگی حەیرانبێژ کراوە، کە گوایە لەسەر چیاکان حەیرانبێژ دەنگی بەرزو لە دەشت‌و ماڵاندا دەنگی نزمترە، بەڵام لە ڕاستی‌دا بەرزو نزمیی دەنگی حەیرانبێژ پەیوەندی بە ئارەزووی خۆی‌و تاڵە دەنگی‌یەکانی گەرووی حەیرانبێژەوە هەیە، نەك بە شوێنی گوتنی حەیرانەکانەوە.

ئەو حەیرانبێژانەی کە من حەیرانم لێ بیستوون لە هەموو شوێنەکاندا، بەرزی‌و نزمی دەنگیان وەك یەکتر وابووەو گۆڕان بەسەر دەنگیاندا نەهاتوە، ئەگەر هاتبێتیش بە دەست خۆیان بووە. نەك بە شوێن، یان بە هۆیەکی بەدەر لە توانای خۆیان.

سوارەی خاڵم زۆرتر لە باوەشی سروشتدا ئارەزووی حەیرانی دەبزووت، کە حەیرانیشی دەگوت، دەنگی نزم بوو، لە دانیشتنی ژووری زستانێ‌و لە بن سێبەری کەپری تووتن پێوەکرۆنێ‌و لە چیادا هەر وەك یەك حەیرانەکەی دەچڕی. مەحموود گەناوی‌و حەمە ئۆمەراوەیی دەنگیان بەرزەو لە هەموو شوێنەکانیش هەر بە بەرزی حەیرانیان چڕیوە. حاجی ڕەسووڵی‌و حەمە سووری بنگردی‌و حاجی بابەکری عەبدۆڵڵا سووری‌و حاجی ڕەسووڵ ئاوەژەیی‌و حەمە شیری دەنگیان مامناوەندی بوو، لە هەموو شوێنەکانیش دەنگیان هەر وەك یەك بوو، هەروەها حەیرانبێژی بەناوبانگی پشتدەرێش، سەلیمی بابیزی، دەنگی مامناوەندی بوو، بۆیە من لەو باوەڕەدام ئەگەر حەیران بە گوێرەی شوێن جۆری بۆ دابندرێ ڕاست نیە.

حەیران جۆرێکە لە جۆرەکانی مەقام‌و بە ئاوازی بەیات دەگوترێ. ئەگەر جۆری حەیران بە بابەتی نێوەڕۆکی نێو چوارچێوەی حەیرانەکە دابنێین وێدەچێ زۆر ڕاستتر بێت لە دیاری کردنی جۆرەکانی بە گوێرەی شوێنی گوتنی حەیرانەکان.

حەیرانەکان بە گوێرەی نێوەڕۆك لەم بابەتانەی خوارێ دەدوێن:

( جوانیی سروشت، سوارچاکی، پێدا هەڵدان، ئازایەتی، ئەشقی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە، گاڵتەجاری. . . )

بۆ نموونە حەیرانێکی گاڵتە جاڕی بە کەمی بیستراوە، حەیرانیش وەك زۆر بابەتی دیکەی هونەری بێ گاڵتەجار نەبوو، وێدەچێ گاڵتە کردنیش بەم هونەرە لەوەوە دروست بوبێ کە کەسێك بۆ پراگەندەو تەرە کردنی غەمی دڵی خۆی حەیرانی گوتبێ، بەڵام، دەنگی خۆش نەبوبێ، یان حەیرانی نەزانیبێ و تێکی دابێت.هێندێك کەسیش کە گوێیان لێ بووە پێکەنیون و گاڵتەیان پێ کردوە ولاسایی‌یان کردووەتەوە.

من تەنیا یەك حەیرانی گاڵتە جارم بیستوە ئەویش لە کەسێکی تەمەن مامناوەندی کۆیی:

حەیران وەرە لە سەری سەفینی،

چاوێکی کوێرەو بە چاوەکەی دیکەی نابینی،

هەموو ئێوارەو سبەینان دەچێتە نێو باغی،

دەست بۆ هەنجیران دەباو هەناران دەپسێنی.حەیران بابەتێکی گرنگی هونەری ویژەی فولکلۆری کوردی‌یە، دماودەم لە خەڵکانی دێرینەوە بۆ نەوەی نوێ بە جێماوەو پاریزراوە. بێگومان لەو دەماودەم کردنەش دا وەکو هەموو بابەتێکی دیکەی تومار نەکراوی سەر ڕووپەرەی کاغەزان‌و ناو کاسیتی نەواران زیادو کەمی‌و تێك شکان‌و بەڵکو، نەمانیشی بە سەردا هاتوە پارچە وشەکانی جێ گۆڕکێیان پێکراوەو سەرواکانیشیان تێکچونە، بە تایبەتی کە حەیرانبێژەکان زۆربەیان، یان هەر هەموویان نەخوێندەوار بوون‌و هیچیان لە بابەتی وشەکاری و سەرواوە نەزانیوەو چۆنی فێر بووبن هەروایان گوتووەتەوە. لە بارەی گرنگی پێ دانیشەوە وەك زمانوانیی حەیرانیش بە وێنەی زۆر بابەتی دیکەو بگرە پتریش فرامۆش کراوە، ئەم فەرامۆشی‌یەش بۆتە بەشێك لەو فاکتەرانەی کە نەوەی نوێ لە حەیران تێی نەگاو تام‌و چێژی لێ وەرنەگرێ‌و هونەرمەندە گورانیبێژە تازەکانیش پەرەی پێ نەدەن و بە بێ بایەخ سەیری بکەن.

بۆ نموونە سەرنجێکی ئەم حەیرانە سروشتی‌یە بدەن کە لە دەنگی بە سۆزی حەمە ئومەراوەیی‌یەو جێگۆرکی بە وشەی سەروای هەڵوێستی سێیەمی کراوە و حەیرانبێژیش هەستی پێناکاو بە سەرگەرمی‌و بە جۆش و کوڵیشەوە دەیڵێ:

(ئەوە براینە، برادەرینە، کیژی ڕەوەندان چەند بە ناز دەڕۆن لە چەمی خەلیفانێ!

پانیەیان شل بوون لە بەرڕۆیشتنێ، پەنجەیان دەیشی لە بەر گۆڕی چنینێ، بنکەوشیان ماندوو بوون بە کوندە ئاو هێنانێ.

ئەوە گەلێ دۆست‌و برادەران، چەند خۆشە لەوان کیژان بە دڵی خۆت یەکی وەگێڕی لە دوایی خێڵی، دەستی خۆی باوێیە سەرملی بە کزی‌و لەگەڵی بکەویە گەوزگەوزانێ لە نێو گیا بەرزو خاوو کنێرێ).

ئەم حەیرانە، حەیرانێکی ڕەسەنەو لە چۆنییەتی ژیانی گەرمێن و کوێستان کردنێ خێڵی کوردی ڕەوەند دەدوێ لە پاییزو بەهاران دا.

لە بارەی وشەی سەرواوە سەرواوەی بەشی سێیەمی حەیرانەکە لەگەڵ وشە سەواکانی دوو بەشەکەی دیکەدا نایەتەوە،کە وشەی سەرواواری بەشی یەکەم وشەی (خەلیفانێ)یە وشەی سەرواواری بەشی دووەمیش وشەی(هێنانێ)یە، کە سەرای هەر دوو بەشەکانیش پیتەکانی(ا، ن،ێ) یە بەڵام وشەی سەرواواری بەشی سێیەم وشەی (کنێرێ)یە، کە لە گەڵ وشە سەرواکانی دوو بەشەکەی دیکەدا نایەتەوە.

وشە سەرواوارەکەی بەشی سێیەم وشەی (گەوزانێ)یەوە کەوتوتە ناوەوەی بەشەکەوە، وشەی (کنێرێ)ی هاتۆتە جێگا کە دارشتنە ڕاستەکە بەم جۆرەیە:

لە نێو کنێرو گیا بەندو خاوێ لەگەڵی بکەویە گەوز گەوزانێ).

حەیرانی بە سەرهات:

دەگێڕنەوە دەڵێن لە گوندێك لە گوندەکانی دەشتی هەولێرێ کوڕێکی هەژارو کچێکی پیاوێکی دەوڵەمەند دڵیان بۆ یەکدی کزاوەتەوە و زۆریان یەکتر خۆشویستووە، بەڵام، بارە کۆمەڵایەتی‌یەکە ڕێگای لە هاوسەر بوونیان گرتوە و کچەکە دراوە بە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند لە گوندێکی دیکە. ئەو ڕۆژەش کە کچەکە گوێزراوەتەوە و سوار سوار بوون و بووك بەڕێ کەوتووە، بە پێی دابونەریتی ئەو سەردەمە دەبوو کەسێك جڵەوی ولاغی بووکێ ڕاکێشێت، بۆیە بە هەرچی هەوڵدانێك بێت کوڕە هەژارەکە وای کردووە کە خۆی کاری جڵەو ڕاکێشانی ولاغەکەی پێ بسپێردرێت. دیارە لەبەر ڕێگا ڕویشتنیش دا، کە سوار سەرگەرمی غارغارێنێ بوون کوڕەکەو بووکەکە دەرفەتیان بۆ ڕخساوە کە هێندێك قسەیان لە گەڵ یەکتری کردبن.

ڕێگا ڕویشتنی بووکی بەبەر ماڵی گوندی(ریشوان) ێی دەشتی هەولێرێ دا بووە، کاتێك بووك گەیشتوتە بەرماڵی ڕیشوانی کوڕەکە تەماشای کردوە ئەوە (سەیدەحمەد)ی گەورەی گوندی ڕیشوانێ لە سەر بانێکی ڕاوستاوەو دەنۆاڕێتە غارغارێنێ سواران، کوڕەکە زۆربە سۆزو هاوارەوە ئەم حەیرانە ڕووەو گوندی ڕیشوانی دەڵێ:

( ئەێ براینە، برادەرینە، ئەوڕوو سبەینێ سبەینێکی سارە)،

کاکلاغایەکەی گەردی دووری دەنگم ناتگاتێ، سەیدە حمەدەکەی ماڵ لە ڕیشوانێ سەد جاران هاوارە).

دەڵێن کە سەیدەحمە گوێی لەو حەیرانەی بووە چەند کەسانێکی ناردوەتە سەر ڕێگای سواران‌و داوایان لێکردوون‌و گوتویانە سەیدەحمەد دەخوازی ئەم نیوەڕۆیەی لە ڕیشوانێ میوانی من بن و نابێت بڕۆن، سوارەکانیش فەرمانی سەیدەحمەدی ناشکێن‌و بریاری مانەوە دەدەن. کاتێك بووك لە ماڵەی سەیدەحمەدی دادەبەزێ‌و کەمێك دەحەسێنەوە، سەیدەحمەد، داوای کوڕە حەیرانبێژەکەی کردوەو لە خەڵکەکەی دیکە جیا کردوەتەوە لێ پرسیوە، ئەو حەیرانەت بۆچی گوت ئەو هاوارەت بۆ.. هێنا؟

کوڕەکەش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوەتەوە.

هەر ئەو کاتەی سەیدەحمەد کەسێکی دەنێری بە دوای زاواو کەسوخزمانێ دا، ئەوانیش لە گوندەکەی خۆیانەوە دێن‌و بۆ نان خواردنی نیوەڕۆیە لە گوندی ڕیشوانێ ئامادە دەبن.

لە دوای نان خواردن و کەمێك پشودان، سەیدەحمەد لەگەڵ زاواو کەسوکارەکەی کەوتۆتە گفتگۆ بە زاوای گوتوە ئەو بووکە بۆ تۆ خێرەودەر نابێ، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت دڵی بە کەسێکی دیکەویە، تۆ ئەو بووکە دەست لێ هەڵبگرە من سێ کچ و کومەڵێك کچی خزمانم هەن، هەر کامێکیان تۆ بتەوێ ڕازی دەکەین. لێت مارە دەکەین و بووکی خۆت بەرەو بڕۆ. زاوا کەسو کارەکەی ڕازی دەبن و قسەی سەیدەحمەدی ناشکێنن‌و یەکێکیش لە کچەکانی سەیدەحمەدی ڕیزی دەبێت‌و کارەکە ئەنجام دەدرێ‌و بووکی تازە سوار دەکرێ و دەبرێ‌و بووکی هاتووش بە جی دەمێنیت.

لە دوای ڕویشتنی بووکی تازە سەیدەحمەد بە دوای کەسوکاری بووکی هاتوی دا ناردوەو چی کردوەو بۆی باسکردون،ئەوانیش فەرمانی سەیدەحمەدیان نەشکاندوەو هەر لەوێ کچەکەیان لە کوڕە هەژارەکەی مارە کردوەو، کوڕەکەش لە ڕیشوانێ لە لای سەیدحمەدی ماوتەوەو سەیدەحمەدیش ماڵی بۆ داناوەۆو وەکو کوڕی خۆی سەیری کردوە.

کەناڵەکانی دەربرینی هەست‌و سۆز:

کەناڵەکانی دەربرینی هەست‌و سۆز گەلێك زۆرو، زۆر جۆراوجۆرن، لە وانە:

ئامێرەکانی‌ت دەنگی بە هەموو جۆرەکانیانەوە، سەرجەمی گورانی‌یەکان، شێعر، حەیرانیش دەکەویتە کەناڵی گۆرانی‌یەوەو کوردان سۆزی خۆیان پێ دەربڕیوە و غەمیان پێ بڵاوکردون.

لێرەدا دەمانەوێ لە یەك چوونێك نیشان بدەین لە نێوان دوو بەیتە شیعری دوو شاعیری ناوداری حەیرانێك دا، ئەو حەیرانەش زۆر حەیرانبێژ دەیڵێن، بەڵام بە سۆزترین و ڕێکوپێترینان لە تاڵەکانی دەنگی شێخی حەیرانبێژان خوالێخۆشبوو(ڕسوڵ گەردی) یەوە بڵاو بۆتەوە، حەیرانەکەش ئەوەیە کە بە حەیرانی(کیژۆڵە ئەسمەرێ) بە ناو بانگە و بەشەکانیشی پیوەندیدارن:

(ئەمن چەندم گاز کردی کیژۆڵە ئەسمەرێ،

تۆ سەرێ خۆ بڵند بکە، گەردونت زەردەو وردە خاڵ بێنە دەرێ،

ئەوە براینە برادەرینە ئەمن سوێندێکم خواردوە بە سوڵتان عەبدوڵڵایعارەبی، بە دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە، پاشی بە ژنێکی باریك‌و دوو چاوی ڕەشۆکە ناکەمەوە نەزەرێ) لەم حەیرانە دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە حەیرانبێژ بێجگە لە خۆشەویستەکەی خۆی نایەوێ چاوی بە هیچ جوانێکی دیکە بکەوێت، هەر لە بەر ئەوەشە(ناکاتەوە نەزەرێ)، چونکە هیچ جوانێکی پێ لە کیژۆڵە ئەسمەرەکەی خۆی جوانتر نیە و بە تەنیا هەرئەو وینەی هەمیشەیی ناو چوار چێوە دیدەکانی‌یەتی.

لە شیعری زۆر شاعیرانی کوردیشدا ئەمە بێجگە لە خۆشەویستی خۆ نەدیتنە هەن، کە چاویان هەر خۆشەویستەکەی خۆیان دەبینێ‌و بەس. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجدانە، حەیرانبێژ سوێند بەو کەسە ئاینی‌یانە دەخوات کە خۆی باوەڕێکی بەهێزو پتەوی پێیانە، کە لەپاش بۆ نەبوون، یان نەمانی بەژنێکی باریك‌و دوو چاوی ڕەشکۆ ناکاتەوە نەزەرێ‌و ناڕوانێتە هیچ جوان‌و جوانی‌یەك.

لەم دوو بەیتە شێعرەی حاجی نالی‌و ئەحمەد هەردیشدا ئەم بابەتە خۆی دەنوێنێ، بەڵام تەنیا باسکردنەو بەس‌و، هیچ جۆرە سوێندخواردن‌و سوور بوونێکی تێدا نیە بۆ نەدیتنی جوانێکی دیکە، یان خۆشەویستێکی دیکە لەدوای خۆشەویستەکەی خۆی، وەکو ئەوەی کە حەیرانبێژ لە حەیرانەکەیدا دەڵێت.

ئەمەش دوو نموونە شێعرەکەی حاجی نالی‌و ئەحمەدی هەردی‌یە لە باسەکەماندا:

نالی دەڵێت:

لەکن من با وجودی ناس‌و ئەجناس

کەسی تێدا نی‌یە ئەم شارە بێ‌تۆ

ئەحمەد هەردی دەڵێت:

سەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگە هەموو شێوەی ئەوی تیایە

وەکو دنیا لە ناو جوانی ئەوا توا بێتەوە وایە

لە کۆتاییدا بە کورتی دروست بوونی حەیران بەمجۆرەیە

(سۆز + بیر + خەیاڵ + دارشتن = شێوەی حەیران.

### ڕاستکردنەوە

لە ژمارەی پێشوو (٣٧٩)ی "ئەدەب‌و هونەر"دا بەشی دووهەمی وتاری "حەیران لە هەگبەی کەلەپووردا" وەك دوایین بەشی بابەتەکە ناسێندراوەو هەروەها لە چەند دێرێك لە کۆتایی بەشی دووهەمدا، کە لە ڕاستی‌دا کۆتایی بەشی سێهەم پێك دێنێ، بە هەڵەیەکی تیکنیکی بڵاو بۆتەوە.

لێرەدا وێرای ڕاستکردنەوەی ئەم دوو هەڵەیە، داوای لێبوردن لە نووسەری بەرێزو خوێنەرانی ئەم بابەتە دەکەین.

**"ئەدەب‌و هونەر"**

# ململانێی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندندا

**فەرهاد ئەکبەری**

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، جیهان وەرچەرخانێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی‌و لە چەرخی سەنعەتەوە پێی نایە چەرخی پێوەندی‌یەکان‌و، شۆرشێکی گەورەی زانیاری دەستی پێ‌کرد. ئینتێرنێت، سەتەلایت، کامپیوتێر، موبایل‌و مانگی دەسکرد، جیهانیان کردە گوندێك‌و تەنانەت بە پێی قسەی هێندێك لە پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن، جیهان بۆتە ماڵێکی شووشەیی. بە شێوەیەك کە مەودای نێوان شوێن‌و کات لەنێو چووە، گۆڕانێکی قووڵ‌و گشتگیر سەرجەم بوارەکانی ژیانی گەلانی جیهانی گرتۆتەوەو پێناسە، چەمك‌و دەستەواژەکانی چەرخی سەنعەتی هێدی هێدی لە باو خستوە.

لە چەرخی پێوەندی‌یەکاندا، تواناکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەیر گەشەیان کردوەو بەرینتر بوونەتەوەو هەر بەو پێیەش، ویست‌و داخوازو کێشەکانیشی لە چوارچێوە بەرتەسك‌و داخراوەکاندا دەرچوون‌و ڕەنگ‌و بۆنێکی جیهانییان بەخۆیانەوە گرتوە. واتە بەشێك لە پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بوونەتە پرسی جیهانی‌و تێکڕای خەڵکی‌جیهان خۆیان لە بەرامبەریاندا بە بەرپرسیار دەزانن.

هێندێك لەو ویستانەی کە بە هۆی بە جیهانیبوونی ڕاگەیاندنەوە، بوونەتە ویست گەلێکی سەرتاپاگیر، داواکاریی چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادی‌یە دیموکراتیکەکانن. هەنووکە شەپۆلێکی بەرینی دیموکراسیخوازی جیهانی گرتۆتەوە، کە ئەمشەپۆلەش پتر لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕەنگی داوەتەوە: ١) بەرفرەبوون‌و ڕەگ داکوتانی دیموکراسی" ٢) ئازادیی ڕادەربڕین" ٣) خەڵك سەرداری" ٤) خێراتربوونی ڕەوتی گەشەکردن" ٥) باشتر بوونی ئاستی گوزەران" ٦) پێکهێنانی دەرفەتی دیالۆگ بۆ زۆربەی خەڵکی جیهان" ٧) دابینکردنی مافی هەڵبژاردنی دیموکراتیك" ٨) شیاندنی بەشداریی کۆمەڵایەتی" ٩) گشتگیرکردنی زانست‌و تیکنۆلۆژی.

ئێستاکە خەڵکی جیهان بەڕادەیەك هەستیان بە پێویستیی پێکهێنانی گۆڕانکاریی قووڵ لە ژیانیاندا کردوە کە دڵنیان بەبێ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دنیای نوێدا، ناتوانن، شاد، بەختەوەرو ئاسوودە بن. بۆیە لەو ڕاستی‌یە تێگەیشتون کە شیاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و بەشداری لە کۆمەڵگەی مەدەنی‌دا، لێك جوێ ناکرێتەوەو بەبێ بەشداریی شارستانی، ناتوانن ژیانیان بەرەو گەشەیەکی بەردەوام جێگیر بەرن، کەوابوو باش دەزانن کە پێکهێنانی گۆڕانکاری شتێکی ژیانەکی‌یە.

بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن بۆتە هۆی پەیدابوونی فرەجۆریی سەرچاوەگەلی زانیاری‌و دروستبوونی فرەرەنگی‌و فرە دەنگی‌و مەرگی سیستمە تاکرەوو مێنوفۆنەکان، هەربۆیەش ڕێژیمە دیکتاتۆرو ئیدئۆلۆژیکەکانی تووشی قەیرانی ڕەوایی بوون‌و ئەوان چی دی ناتوانن تەنیا ئیدئولوژی‌و هزری تایبەت بە خۆیان، دەرخواردی گەلەکانیان بدەن‌و ناچاریان بکەن تەنیا بە یەك شێواز بیر بکەنەوەو نەهێڵن لە ڕاوبۆچوونی جیاواز لە هی خۆیان، شارەزا بن. چونکە ئەم سیستمە نوێیە ڕێگەی لەبەردەم دەستڕاگەیشتنی بەربلاوی خەڵك بە زانیاریی جۆراوجۆرو پەیداکردنی ڕوانگەیەکی جیاواز لە هەمبەر ژیاندا، بۆ ئەوان کردۆتەوە.

**بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن بۆتە هۆی پەیدابوونی فرەجۆریی سەرچاوەگەلی زانیاری‌و دروستبوونی فرەرەنگی‌و فرە دەنگی‌و مەرگی سیستمە تاکرەوو مێنوفۆنەکان**

شۆرشی ئینفورماتیك، جیهان بەرەو کۆمەڵگەیەکی شارستانیی جیهانی‌و نەهادینەبوونی ئەقڵییەتی ڕەخنەگرانە دەبا، واتە بەرەو لایەك کە کۆمەڵگا لە بوارە جیاجیاکاندا دەکاتەوەو فەرهەنگی پێك هەڵکردن، حاکم دەکا. جابۆیە، لەوەها کۆمەڵگە گەلێکدا ڕاگەیاندن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگی‌و بایەخێکی زۆرتر پەیدا دەکا. کاری نووسین‌و ڕۆژنامەڤانی وەك دوو چەمکی سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و دەبنە داکۆکیکاری ماف‌و ئازادی‌یە دیموکراتیکەکانی چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکان‌و ئەوان لە هێرش‌و دەسدرێژیی دەوڵەت بۆسەریان، دەپارێزن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، یەکێك لەو ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیکیانەیە کە بە کردەوە دژی وجارەی (جەرەیان)ی ئازادی زانیاری‌یەو بەتوندی پێش بە دەستڕاگەیشتنی خەڵکی ئێران بە هەواڵ‌و زانیاریی ڕاست‌و دروست دەگرێ. تەنیا بە ڕەسمی ڕێی بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵ‌و زانیاری‌یە بێ‌نێوەرۆك، چەوت‌و ناڕاستانە دەدا کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیەوە بڵاودەبنەوەو بە بڵاوبوونەوەی هەرچەشنە هەواڵێك لە هەر سەرچاوەیەکی دیکەوە ترسی لێ دەنیشێ. بۆیە، ڕێگە بە دروستبوونی هیچ چەشنە هەواڵدەری‌و بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ نادا، چونکە لە بنەڕەتدا نەك هەر باوەڕی بە ئازادیی بەیان‌و ڕادەربڕین نیە، بەڵکوو، لەوە دەترسێ کە بەم شێوە، جینایەت‌و کردەوە نامرۆڤانەکانی دەرهەق بە خەڵکی ئێران لەقاو بدرێن‌و درۆو دەلەسەو چەواشەکاری‌یەکانی پتر بۆ خەڵك ئاشکرا بکرێن.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، هەوڵی داوە بە شێوەی جۆراوجۆر دەنگی هەقخوازانەی جیابیران، ئازادیخوازان، نووسەران‌و ڕۆژنامەڤانانی ئێرانی کپ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردۆتەبەر، گرتن، ئەشکەنجە، کوشتن، تیرۆر، بێ‌سەروشوێنکردن‌و قەتڵ دەرمانی‌و هەروەها، داخستنی دەرگای ئێران بە ڕووی جیهانی دەرەوەو کردنی بە زیندانێکی گەورە، دانانی پاڵوێنە لەسەر ماڵپەڕەکان، بەستنی نزیکەی سەد بڵاوکراوەی جۆراوجۆر لەم ساڵانەی دوایی دایەو تەنانەت ڕەتکردنەوەی گەڵاڵەی گرێدانی خوێندنگەکان بە تۆری ئینتێرنێتەوە، لەلایەن شوورای نیگابانەوە چەند نموونەیەك لە بەربەرەکانیی ڕێژیم لەگەڵ بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن دان، دژایەتی ڕێژیم لەگەڵ ئازادیی بەیان‌و قەڵەمدا گەیشتۆتە جێگایەك کە کۆڕوکۆمەڵە پارێزەرەکانی مافی مرۆڤ، ڕێبەری ڕێژیم وەك خراپترین دوژمنی چاپەمەنی بناسێنن‌و ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم داوا لە کاربەدەستانی ڕێژیم بکا کە نووسەران‌و ڕۆژنامەڤانانی زیندانی ئازاد بکەن

**کاری نووسین‌و ڕۆژنامەڤانی وەک دوو چەمکی سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و دەبنە داکۆکیکاری ماف‌و ئازادی‌یە دیموکراتیکەکانی چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکان‌و ئەوان لە هێرش‌و دەسدرێژیی دەوڵەت بۆسەریان، دەپارێزن.**

بێگومان ململانێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شۆرشی ئینفۆماتیکدا، جگە لە پەلەقاژێیەکی بێ‌سوود، چی‌دیکە نیەو ڕێژیم ناتوانێ درێژە بەم سیاسەتەی خۆی بداو خەڵکی ئێران لە مافی دەسڕاگەیشتن بە وجارەی ئازادی زانیاری بێبەش بکاو لەئاکامدا شەپۆلی بەهێزی ئەم شۆرشە، ڕێژیم لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێ‌و کۆمەڵگای ئێرانیش بە تەواوی تێکەڵ بە کۆمەڵگای جیهانی دەبێ.

❊❊❊

# نیگەرانیی ڕێژیم لە پەرەگرتنی زیاتری مەوادی موخەددیر یا ئاشکرابوونی پیلانەکانی

**خەدیجە مەعزوور**

**بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیر لەلایەن دەست‌و پێوەندەکانی ڕێژیمەوە، شتێکی سەیرو دوور لە چاوەڕوانی نیە. چونکە ڕێژیم لەو ڕێگایەوە، بۆ بە چۆکدا هێنانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، پەنای بۆ ئەو سیاسەتە چەوت‌و دژی ئینسانی‌یە بردوە.**

یەکێك لە هەزاران گیروگرفت لە وڵاتدا کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە چەوت‌و دژی ئینسانی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، گیرۆدەبوونی لاوان ـ ئەو توێژە بنیاتنەرەی داهاتووی وڵات ـ بە مادده بێهۆشکەرەکانە. بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك هەڵدەینەوەو لەسەر ئەم دیاردەیە شتێك نەخوێنینەوەو یا لە ڕاگەیەنە گشتی‌یە دەنگی‌و ڕەنگی‌یەکاندا نەبیسین‌و نەبینین کە لەسەر گیرۆدەبوونی لاوان بەم مەوادده بابەت بڵاو نەبووبێتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە، ڕێژیم‌و دەست‌و پێوەندەکانی لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانیشدا دان بە ئاماری دروست‌و وردی موعتادەکان لە وڵاتدا نانێن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن بیشارنەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو نهێنیکاری‌و تاقیکردنەوەی ڕێژیم لەو بوارەدا دیسانەکە هێندێك ئاماری ئاشکرا، پێمان دەڵێن کە ژمارەی گیرۆدەبووان بە مەوادده بێهۆشکەرەکان لە ئێراندا، زیاتر لە ٦ میلیۆن کەسە. ئەو ئامارە لە وڵاتێکی ٦٠ میلیۆن کەسیی وەك ئێراندا، ئەوە نیشان دەدا کە لە هەر ١٠ میلیۆن کەس، ١ میلیۆن کەس گیرۆدەی مەوادی موخەددیرن.

ماوەیەك لەوەپێش سکرتێری گشتیی ستادی بەربەرەکانێ لەگەڵ مەوادی موخەددیر، ڕایگەیاند کە "ئاماری قوربانی‌یەکانی تێوەگلاو بە مەوادی موخەددیر، نیگەرانی‌هێنەر بووەو هەر مانگەی لە وڵاتدا بەم هۆیەوە ٣٦٧ کەس دەمرن." هەر لەو کاتەدا نوێنەرێکی سەربە قۆڵی پاوانخوازی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی، لەسەر ڕادەی ڕوو لە زیادبوونی ئەو قوتابییانەی کە تووشی مەوادی موخەددیر بوون، کاربەدەستانی وریا کردەوەو ڕەخنەی لە وەزیری ئامووزش‌و پەروەرش گرت. بەدوای چوونە سەری ڕادەی چالاکیی فرۆشیارەکانی مەوادی موخەددیر لە شارەکان‌و لە قوتابخانەکاندا، ژمارەی کەسانی گیرۆدەبوو بە مادده بێهۆشکەرەکانیش چۆتە سەرو نوێنەری مەجلیس لەو بوارەدا گوتی: "لە قوتابخانەکانی ئێراندا ٦٠٠ هەزار قوتابی گیرۆدە بوون‌و یا خەریکن بەم مەوادده گیرۆدە دەبن." ئەم نوێنەرەی مەجلیس هۆی پەرەگرتنی مەوادی موخەددیری بە لاوازبوونی بەڕێوەبەریی وەزارەتی ئامووزش‌و پەروەرش زانی‌و گوتی: "هەر ڕۆژە شاهیدی هاتنەخواری ئاستی زانستی‌و چوونەسەری ڕێژەی تووشبوون بە مەوادی موخەددیر دەبین."

نوێنەری ئاماژە پێکراوی مەجلیس، لە کاتێکدا باس لە لاوازیی مودیرییەتی وەزارەتی ئامووزش‌و پەروەرش دەکا کە هەموو لایەك‌و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران، باش دەزانن کە دەسەڵاتبەدەستە وردو درشتەکانی کۆماری ئیسلامی، کاتی خۆی بۆ ئەوەی دوژمنایەتیی قووڵی خۆیان لەگەڵ خەڵك بەتایبەت گەلی کورد نیشان بدەن، لە شارەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی کوردستاندا، بە زۆرو زەوەندی ئەم مەوادەیان بەهۆی دەڵاڵەکانیانەوە بڵاو کردۆتەوەو ئێستاش بڵاوی دەکەنەوە. بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیر لەلایەن دەست‌و پێوەندەکانی ڕێژیمەوە، شتێکی سەیرو دوور لە چاوەڕوانی نیە. چونکە ڕێژیم لەو ڕێگایەوە، بۆ بە چۆکدا هێنانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، پەنای بۆ ئەو سیاسەتە چەوت‌و دژی ئینسانی‌یە بردوە.

ڕێژیم لەو بوارەدا بەهۆی ڕایەڵکە تایبەتی‌یەکانی بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیرەوە لەو ئامرازە ناپیرۆزو دژی ئینسانی‌یە بۆ گەیشتن بە ویست‌و ئامانجە پیس‌و چەپەڵەکانی کەڵك وەردەگرێ. مەبەستی ئەو لەو کردەوە دژی ئینسانی‌یەدا لەلایەك ئەوەیە کە لاوانی ئێران‌و بەتایبەتی لاوانی کورد بە چەشنێك لە مەوادی موخەددیرەوە بگلێنێ کە بیر لە وەزعی خۆیان‌و داهاتووی وڵاتەکەیان‌و گەلەکەیان نەکەنەوەو لەلایەکی دیکەوە لە زیندوویی‌و چالاکی ئەوان کەم کاتەوەو نەخۆش‌و دەستەوەستانیان بکا. هەرچەندە دەست‌و پێوەندەکانی ڕێژیم لەو بوارەدا تا ڕادەیەك توانیویانە لە کوردستاندا، بە هەزاران لاو تووشی ئەم مەوادده ژیانشێوێنە بکەن، بەڵام پیلانێك کە دژی گەلی کورد بەڕێوەیان بردوە، لەڕاستی‌دا پریشکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتۆتەوەو ئەم ئاکامە ناخۆش‌و دڵتەزێنەی بەدواوە بوو کە ئێستا دەی‌بینین کە لەوبارەوە چۆن دادو فیغانی جەنابی نوێنەری سەر بەقۆڵی پاوانخوازی‌مەجلیسی بەڕواڵەت لێ بەرزبۆتەوە.

لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارە لە جەنابی نوێنەری مەجلیس بکرێ کە کێ بەرپرسیارە لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەددیرو گیرۆدەبوونی ٦٠٠ هەزار قوتابیی قوتابخانەکان‌و یا لە ٦ میلیۆن کەس لە وڵاتێکی ٦٠ میلیۆنی‌دا؟ بەڕاستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێکهێنانی ئەم وەزعەدا هیچ تاوانێکی نیە؟ کە بە ئەنقەست دەستی باندە مافیایی‌یەکانی مەوادی موخەددیری ئاوەڵا کردوە تا ڕایەڵکەکانیان بکێشنە نێو ناوەندە ئامووزشی‌یەکانی وەك قوتابخانە سەرەتایی، دەبیرستانەکان، زانکۆکان‌و نێو کۆمەڵانی خەڵك. یا ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕ کە ئایا ئەو هەڵلاو هەنگامەیەی کە جارناجارێك لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا لەسەر زیادبوونی گیرۆدەبووان لە وڵاتدا دێتە گۆڕو داوای ڕێگاچارەی دەکرێ، لەلایەن ڕێژیمەوە بەرنامەیەك بۆ پێشگرتن یان ڕوونکردنەوەیەك یا دەرسێك بۆ لاوان وەبەرچاو گیراوە؟ یا ئایا ئێستا بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەددیر لە ناوەندە ئامووزشی‌یەکانی وەك دەبیرستان‌و زانکۆ. . .کاندا هیچ هەنگاوێك هەڵگیراوەو هەر لە بنەڕەتڕا بەرنامەیەکی بەکەڵك‌و جێگرتووو درێژخایەن بە دەستەوەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بێگومان هەمووی نایە.

نوێنەری سەر بەقۆڵی پاوانخوازی مەجلیس لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا دەڵێ: "ئەگەر ئامارێکی ئەوتۆ ڕاستیش بێ، نابێ لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا بڵاو بێتەوە"، چونکە بەوتەی ناوبراو دەبێتە هۆی نیگەرانیی دایك‌و بابەکان‌و خەڵك. ئەو قسەیە ئەوە نیشان دەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لەوەی نیگەرانی پەرەگرتنی مەوادی موخەددیرو گیرۆدەبوونی زیاتری لاوان بەو مەوادده دەبێ، نیگەرانی ئاگاداربوونی خەڵك‌و لەقاودانی ئەو وەزعەیەو دەربڕی ئەو ڕاستی‌یەیە کە بەلای ڕێژیمەوە ئەوەی دەبێ بپارێزرێ، نە خەڵك‌و نە لاوانی وڵات‌و نە سلامەتیی کۆمەڵ، بەڵکوو ئابڕووی ڕێژیم‌و ئاشکرانەبوونی پیلانەکانیەتی.

❊❊❊

# ڕێژیمی حوقووقیی دەریای خەزەر

حوسێن مەدەنی

پسپۆڕانو کارناسانی پێترۆڵو زەویناسی، باس لەوە دەکەن، دەریای خەزەرو وڵاتانی دەوروبەری لە چەند ساڵی دیکەدا، دەبنە گرینگترین شوێنی هەناردەی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان. پاشەکەوتی‌نەوتی ئەو مەڵبەندە بە رادەیەك سەرنجڕاکێشە کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی کومپانیا بەناوبانگە جیهانی‌یەکان رایان وایە لە کەنداوی فارسیش بەخێرترە. زۆربەی کارناسان لەو باوەڕەدان، دەریای خەزەر، خەزێنەیەکی فراوانی زێڕی رەشو گازی سروشتیشی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، پاش ناوچەی کەنداوو سیبری بە دەوڵەمەندترین سەرچاوەی گازو نەفتی تا ئێستا ناسراوی دنیا دادەنرێ. هێندێك لە پسپۆڕان پاشەکەوتی ئینیرژیی ئەو مەڵبەندە بە زیاتر لە ١٣ میلیارد تۆن دەقەبلێنن! بەشێکی دیشیان ئیددیعا دەکەن کە حەوزەی خەزەر ٢٥٪ی گازو نەوتی جیهانی تێدا عەمبارەو بە دووەمین مەیدانی نەفتیی دنیای ئەورۆ دادەنێن.

بەو ئامارو زانیارییانەی لەسەر پاشەکەوتی گازو نەوتی خەزەر بڵاو بوونەوە،گومانێك نەماوە کە حەوزەی خەزەر، یەکێك لە مەیدانە دەوڵەمەندەکانی ئینیرژیی جیهانە. بەڵگەی هەرە زیندووش ئەوەیە کە لەو دە ساڵەدا دەریای خەزەر بۆتە سەنتەری سەرمایەگوزاریی کەلانی کومپانیاکانی جیهانو بە تایبەتی کومپانیاکانی ئەمریکاو بریتانیا. لەسەر ڕێژیمی حقوقیی ئەو دەریایەش لە نێوان وڵاتانی میحوەری دەریا کێشەو هەڵلایەکی زۆر ساز بووەو تا ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر شێوەی دابەشکردنی ئەو نیعمەتە خودادادیە بە خاڵی هاوبەش بگەن.

وڵاتانی ناوچەکە بەسەر نیعمەتێکدا کەوتوون کە دەکرا بە هاریکاریو پێکگەیشتن لەگەڵ یەکتری‌دا ئابووری‌یەکانیان بگەشێننەوەو بەرەو شەقامی شارستانییەت هەنگاو هەڵهێننەوە. بەڵام لە کردەوەدا، دەرکەوت هەروا سووكو هاسان پارووە چەورەکەیان بۆ قوت نادرێ. دۆزرانەوەی سامانی ئینیرژی، نەك ئەوانی لێك نیزیك نەکردەوە، بەڵکوو، رۆژبەڕۆژ نێوانیان ئاڵۆزتر بوو. وڵاتانی رۆخی خەزەر زیاتر لە پێنج ساڵە لە گێژاوی وتووێژێکی بێ‌ئاکامدا گیرساونەتەوەو میکانیزمێکی هاوبەشیان لەسەر ڕێژیمی حقوقیی ئەو دەریایە نەدۆزیوەتەوە.

## ڕێژیی دەریایی خەزەر

هەتا شۆرەوی مابوو، رێکەوتننامەکانی ١٩٢١و ١٩٤٠ی بەینی شۆرەوی‌و ئێران، لەسەریەك رێزیان لێ‌دەگیراو بەرێوە دەبران. دەریای خەزەر وەك دەریایەکی هاوبەش، بە شێوەی "مشاع" هەردوولا کەڵکیان لێ وەردەگرت. هاوبەش نە بە مەعنای دابەشکردنی ٥٠ـ٥٠ی دەریاکە، بەڵکو بە پێی رۆخی دەریایی ئەو دوو وڵاتە دیاری کرابوو. بە واتەیەك رێژیمی حقوقیی دەریایی ئێران لەخەزەردا، هێڵێکی شەرقی ـ غەربی بوو کە تا ئاستاراو بەندەری حاجی ترخانی دەگرتەوە. ئێران لە هێڵێکی لێواری دەریاڕا تا ئەو هێڵە مافی هەبوو لە سەرچاوە سروشتی‌یەکانی سەرو بنی دەریاکە، سوود وەرگرێ.

دوای رووخانی شۆرەوی‌و، سەربەخۆبوونی وڵاتانی قەزاقستانو تورکمەنستانو کۆماری ئازەربایجانو، دۆزینەوەی نەفتو گازی تازە لە قوولایی دەریای خەزەردا، لەلایەن کومپانیاکانی دەرەوە، رێکەتننامەکانی پێشوو کە لەسەر "مشاع" دارێژرابوو، بەهۆی رکەبەریی وڵاتانی میحوەری خەزەر لە ئیعتیبار کەوتن. بەرەبەرە لەسەر رێژیمی حقوقیی دەریای خەزەرو شێوەی کەڵكوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتی‌یەکانی ئەو دەریایە، کێشەکان سەریان هەڵدا. لەو بەینەدا،کێشەی ئێران لەگەڵ چوار وڵاتەکەی دیکە لە هەموو کێشەکان زیاتر زەق بۆتەوە.

لە پێشدا، "مشاع"بوونی دەریای خەزەر بۆ ئازەربایجانو قەزاقستان قابیلی قبووڵ نیە. دەڵێن دەریای خەزەر لەبەر چەند هۆ خاسییەتی دەریاچە بوونی پێوە نەماوە. بۆ وێنە لە رێگەی چۆمی ولگاو ئوراڵو کاناڵ‌کێشی‌یەوە بە دەریای رەشو باڵتیكو هەروەها دەریا ئازادەکانی جیهان رێی بۆتەوەو تایبەتمەندیی دەریاکانی بەخۆوە گرتوەو دەبێ رێژیمی حقوقیی حاکم بەسەر دەریاکاندا، ئەو دەریایەش بگرێتەوە، کە بە پەسندی کونوانسیونی حقوقیی دەریاکان لە ١٩٨٢دا گەیشتوە. بۆیە هەر دوو وڵاتی ناوبراو بە پەیڕەوی لە کونوانسیونی حقوقیی دەریاکان بە هەقی خۆیانی دەزانن قەڵەمڕەوی دەریایی وڵاتەکانیان، بەم شێوەیە دیاری بکەن:

١ــ دیاریکردنی هێڵێکی سەرەکی لەسەر ئەساسی کشانەوەی ئاوی دەریا لە کاتی "جزر"دا

٢ـ جیاکردنەوەی ١٢ مایلی دەریایی بە نێوی سەرزەمینی دەریایی ئەو وڵاتە

٣ــ دانانی ٢٠٠ مایلی دەریایی وەکوو ناوچەیەکی پاوانکراوی ئابووری

٤ـ دیاریکردنی سنووری قەڵەمڕەوی هەر وڵاتێك لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانی‌دا.

بەپێی قانوونی دەریاکان، وڵاتانی رۆخی دەریا، مافیان هەیە بەسەر سەرزەمینی دەریایی‌و سامانە سروشتی‌یە شوێنە پاوانکراوە ئابووری‌یەکان‌دا، خاوەن دەسەڵات بن. مافیان هەیە بۆ سوودوەرگرتن لە کانگا سروشتی‌یەکانی ژێر دەریا، بە هەر وڵاتێکی کە خۆیان بە مەسڵەحەتی بزانن ئیمتیازەکەی پێ‌بدەن!

رووسیەو تورکمەنستان لە سەرەتادا لەسەر "مشاع"بوونی دەریا لەگەڵ ئێران هاودەنگ بوون. بەڵام دواتر رووسیە نەزەری گۆڕا، لەگەڵ ئازەربایجانو قەزاقستان کەوت. پێشنیاری ئێران ئەوە بوو، دەریای خەزەر بەسەر ٥ وڵاتی میحوەری خەزەردا دابەش بکرێ، هەر وڵاتەی ٢٠٪ی ئەو دەریایەی پێ‌دەبڕا. بەڵام چوار وڵاتەکەی دیکە بەو دابەشکردنە رازی نەبوون. ئەوان پێبەندی یاسای کونوانسیونی دەریاکان مانەوە.

## ڕێککەوتنەکان


ڕێبەرانی وڵاتانی لێواری دەریای خەزەر

لە ساڵی ١٩٩٨دا سەرۆك کۆماری رووسیەو قەزاقستان (یلتسینو نەزەربایۆف) یەکەمین رێککەتننامەی دوو لایەنەیان بۆ خەت‌کێشانی ژێر دەریا لەسەر ئەساسی سنووری نێوان دوو وڵات‌دا پێکەوە ئیمزا کرد. بە دووی ویش دا، رووسیەو ئازەربایجانو قەزاقستان رێککەوتن. ئاکامی ئەو رێککەوتنانە دەریان خست، پێداگرتنی دەوڵەتی ئێران لەسەر دابەشکردنی دەریای خەزەرو سەهمی ٢٠ ٪ ی ئەو دەریایە بۆ هەرکامیان سەرناگرێ.

دەرکەوت دابەشکردنی رووکاری خەزەر، بە شێوازی ئەستوونی، چوار وڵاتەکەی دیکە رازی ناکاو لەگەڵ ئێراندا نین. ئەوان سوورن لەسەر ئەوە کە کێشەی سنوورەکانیان لە تەختی دەریادا ببڕێننەوە. دوایین گەڵاڵەیەکی کە ئێستا دەوڵەتی ئێران لە سەری ساخ بۆتەوە، دابەشکردنی تەختایی دەریا و"مشاع" بوونەکەیەتی. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دانیشتنەکانی داهاتوویان دا دەیانهەوێ بە هێزەوە لەپشتی رابوەستن!

ئەو باسە بەو ئاکامەمان دەگەیەنێ، بێتوو هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران نەگۆر بمێنێتەوە و لەگەڵ چوار دەوڵەتی میحوەری خەزەر پێك نەیەت و لە بەرامبەریش دا، چوار دوڵەتەکەی دیکە دووبەدوو و سێ‌بە سێ رێك بکەون و هاوبەش لە سامانە سروشتی‌یەکانی دەریای خەزەر کەڵك وەرگرن، گومانی تیدا نامێنێ، پێوەندیی ئێران بەرامبەر بە ئەوان و بە تایبەتی کۆماری ئازەربایجان ئاڵۆزتر دەبێ و دەست بردن بۆ چەك، قەیرانی خەزەر بەرەو ئاوسانێکی بە تەوژمتر رادەکێشێ.

## میلیتاریزە بوونی حەوزەی خەزەر

هەر ئێستا ناوچەی خەزەر رووی لە میلیتاریزە بوون دایە. پێوەندیی هێندێك لەو وڵاتانە زۆر گرژو ئاڵۆزە. بۆ وێنە تورکمەنستانو ئازەربایجان لە سەر مالکییەتی کانگا نەوتەکانی ئازەری، چیراگ، گونشلی کە کەوتوونەتە نێوبەندی دەریای خەزەرو سنوری ئاویی ئەو دوو وڵاتە، خەریکی دەگژیەکڕا چوونن. وێنەیەکی تری لەو بابەتە، باشووری دەریای خەزەرە، تا ئێستاش ئێران و ئازەربایجان، نەیانتوانیوە زمانێکی هاوبەش بۆ چارەسەر کرنی کێشەی دەریایی‌یەکەیان بدۆزنەوە. لایەنێکی بە هێزیش لەو نێوەدا ئەمریکایە کە لە سەر گەورەترین پرۆژەی خەزەر لە ئازەربایجان و قەزاقستاندا سەرمایەگوزاری‌یەکی کەلانی کردوە و دەیهەوێ وەك بریاردەری سەرەکی لە ناوچەکەدا دەوری هەبێ.

سەیر ئەوەیە رووسیە لە بەرامبەر ئەو وەزعەدا زۆر بە پارێزەوە دەجوولێتەوە. ژنراڵ ل. روخلین لە سەر رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان دا دەڵێ: " رووسیە هەڵوێستێکی نەرمکێشانەو تەنانەت لاوازیشی هەیە. ئەمریکا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لە "ئەهرۆمی فشار" کەڵك وەردەگرێ" بەڵام ویکتورکالوژنی جێگری وەزارەتی دەرەوەو نوێنەری تایبەتیی سەرۆك کۆماری رووسیە لە کاروباری خەزەردا بە شێوەیەکی دیکە باس دەکا: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی بە هێزترین ئابووریی ئەم جیهانەیە. ئەو وڵاتە لە هەموو شوێنێك قازانجی خۆی لە بەرچاوە. بە تایبەتی لە کەرتی ئینیرژی دا. لە هەر وڵاتێکی ئەو گۆی زەوی‌یە ماددەی بەرهەمهێنەری ئینیرژی شك ببا، خۆی تێ دەخزێنی و هەولیش دەدا دەسەڵاتی بە سەری دا بشکێنێتەوە، دەریای خەزەریش لەو قانوونە جیا ناکرێتەوە.لە سەر دەریای خەزەریش ئەمریکا زۆرەملی لە رووسیە نەکردوە"

بێجگە لەوەی کە ئەمریکا و ناتۆ خەریکن هێزی نیزامیی وڵاتانی میحوەری خەزەر، بە هێز دەکەن، کاتێك ئازەربایجان و تورکمەنستان لێك ڕاست بوونەوە، دەوڵەتی ئێران پشتیوانی لە تورکمەنستان کرد. بە دەستوری وەزیری دفاع ٧ گەمیی جەنگی و ناوشکێنێکی لە ئیختیار تورکمەنستان نا. ئێران لەو ژیستە نیزامی‌یە دا دەیهەوێ زەبری خۆی لەو پرۆژە نەوتیانە بوەشێنێ کە کومپانیاکانی ئەمریکاو بریتانیا لە ئازەربایجان‌دا سەرمایەگوزاری‌یەکی قورسیان تێدا کردون. ئازەربایجان بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئێران دا بە یارمەتیی ئەمریکا خەریکە هێزە دەریایی‌یەکەی مودیرنیزە دەکا. بە قەولی نوێنەری وەزیری دیفاعی ئەمریکا لە بەشی ئوراسیا (م. ریکاردل) ئەمریکا یارمەتیی نیزامیی ئازەربایجان دەدا بۆپاراستنی سنوورە دەریایی‌یەکەی کە بۆتە مایەی کێشەی نێوان باکۆ وتاران.

پێویستی بە وەبیرهێنانەوە هەیە، ئەمریکا لە ساڵی رابردوودا بوودجەیەکی تایبەتی بۆ قایم و بە هێز کردنی هێزی دەریایی ئازەربایجان تەرخان کردوە کە لە گەڵ ئێستاندارەکانی ناتۆ دا یەك دەگرێتەوە. وەزیری بەرگریی قەزاقستانیش رایگەیاندکە: پاراستنی ئەمنیەتی سنوورەکانی قەزاقستان و ناوچە نەوتی‌یەکان کە شیرکەتە خاریجی‌یەکان سەرمایە گوزاریی کەلانیان لە سەر کردوە، ئەرکی هێزی دەریایی یە. بەو جۆرە وەزعێکی نائاسایی خەزەری داگرتوە، ئێران لایەنی سەرەکیی ئەو وەزعە نائاسایی‌یە، بێتولەمەو دوا زۆر وردبینانە و کارناسانە نەجوڵێتەوە،لە پێش هەمووان دا ئاوری شەڕێك کە هێورهێور شینە دووکەڵی لێ هەڵدەستێ ئاتەگی ئێران دەگرێتەوە. قودرەتنەمایی هێزی نیزامیی ئەمریکاش لە دەریای خەزەر دا هەڵگری ئەو پەیامەیە کە نفووزی رووسیە لە باکووری ئەو دەریایە بەربەست بکا و نەهێڵێ جارێکی دیکە دەسەڵاتی لە ناوچەکە دا بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی.

لەسەریەك خەزەر یەکێك لەو ئاڵقە ستراتیژی‌یە جیهانی‌یەیە کە ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا خەریکە بە ئاڵقەکانی دیکەی وەسڵ دەکا.




سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١ـ کیهان، یکشنبه ٣ تیر ١٣٨٠

٢ـ فصلنامه خاورمیانه، شماره ٣ پائیز ١٣٧٤

٣ــ ایران امروز، مسائل ایران و روسیه در دریای خزر، سه‌شنبه ١ بهمن ١٣٨١

٤ــ نشریه نوویه ایزوستیا، چاپ مسکو، دوشنبه ١٩ آبان ١٣٨٢، دریای خزر یك مین که چاشنی آن از نفت است

❊❊❊

## درێژەی وتاری "هەڵوێستی قەزافی" هۆو هۆکارەکانی

سکولاریزمو . . . بەدواوەیە دەتوانێ سەرەتای سەرکەوتنی بەرەی رۆژئاوا بێ لە بوارەکانی دیکەش بە تایبەت بواری چاندی‌دا. ئێستاش پاشەکشەی لیبی لە هەڵوێستەکانی پێشووی‌و ملڕاکێشانی بۆ داخوازەکانی ئەمریکا، بە جۆرێ دەچێتە خانەی ئەو شکستانەی بەرەی رادیکالیزمی ئیسلامی‌و سەرکەوتنی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی‌یەوە.

ئەم رووداوانە بەگشتی، کاریگەری‌یەکی گەورەیان لە سەر وڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامی دەبێ‌و دەبنە هۆی دروست کردنی قەیرانێکی سیاسی‌و ئیدئۆلۆژیکی بۆ ئەم وڵاتانە، بە تایبەت وڵاتە عەرەبی‌یەکان کە لە باری سایکۆلۆژیشەوە تووشی دارِمانێکی دەروونی‌و کەسایەتی بوونو هەست بە سووکایەتی دەکەن.

لە ئاکامی ئەم باسەدا با چاو لە قسەو بۆچوونی هێندێك کەسایەتیی سیاسی‌و رۆژنامەگەری بکەین، کە لەم پێوەندی‌یەدا هاتوونەتە گۆڕێ:

عیماد شەعیبی، راڤەگەرێکی ناوداری خەڵکی سووریە دەڵێ: واشنگتۆن، لیبی دەکاتە نموونەیەك بۆ ئەوەی زەخت بخاتە سەر وڵاتانی دیکە، جگە لە ئیسرائیل.

زیار شوان، راڤەگەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی سیاسی‌و ئیستراتژیکی ئەلئەهرام لە قاهیرەدا دەڵێ: قەزافی بەم هەڵوێستەی تەنگی بە سووری‌یەکان هەڵچنیوە، بەڵام من پێم وانیە کە سووری‌یەکانیش هەڵوێستێکی وا بگرن، چونکە ئەوان لە دۆخی شەڕدانو بەشێ لە خاکەکەشیان داگیر کراوە.

محەممەد سەید سەعید، جێگری سەرۆکی ناوەندی ناوبراو دەڵێ: ئەم بڕیارە کاریگەری‌یەکی ئێجگار خراپی دەبێ لەسەر هەموو کەسێ لە جیهانی عەرەبدا، چونکە بڕیارێکی یەك لایەنە بوو کە هەر کەسێ دەخاتە دۆخێکی خراپو نالەبارەوە.

محەممەد ئەلبرادعی، سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی سەبارەت بەم هەڵوێستە دەڵێ: ئەم بڕیارە هەنگاوێکی پۆزێتیڤ بوو کە دەتوانێ، یارمەتیی لیبی بدا بۆ ئەوەی کە خۆی لە ئاکامی چالاکی‌یەکانی پێوەندیدار بە بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ، بپارێزێ.

جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ئامریکا، پاش رێزگرتن لەم هەڵوێستەی قەزافی وتی: ئەمە پیشان دەدا کە وڵاتە دیکتاتۆرەکان لە رێگای گەیشتن بە چەکی ناوکی‌دا بە بن بەست گەیشتوون. هەروەها ئێرانو کورەی باکووریشی ئاگادار کردەوە کە لیبی بکەن بە نموونەیەك بۆ خۆیان.

وەزیری بەرگریی بریتانیا وتی: ئەم بڕیارە بەرهەمی شەڕی عێراقەو لە سایەی ئەودایە.

یوشکا فیشیر، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان، دەڵێ: ئەم کارەی قەزافی، هەنگاوێکی نموونەیە.

بەهەرحاڵ ئەوە داهاتوویە کە نیشانی دەدا وڵاتانی سەرەڕۆ تا چ رادەیەك لیبی دەکەنە نموونەو پەیڕەوی لە هەڵوێستی قەزافی دەکەنو ئەو هەڵوێستەی قەزافییش چ ئاکامێکی باش بۆ لیبی‌و دەسەڵاتی قەزافی لێ دەکەوێتەوە.

❊❊❊

# جیهان له ساڵی ۲۰۰۳دا

**ئامادەکردنی: شۆڕش**

ساڵی ۲۰۰۳ی زایینی بۆ جیهانو بە تایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ساڵێکی پڕلە گۆڕانکاری بوو. هێرشی نیزامیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٥شەممە، ۲۰ی مارسی ۲۰۰۳ بۆ سەر دەوڵەتی عێراق، هەموو مەسەلە سیاسییەکانی جیهانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستەژێر تیشکی خۆیەوە، ئێستاش دوای تێپەڕیتی ٦ مانگ بە بەسەر ڕاگەیاندنی کۆتایی شەڕی نیزامی لە لایەن جۆرج بوشەوە، عێراق هەروا ناوەندی سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهانە. کێشەی بەرنامە ناوکی‌یەکانی ئێرانو ئیمزای پرۆتوکۆلی هاوپێچی پێشگرتن لە پەرەپێدانی چەکە ناوکی‌یەکان لە ڕووی ناچارییەوە لە لایەن بەرپرسانی ئێران، پێدانی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل بە ژنە مافزانی ئێرانی، شیرین عیبادی، شۆڕشی گورجستانو لەسەرکار لابرانی "ئیدوارد شواردنادزە"و کۆبوونەوەی "لویی جەرگە" لە ئەفغانستان بە مەبەستی دیاریکردنی حکومەتی داهاتووی ئەو وڵاتە، بەردەوام بوونی کردەوە تیرۆریستی‌یەکان لە ئاستی جیهاندا. ڕووداني بوومەلەرزەی ڕۆژی هەینی ٥ی بەفرانباری ۱۳۸۲ی هەتاوی لە شاری "بەم"ی سەر بە پارێزگای کرمان، دەستگیرکردنی، ٤۰۰ کەس لە خوێندکارانو درێژە پێدان بە زەختو سەرکوتی خەڵكو بزووتنەوە ئازادیخوازی‌یەکانی گەلانی ئێران، لە لایەن ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێرانەوە، بەشێك لە ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ڕابردوون کە لێرەدا ئاماژە بە ڕۆژمێری هێندێك لە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووی زایینی دەکەن.

* ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی ژانویەی ۲۰۰۳ی زایینی، چەکدارە ئیسلامخوازەکانی ئەلجەزایر هێرشیان کردە سەر هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی ئەو وڵاتەو ٤٣کەسیان لێ کوشتو ۱۹ کەسیان لێبریندار کردن، ئەو هێرشە بە توندترین هێرشی ئیسلامخوازان بە دژی مەئمووراني دەوڵەتی لە ساڵی ڕابردوودا دادەنرێ. توندوتیژیی سیاسی ـ نیزامی لە نێوان ئیسلامخوازانو هێزە دەوڵەتی‌یەکانی ئەلجەزایر لە ۱۰ ساڵ لەوە پێشەوە دەستی پێکردوەو تا ئێستا هەزاران کوژراوی لێکەوتۆتەوە.

* ڕۆژی دوو شەممە ۱۲ی ژانویەی ۲۰۰۳، دەیان هەزار تورکی قبرسی، بە مەبەستی پێشوازیکردن لە گەڵاڵەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکخستنەوەی ئەو دوورگەیە، لە نیکوزیای باکوور، ڕێپێوانێکیان وەڕێ خست. بەپێی ئەو گەڵاڵەیە دوای ۲۹ ساڵ دوو بەشی تورك نشینو یونانی‌نشینی قبرێس یەکتری گرتەوە.

* ڕۆژی ١٦ی ژانویە، پۆلیسی دەریایی ئیتالیا، لە گەمی‌یەکی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ٤۰ تۆن کەرەسەی بەرهەمهێنانی بۆمبی شیمیایی دۆزییەوەو دەستی بەسەردا گرت، ئەو گەمی‌یە بەرەو لیبی دەڕۆیشت.

* ئاخرین کۆبوونەوەی ئەنترناسیونال سوسیالیست، دوای کۆنگرەو لە ڕۆژەکانی ۲۰و ۲۱ی ژانویە لە شاری ڕۆم پێتەختی ئیتالیا بەڕێوە چوو.

* دەوڵەتی ئەمریکا دوای چەند مانگ هەوڵو تێکۆشان، لە ڕۆژی دووشەممە ۲٤ی ژانویەدا، وەزارەتی ئەمنییەتی دامەزراند. دامەزراندنی ئەو وەزارەتخانەیە هەڵوێستێکی ڕاستەوخۆیە لە بەرامبەر هێرشە تیرۆریستی‌یەکانی ۱۱ی سپتامبری ۲۰۰۱دا. "تام ڕیج" لە ڕێوڕەسمێك لە کاخی سپیدا وەك وەزیری نوێی ئەو وەزارەتخانەیە سوێندی خوارد.

* ڕێبەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەمریکا، ڕۆژی یەکشەممە ۲٥ی ژانویە بە مەبەستی وتوویژ لەسەر چۆنیەتی کۆتایهێنان بە قەیرانی وڵاتی "ساحل عاج" لە پاریس کۆبوونەوە.

* کریس پاتن، کومیسێری پێوەندیی‌یەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا کە ڕۆژی دووشەممە ۳ی فێوریە بە مەبەستی وتوویژێکی سێ‌ڕۆژە چووە ئێران، لەسەر ئەوە سوور بوو کە ئیمزای ڕێککەوتننامەی بازرگانیو هاوکاریی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران، پێوەندی هەیە بە باشتر کردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانداو پێشڤەچوون لە بواری سیاسی‌دا، بۆ وێنە مەسەلەی بەرهەمهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانو تیرۆریزم.

* گرووپێك لە کارناسانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە سەرپەرستیی "لویی ژوانە" ئەندامی دیوانی بەرزی وڵاتی فەرانسە، ڕۆژی شەممە ١٥ی فێوریە سەردانی ئێرانیان کرد. ئەوە یەکەم گرووپی نێونەتەوەیی‌یە کە دوای ڕێگەنەدان بە سەردانی "موریس کاپیتۆرن" لە ساڵی ۱۹۹٦ لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، سەردانی ئەو وڵاتە دەکەن. مەئمووریيەتی سەرەکیی ۱۲ ڕۆژەی ئەو گرووپە موتالاکردن لەسەر دەستگیرکردنی بێ‌سەرەوبەرە لە ئێراندا بوو.

* ڕۆژی هەینی ۲۸ی فێوریە دادگای تاوانەکانی شەڕ سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، خاتوو "بیلینا پلاویچ" سەرۆك کۆماری پێشووی سربستانی بە تاوانی خیانەت دژی مرۆڤایەتی بە ۱۰ ساڵ زیندان مەحکووم کرد.

* ڕۆژی دووشەممە ٨ی مارسی ۲۰۰۳ی زایینی "خوان خوزە گالیانو"، قازی فیدرالی ئارژانتین، داوای لە ئەنترپۆل، واتە پۆلیسی نێونەتەوەیی کرد کە چوار کەسی ئێرانیو یەك لەوان عەلیی فەلاحیان، بەرپرسی پێشووی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی هەرچی زووتر دەستگیر بکا. ماوەیەك پێش ئەوە ڕێکخراوی ئیتلاعاتی ئارژانتین لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا لە پێوەندی لەگەڵ تەقینەوەی بنکەی جوولەکەکانی ئەو وڵاتەدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی، وەك دەرکەری فەرمانی ئەو تەقینەوەیە ناساند.

* ڕۆژی چوارشەممە ۱۲ی مارسی ۲۰۰۳ی زایینی "زوران جینجیك"ی ٥۳ ساڵەو سەرۆك وەزیرو ڕێبەری حیزبی دیموکراتی سربستان، لەبەردەم ئاواهیی دەوڵەت لە بیلگراد، تیرۆر کرا.

* بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ۲۰ی مارسی ۲۰۰ی زایینی هێزەکانی هاوپەیمانان، بە مەبەستی ڕووخاندنی حکومەتی بەعس، بە دژی دەوڵەتی عێراق دەست بەکار بوونو دوای سێ حەوتوو شەڕو پێکدادان شاری بەغدایان گرتو لەو وڵاتەدا کۆتاییان بە هێزی نیزامی ـ ئەمنییەتیو دەوڵەتی ڕێژیمی بەعس هێنا.

* پۆلیسی ئیتالیا، ڕۆژی سێشەممە ۲٥ی مارس، کەشتی‌یەکی هەڵگری ٤۲ تۆن چەکوچۆڵی ئێران، کە بەرەو ئەفریقا دەڕۆیشت لە بەندەری ئەو وڵاتەدا شناسایی کردو دەستی بەسەردا گرت. چەکوچۆڵەکە لە مانگی ژانویەداو لە کارخانەیەکی ئیسفەهاندا بەرهەم هاتبوون.

* ڕۆژی چوارشەممە، وەزیرانی دەرەوەی ۷ وڵاتی ئورووپای ڕۆژهەڵات بریتی لە بلغارستان، ئیستونی، لیتوانی، لاتویا، سلوانیاو ئسلواکی لە ڕێوڕەسمێکدا ئەو پرۆتۆکۆلە هاوپێچەی کە بواری ئەوەی بۆ خۆش دەکرن بێن بە ئەندامی "ناتۆ" ئیمزا کرد، ئەو ڕێوڕەسمە بە خاڵێکی گرینگ لە هەمبەر دووبارە بوونەوەی ئازادیو یەکیەتیی لە ئورووپادا دانرا.

* ڕۆژی چوارشەممە ۹ی ئاوریل، دوای شەڕێکی ۲۱ ڕۆژە، دەوڵەتی بەغدا ڕووخاو پەیکەرەکانی سەددام لەو شارەدا هێنرانە خوارەوە.

* ڕۆژی شەممە ۱۲ی ئاوریل، کۆنگرەی ئەمریکا بوودجەیەکی ۸۰ میلیارد دۆلاری بۆ شەڕی لە عێراقدا پەسند کرد.

* ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لە بارەی ئێعدام لە جیهاندا کە ڕۆژی شەممە ۱۲ی ئاوریل بڵاوکرایەوە، دەوڵەتی ئێرانی وەك دووهەمین دەوڵەتی جیهان لە بواری ڕێژەی ئێعدامی‌یەوە، ناساند.

* وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، ڕۆژی هەینی ۲ی مەی ۲۰۰۳ ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی، لە سەر تیرۆریزم بڵاوکردەوە کە لەودا دەوڵەتی ئێران، وەك گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهاندا ناسێنرا.

* بە هۆی ڕووداوێك کە ڕۆژی هەینی ۲ی مەی لە نێو ژێردەریایی‌یەکی هێزە دەریایی‌یەکانی چیندا ڕووی دا، هەموو ۷۰ ئەفسەرو خەدەمەکانی گیانیان لە دەست دا.

* جۆرج بوش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، ڕۆژی ۲ی مەی لەسەر گۆڕایی ناوگانی فرۆکە هەڵگری " USS ئابراهام لینکۆڵن" کۆتایهاتنی هێرشی نیزامیو سەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانانی لە وڵاتی عێراقدا ڕاگەیاند.

* ڕۆژی پێنج شەممە ۱ی مەی، بوومەلەرزەیەك بە پلەی ٦/٤ ڕیشتێر ناوچەی کوردنشینی "بینگول"ی هەڵکەوتوو لە باشووری تورکیەی گرتەوە بە جۆرێك ۱۷۰ کەس کوژرانو ٥۰ کەسیش بریندار بوون.



* ڕۆژی سێشەممە ٦ی مەی پریزدێنت بوش، دیپلۆماتی خاوەن ڕابردووی ئەمریکایی، پۆل بریمەری وەك سەرۆکی ئیدارەی مەدەنیی عێراق دیاری کرد، سەرۆك بوش، دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ پۆل بریمەرو دونالد ڕامسفلد وەزیری دیفاعی ئەمریکا، هەواڵی دیاریکردنی ناوبراوی بە هەموو لایەك ڕاگەیاند.

* ڕۆژی شەممە ۱۰ی مەی، کۆلین پاوڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بە مەبەستی سەردانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەفەری چەند ڕۆژەی خۆی دەست پێکرد. کۆلین پاوڵ ڕۆژی سێشەممە بە مەبەستی وتوویژ لەسەر گەڵاڵەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، "نەخشەی ڕێگا" گەیشتە ئیسرائیلو لەگەڵ ئاغای ئاریەل شارۆنو مەحموود عەبباس، سەرۆك وەزیری نوێی حکوومەتی خودگەردانی فەلەستین چاوپێکەوتنو وتوویژی کرد.

* ڕۆژی یەکشەممە ۱۱ی مەی، دەوڵەتی هیندوستان ڕایگەیاند ئەو وڵاتە توانیویەتی، دووهەمین تاقیکاریی سەرکەوتووانەی موشەکی هەوا بە هەوای "ئاسترا" ئەنجام بدا. ئەمریکا ٥ ساڵ لەوە پێش کاتێك دوو وڵاتی هیندو پاکستان خەریکی کێبەرکێی تاقیکردنەوەی چەکە ناوکی‌یەکانیان بوون، هەر دوو وڵاتی تەحریم کرد، بەڵام دوایی بەشێك لە تەحریمەکانی، بە هۆی هاوکاریی ئەو دوو وڵاتە لە شەڕی دژ بە تیرۆریزمدا هەڵگرتەوە.

* ڕۆژی ۱۳ی مەی، هێرشێکی خۆکوژیی تیرۆریستی، لە ڕیاز پێتەختی عەرەبستان، دەیان کوژراوو سەدان بریندراری لێکەوتەوە، زۆربەی قوربانی‌یەکانی ئەو ڕووداوە ئەمریکایی بوون.

* ڕۆژی سێشەممە ۱۳ی مەی، کارگێڕانی کەرتی تایبەتو دەوڵەتیی فەرانسە، دەستیان بە مانگرتنێکی سەرتاسەریو ڕێپێوان کرد کە بە گەورەترین مانگرتن لە فەرانسەدا دادەنرێ، مانگرەکان لە بەرنامەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ژان پی‌یەر، لە بواری خانەنشینی‌دا، ناڕازی بوون.

* ڕۆژی چوارشەممە، ١٤ی مەی وڵاتانی ڕوسیە، قەزاقستان، کۆماری ئازەربایجان دوای ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی باشووری خۆیان واتە تورکمەنستانو ئێران لە سەر ڕێژیمی حقووقیی دەریای خەزەر، بڕیاریاندا، بەشە باکووری‌یەکەی ئەو دەریایە لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

* ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی، ڕۆژی دووشەممە ۱۹ی مەی، وڵاتانی ئەمریکا، ڕووسیە، فەرانسە، بریتانیاو ئاڵمان، بە هۆی فرۆشتنی چەکوچۆڵ بە وڵاتانی پێشێلکەری مافی مرۆڤ، تاوانبار کرد. لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە کە دوو سێهەمی فرۆشتنی چەکوچۆڵ لە ساڵەکانی ۱۹۹۷ تا ۲۰۰۱ی زایینی لە لایەن وڵاتانی ناوبراو لە ئەندامی G8 وە بووە.

* ڕۆژی چوارشەممە ۲۱ی مەی، بەهۆی بوومەلەرزەیەك لە نزیك شاری "ئەلجەزیرە" ۲۲۰۰ کوژراوو هەزاران بریندراری لێکەوتەوە.



* ڕۆژی هەینی ۲۳ی مەی، کووفی عەننان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، "سرجیو ویرادیملو"ی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی، وەك نوێنەری خۆی لەکاروباری عێراقدا، دیاری کرد. ناوبراو ۱۸ی ئووت لەبەردەم بنکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری بەغدا لە کردەوەیەکی تیرۆریستی‌دا کوژرا.

* ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی، ڕۆژی چوارشەممە ۲۸ی مەی، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بڵاوکردەوە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە بە شێوەیەکی بەرچاو بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، جێگەی داخەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە لە ساڵی ڕابردوودا بە دەیان کەسایەتیی سیاسیو جیابیر لە بەندیخانە کراون، لەو ڕاگەیاندراوەدا دەزگای قەزایی ئێرانیش لە بواری بەرتەسکردنەوەی ئازادی دەربڕینو درێژە پێدان بە بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام لەو وڵاتەدا، تاوانبار کراوە.

* ڕۆژی شەممە ۳۱ی مەی، "ڕویس لامبرك" قازی دادگایەکی فیدراڵ لە ئەمریکا، لە حوکمێکدا کۆماری ئیسلامیی وەك بەرپرسی تەقینەوەی پادگانی نیزامیی ئەمریکا لە ساڵی ۱۹۸۳ لە بیروتدا، ناساند. لەو تەقینەوەیەدا ۲٤۱ چەکداری ئەمریکایی کوژران.

* لە سەرەتای مانگی ژوئەندا، جۆرج بوش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، بە مەبەستی وتوویژ لەگەڵ ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەبی لە سەر ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چووە وڵاتی میسرو وتوویژی لەگەڵ ڕێبەرانی عەرەب لە ڕۆژی سێشەممە ۳ی ژوئەن لە "شەرموشێخ" دەستی پێکرد. جۆرج بوش بەیانی هەمان ڕۆژ لە کۆبوونەوەی سێ‌قۆڵی لەگەڵ ئاریل شارۆنو مەحموود عەبباس، سەرۆك وەزیری ئیسرائیلو فەلەستیندا بەشداری کرد.

* کۆبوونەوەی سێ ڕۆژەی ڕێبەرانی ۸ وڵاتی سەنعەتیی جیهان، ناسراو بە "G8"، ڕۆژی ۲ی ژوئەن کۆتایی پێهات. لەو کۆبوونەوەیەدا، ئێرانو کورەی باشووری ئاگادار کرانەوە کە چی‌دیکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەکە ناوکی‌یەکان هەوڵ نەدەنو ڕێز لە کونوانسیۆنەکانی پێشگرتن لە پەرەپێدانی ئەو چەشنە چەکوچۆڵانە بگرن.

* ڕۆژەکانی یەکشەممەو دووشەممە ۷و ۸ی ژوئەن، خەڵکی لەهێستان لە ریفراندۆمێکدا پێشوازییان لە بەئەندام بوونی وڵاتەکەیان لە یەکیەتیی ئورووپادا کرد. شایانی باسە کە وڵاتی لەهێستان پێشتر لەگەڵ وڵاتانی کومۆنیست بوو.

*) حەرەکەتی نارەزایەتیی خوێندکاران لە مانگی ژوئەندا جارێکی دیکە بوو بە هۆی ئەوەکە ببێتە سەردێڕی هەواڵە گرینگەکانی جیهان. ئەو حەرەکەتە کە لە کێشەیەکی سینفی‌یەوە سەری هەڵدا بەزوویی، ڕەنگو بۆنی سیاسی بەخۆوەگرت. ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، لە هەمبەر سەرکوتی خوێندکاران، لەلایەن هێزەکانی ئەمنییەتیو لیباس شەخسی‌یەکانی ڕژێمەوە، بە توندی نارەزایەتیی خۆیان ڕاگەیاند. لەو حەرەکەتەدا زیاتر لە ٤۰۰۰ خوێندکاری نارازی دەستگیر کران.

*) ڕۆژی شەمە ۱۷ی ژوئەن لە هێرشێکی کەموێنەدا، پۆلیسی فەرانسە لە نزیك شاری پاریس خاتوو، مەریەمی ڕەجەوی‌و ۲٥ کەس لە هاوڕێیانی پایەبەرزی ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی دەستگیر کرد.

*) ڕۆژی چوارشەممە، ۲٥ ژووئەن، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕاپۆرتێکی لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێلکرانی مافی مرۆڤ، لە ئێراندا بڵاو کردەوە. ئێعدامو شکەنجەو بێ‌سەروشوێن کردنی بەرهەڵستکارانی ڕێژیم لە ئێراندا وەك بەشێکی جیانەکراوە لە فایلە قەزایی‌یەکانی دەزگای قەزایی ڕێژیم، ناوبردوە.

*) ڕۆژی یەکشەممە ۲۹ی ژووئەن، هەیئەتێکی پارلمانی سەر بە حیزبی سەوزەکانی سوئێد، پێکهاتوو لە "پیرگارتون"، ئەندامی پارلمانی ئورووپا، گوستاو فریدلن، ئەندامی پارلمانی سوئێد، جەبار ئەمین، ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی سەوزەکانی سوئێد، لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری حیزبدا کۆبوونەوە.

*) ڕۆژی یەکشەممە ۲۹ی ژووئەن، دەوڵەتی کۆماری دێموکراتیکی کونگۆ، بە ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی دابەش‌کردنی دەسەڵات لەگەڵ بەرهەڵستکارە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە، دوایین کوسپی سەر ڕێگەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئینتیقالیی لەو وڵاتەدا، لەناوبرد. پرێزیدنت "جوزف کامیلا" لە کاتی ئیمزاکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا، گوتی: لەوە بەدواوە بۆ هەمیشە کۆتایی بە شەڕی ۳ ساڵەی نێوانمان دێنین، کە بە نرخی گیانی ۳ میلیون مرۆڤ، تەواو بووە.

*) ڕۆژی سێشەممە ۱ی ژووئیە، دەوڵەتی ژاپۆن، ڕایگەیاند، "کونسێرسیومی نەوتیی تایبەتی ـ دەوڵەتی ئەو وڵاتە کە لە بەرەبەری ئیمزاکردنی، ڕێککەوتننامەی ۲ میلیارد دۆلاری بە مەبەستی پەرەپێدان بە مەیدانی نەوتیی "ئازادگان"ی ئێراندا بوو، تا ڕەوینەوەی نیگەرانی‌یە ناوکی‌یەکانی ئێران، لە ئیمزاکردنی ئەو قەراردادە خۆدەپارێزێ.

*) شورای ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست لە ڕۆژەکانی ۱۸و ۱۹ی ژووئیەدا، کونفرانسێکی لە ژێر ناوی " پێکهێنانی دێموکراسی لە عێراقو هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ،لە شاری ڕۆم پێتەختی ئیتالیادا، بەڕێوەبرد. لەو کۆنفرانسەدا، جیا لە ڕێبەرانی حیزبە ئەندامەکانی شورای ئەنتێرناسیونال سوسیالیست، ڕێبەرانی ١٤ حیزبو ڕێکخراوی عێراقیش بەشدار بوون.

*) ڕۆژی شەمە ۱۹ی ژووئیە، چەند کەسایەتی‌یەکی ئورووپایی، لە ڕاگەیەندراوێکدا داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە کومیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە بە مەبەستی موتالاکردن لەسەر ماڤی مرۆڤ لە ئێراندا، پێك بێنێ.

*) ڕۆژی ۲۳ی ژووئەن، خاتوو زارا کازمی، هەواڵنێری کانەدایی (بە ڕەگەز ئێرانی) کە خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بنەماڵەی زیندانیانیی سیاسی لە ئێران بوو لە بەردەم زیندانی ئێوین لە تاران دەستگیر کراو دوای چەند ڕۆژ لەژێر ئەشکەنجەو لە زیندانی ئیتلاعاتدا گیانی لەدەستدا.

*) ڕۆژی چوارشەممە ۱۳ی ئووت، دەوڵەتی لیبی‌و پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانییانی تەقینەوەی فرۆکەی "پان ئەمریکەن" لە ساڵی ۱۹۹۸دا، ڕێککەتننامەیەکیان بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە بنەماڵەکانی قوربانی‌یەکان کەوتوون، مۆر کرد. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەوڵەتی لیبی دەبێ، ۲ میلیاردو ۷۰۰ میلیون دۆلاریان بداتێ.

*) ڕۆژی سێشەممە ۱۹ی ئووت، " سرجیو ویرا دیلیمو" نوێنەری تایبەتی کوفی عەننان لە عێراق، لە کردەوەیەکی ترۆریستی لە بەردەم بنکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کوژرا، لەو کارەساتەدا ۲۳ کەس لە کارگێڕانی ئەو بنکەیە کوژرانو سەدان کەسی دیکەش بریندار بوون.

*) ڕۆژی پێنجشەممە ۲۱ی ئووت، هادی سلێمان پوور باڵوێزی

بۆ لاپەڕە ۱۱

# هەواڵە وەرزشییەکان



ئامادەکردنی : ئەشکان

## زۆرانی قارەمانیی ئێران

یارییەکانی زۆرانی ئازادی قارەمانیی ئێران کە بە بەشداری ١٩١ زۆرانەوان لە ٣١ تیمدا لە شاری تاران دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٢١ی سەرماوەز بە قارەمانیی مازەندەران کۆتایی پێ هات. لەم یارییانە دا کرماشان بە ٢٧ خاڵ پلەی پێنجەمی وەدەست هێناو هەروەها لە کێشەکانی٦٠و٦٦ کیلۆ دا، محەممەد عەلی گەنجابی و وەحید بابایی هەردوو لە کرماشان پلەی دووهەمی ئێرانیان وەدەست هێنا.

## کرماشان پلەی سێهەمی بۆکسی ئێران

یارییەکانی قارەمانیی بۆکسی ئێران کە لە شاری سنە دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٢٢ی سەرماوەز کۆتایی پێ هات و یاریزانانی کورد لەم یارییانە دا سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا. لەم یارییانەدا لە کێشی ٥٤ کیلۆ دا شاهۆ شەریعتی لە ئوستانی کوردستان، لە کێشی ٧٥ کیلۆدا هوومەن کەرەمی لە کرماشان، لە کێشی ٩١ کیلۆدا وعەلی مەزاهیری لە کرماشان پلەی یەکەمی ئێرانیان وەدەست هێناو لە کێشی ٦٠ کیلۆ دا سیروان حیسامی لە ئوستانی کوردستان و لە کێشی ٨١ کیلۆ دا محەممەد رەزا قاروونی لە کرماشان پلەی سێهەمی ئێرانیان وەدەست هێنا. هەروەها لە ئاستی تیمی دا بە دوای تاران‌و مازەندەران دا، کرماشان پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنەکانی کرماشان لە جۆدۆی باشگاکانی ئێراندا

رۆژی ٢١ی سەرماوەز باشگای شارداریی کرماشان لە چوارچێوەی یارییەکانی جۆدۆی باشگاکانی ئێران دا کە لە شاری تاران بەرێوە دەچوو، دوو سەرکەوتنی وەدەست هێنا. لە یاریی یەکەم دا ٨-١ لە ئوستانی مەرکەزیی بردەوە و لە یاریی دووهەم دا ٥-٤ لە تەربیەت بەدەنیی کەرەجی بردەوە.

## ئوستانیکوردستان قارەمانی پینگ پۆنگی ئێران

پەنجاو یەکەمین خولی قارەمانیی پینگ پۆنگی ئێران کە لە شاری بابولسەری مازەندەران دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٢٨ی سەرماوەز بە قارەمانیی ئوستانی کوردستان کۆتایی پێ هات. لە ئاستی تیمی دا لە یاریی کۆتایی دا کوردستان ٣-٢ لە تارانی بردەوە و پلەی یەکەمی ئێرانی وەدەست هێنا. هەروەها لە یارییە تاکەکەسییەکاندا، بێهنامی رەحمەت پەنا لە کوردستان بە دوای نەورۆزی(خووزستان) و ئەحەدی(تاران) پلەی سێهەمی ئێرانی وەدەست هێنا.

لە ئاستی دوو لە سێش دا تیمی رەحمەت پەنا(کوردستان) و بەهمەنی (خوزستان) پلەی یەکەمی ئێرانیان وەدەست هێنا.

## کوورش باقری دووهەمی باشگاکانی ئاسیا

یارییەکانی کێش هەڵگریی قارەمانی باشگاکانی ئاسیا کە لە وڵاتی چین دەستی پێ کردبوو، رۆژی ٢٩ی سەرماوەز بە قارەمانیی سایپای ئێران کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا کوورش باقری کێش هەڵگری کرماشانیی کێشی ٩٤ کیلۆی سایپا سێ میداڵی زێوی وەدەست هێنا.

## فەرمانداریی مەریوان و ئیستیقلالی تاران لە قۆناخی دووهەمی جامی حەزفیی ئێران دا

یارییەکانی جامی حەزفیی فووتباڵی ئێران کە ماوەیەکە دەستی پێ کردوە، قۆناخی یەکەمی کۆتایی پێ هاتوەو یارییەکانی قۆناخی دووهەمیش دیاری کران. لە قۆناخی دووهەمدا تیمی فەرمانداریی مەریوان کە لە قۆناخی یەکەمدا لە دوو یاریی چوون‌و گەڕانەوەدا ٥-٤ لە نەیشەکەری هەفت تەپەی خوزستانی بردبۆوە، لەگەڵ ئیستیقلالی تاران یاری دەکا.

***

## دوو چالاکیی وەرزشیی نێو کەمپەکانی حیزب

### پێشبڕکێی گۆڵی بچووک



تیپە سەرکەوتوانی یارییەکە

رۆژی ٦ی بەفرانبار١٣٨٢ لە ژێر چاوەدێریی بەشی وەرزشیی کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حیزب، کێبەرکێیەکی گۆڵی بچووك بە بەشداریی ١٤ تیپ‌و بە شێوەی تەك حەزفی بەرێوە چوو. ناوی ئەو تیپانەیکێبەرکێیە بوون، بریتی بوون لە: ناوەندی یەك، نەخۆشخانە، ناوەندی دوو، هەوراز، شۆڕش، پەزیرش، بەندیخانە، تەقەمەنی، رادیۆ، فێرکردن، بەشی فیلم ، پاریزگاری(A) پاریزگاری (B)و عەبدیی ناوەندی دوو. لە کۆتایی ئەم زەنجیرە یارییەدا تیپەکانی شۆڕش، نەخۆشخانەو فێرکردن و لێکۆڵینەوە پلەکانی یەکەم تا سێهەمیان و دەست هێنا.

### پێشبڕکێی چوار لایەنەی تۆپی پێ



دیمەنێک لە یارییەکە

ئەم کێبەرکێیە رۆژی ١٠ی بەفرانباری ١٣٨٢ بە بەشداریی تیپەکانی: هەڵبژاردەی حیزبی دێموکرات، لاوانی دێموکرات، هەڵبژاردەی رانیە، سێ چرای کۆیە دەستی پێکرد و لە ئاکام دا دوو تیپی هەڵبژاردەی دێموکرات و سێچرای کۆیە گەیشتە قۆناخی کۆتایی. لە یاریی کۆتایی دا سەرەنجام تیپی سێ چرا بە لێدانی پنالتی توانی ببێتە براوەی ئەم کێبەرکێیە.

## درێژەی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٣دا

پێشووی کۆماری ئیسلامی لە ئارژانتین، لە "دورهام"ی ئینگلستان لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستکیر کرا. حوکمی گرتنی سلێمان پوورو ٧ کەسی دیکەی ئێرانی لەلایەن قازیی دادگای فیدراڵیی ئارژانتینەوە بە تاوانی بەشداربوون لە تەقینەوەی ساڵی ١٩٩٤ی ناوەندی جوولەکەکان لە بۆینس ئایرس دەرکرابوو.

*) رۆژی شەممە ٢٣ی ئووت پۆلیسی لیتۆنی‌و ئەفسەرانی گومرکی ئەو وڵاتە، رایانگەیاند، بارێکی ٢٨ تۆنی چەکوچۆیان لە ژێر ناوی ئامرازگەلی کشت‌وکاڵی کە بۆ ئێران دەچوو، گرتوە. ئەو بارە کە لەلایەن شیرکەتێکی رۆمییەوە نێردرابوو، نرخەکەی بە ٥ میلیون دۆلار مەزندە کرابوو.

*) رۆژی هەینی ٢٩ی ئووت، ئایەتوڵلا حەکیم لە رێبەرانی شیعەی عێراقی دوای تەواوبوونی نوێژی جەماعەت‌و لە نزیك مەرقەدی ئیمام عەلی، لە شاری نەجەف لە تەقینەوەیەکدا کوژرا. دیارە لەو رووداوە ١٠٠ کەسی دیکەش گیانیان لەدەستدا.

*) رۆژی سێشەممە ٦ی سێپتامبر، مەحموود عەبباس، سەرۆك وەزیری تەشکیلاتی خودگەردانی فەلەستین دەستی لە کار کێشایەوەو ئەحمەد قەریع ئەندامی پارلمان بۆ جێگەی ناوبراو دیاری کرا.

*) رۆژی چوارشەممە ١٠ی سێپتامبر، وەزیری کاروباری دەرەوەی سوئێد، خاتوو ئانالیند لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا گیانی لەدەستدا.

*) رۆژی ١٢ی سێپتامبر، هەیئەتی سەرۆکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، بڕیارنامەیەکیان لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەرکردو ئێرانیان ئاگادار کردەوە کە تا ٣١ ئۆکتۆبر ماوەی پێدەدرێ، ویستەکانی ئاژانسی ناوبراو بەجێ بگەیەنێ‌و ئەوە بسەلمێنێ کە بە شوێن بە دەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە نیە.

*) رۆژی شەممە ٢٢ی سێپتامبر، خاتوو عەقیلە هاشمی، ئەندامی شوورای ئەنجومەنی کاتیی عێراق، لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بریندار کراو، دوو رۆژ پاشتر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

*) ئیمزای پەیمانی ئەمنییەتی لە نێوان دەوڵەتی سوودان‌و ئەو مەسیحییانەی کە بۆ سەربەخۆیی باشووری ئەو وڵاتە شەڕ دەکەن، لەلایەن وڵاتانی عەرەبەوە بە سەرەتای کۆتایی هاتن بە شەڕی نێوخۆیی سوودان ئەژمێردرا. پەیمانی ناوبراو رۆژی شەممە ٢٧ی سێپتامبر لە " نایروبی" لە نێوان هەر دووك لایەندا ئیمزا کرا. دەوڵەتی سوودان گوتی ئەگەر باشووری سوودان، خوازیاری سەربەخۆیی بن، ئێمە وەك دەوڵەت دژایەتیی لەگەڵ ناکەین.

*) رۆژی ٣١ی ژووئیە، د.مانفرێد وایدینگر، پارێزەری ئوتریشیی پەروەندەی د.قاسملوو و هاوڕێیانی، بێسەرو شوێن کراو لە ئاکامدا رۆژی ١٣ی سێپتامبر لە شارۆچکەیەکی نزیك شاری ڤییەن تەرمە بێگیانەکەیان دۆزیەوە.

*) رۆژی سێشەممە ٣٠ی سێپتامبر، لە درێژەی چاکسازیی سیاسی لە وڵاتی میسردا، نزیکەی ١٠٠ کەس لە زیندانیانی سیاسی لەو وڵاتەدا ئازاد کران، زۆربەی ئازادکراوەکان ئەندامی رێکخراوە غەیرە یاساییەکانی وەك جیهادو جەماعەتی ئیسلامین. ئەو دوو رێکخراوەیە بەرپرسایەتیی کوشتنی١٠٠٠ کەس لە تووریستە خاریجییەکان‌و هاووڵاتیانی میسری‌و هەروەها هێزە ئەمنییەتییەکان‌و پۆلیسی میسریان لە دوو دەیەی ١٩٨٠و ١٩٩٠دا، وەئەستۆ گرتوە.

*) رۆژی سێشەممە ١٦ی ئۆکتۆبر، ئیسرائیل هێرشی کردە سەر سووریەو ئۆردووگای "عین الصاحب"، کە لە ٢٠ کیلۆمیتریی باکووری رۆژئاوای دیمەشق هەڵکەوتوە، وێران کرد. ئەو هێرشە بەدوای ئەوەدا بوو کە تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە حەیفا، کوشتنی ١٩ کەس لە جوولەکەکانی لێکەوتەوە. رێکخراوی فەلەستینیی جیهادی ئیسلامی کە لەلایەن سووریەو ئێرانەوە پشتیوانیی لێدەکرێ، بەرپرسایەتیی ئەو تەقینەوەیەی وەئەستۆ گرت.

*) ٥ کەس لە نوێنەرانی ئەندام لە پارلمانی کانادادا، بە سەرۆکایەتیی ئیستاکل دی، جێگری کومیسیۆنی دەرەوەی مەجلیسی عەوامی ئەو وڵاتە، رۆژی ٩ی ئۆکتۆبر، بە نیشانەی رەخنەگرتن لە پێشڤەچوونی پەروەندەی زارا کازمی سەردانی تارانیان کرد.

*) رۆژی سێشەممە ٢١ی ئۆکتۆبر، لەسەر داوای کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵاتی ئینگلیس‌و فەرانسەو ئاڵمان، سەردانی ئێرانیان کرد. ئامانجی ئەو سەفەرە ئەوەبوو کە، کۆماری ئیسلامی لەوە ئاگادار کەنەوە کە ئەگەر رێژیم پرۆتۆکۆلی هاوپێچی پێشگرتن لە بەرهەمهێنانی چەکە ناوکییەکان ئیمزا نەکاو ویستەکانی ئاژانسی پێوەندیدار بەجێ نەگەیەنێ، پەروەندەی کێشەی ناوکیی ئێران، دەدرێ بە شوورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

*) شوورای وەزیرانی کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبر لە دانیشتنێکی دوو رۆژە لە لوکزامبۆرگدا، داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە رێز لە مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا بگرێ.

*) رۆژی شەممە ١ی نوامبر، پشکنەرانی مافی مرۆڤ لە عێرقدا رایانگەیاند کە تا ئێستا تەرمی٣٠٠ هەزار کەسیان کە بە دەستی رێژیمی بەعس کوژراون لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندا دۆزیوەتەوە. بەرپرسانی ئەو بوارە دەڵێن بەپێی راپۆرتەکانی پێوەندیدار، لانیکەم ٢٦٣ گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراقدا هەیە کە تا ئێستا تەنیا ٤٠ گۆڕیان دۆزراونەتەوە.

*) کۆمیتەی بنیاتی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، رۆژی ٢٧ی ئۆکتۆبر شیرین عیبادی، ژنە مافزان‌و پارێزەری ئێرانیی، وەك براوەی ئەو خەڵاتە دیاری کرد.

*) لە رۆژەکانی ٢٧و٢٨و٢٩ی ئۆکتۆبردا، بیست‌و سێهەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست، لە شاری "سائۆپائۆلۆ"ی برێزیل بەرێوەچوو. لەو کۆنگرەیەدا زیاتر لە ١٤٠ هەیئەتی نوێنەرایەتی لە سەراسەری جیهانەوە بەشدار بوون. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا، بڕیارنامەیەك لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا پەسند کرا.

*) لە ١ی نوامبردا، فوندی یادی "ئۆلاف پاڵمە" دوای کۆبوونەوەو ئاڵوگۆڕی بیرورا، عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان، وەك کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی فوندی یادی ئۆلاف پاڵمە دیاری کرد.

*) رۆژی چوارشەممە ٢٧ی نوامبر جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتە بەغداو لە فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی بەغدا لەگەڵ ژمارەیەك لە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، رێورەسمی جێژنی رۆژی "شوکر گوزاری" ئەمریکایان بەرێوە برد. جۆرج بووش لەو سەردانە ٢ سەعاتییەدا، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی‌و ئەحمەد چەلەبی وەك دوو کەس لە ئەندامانی حکوومەتی کاتیی عێراق، چاوپێکەوتن‌و وتووێژی کرد.

*) رۆژی شەممە ١٩ی نوامبر، ٧ مەئمووری ئیسپانیایی بە شێوەیەکی زۆر وەحشیانە لە عێراقدا کوژران، هەروەها چەند رۆژ پێشتریش دوو دیپلۆماتی ژاپۆنی لە ئەنجامی کردەوەیەکی خۆکوژیدا گیانیان لە دەستدا.

*) رۆژی شەممە ١٣ی دیسامبر، سەددام حسێن، سەرۆك کۆماری پێشووی دەوڵەتی عێراق، لە حەشارگەیەکی نزیك شاری تکریتدا بەبێ هیچ چەشنە بەرگرییەك دستگیر کرا.

*) رۆژی شەممە ١٣ی دیسامبر، ٥٠٠ نوێنەر، بە مەبەستی بەشداریی کردن لە "لوویی جەرگە"دا، دانیشتنەکانی خۆیان بە مەبەستی وتووێژ لەسەر بەرنووسی قانوونی ئەساسیی نوێی ئەفغانستان دەست پێکرد.

*) رۆژی پێنجشەممە ١٠ دیسامبر لە رێورەسمێکدا، بە بەشداریی پاشاو شاژنی نۆروێژ، هەروەها بە بەشداریی سەدان کەسایەتیی سیاسی ـ حقووقی، فەرهەنگی‌و هونەری نوروێژیی‌و جیهانی، شیرین عیبادی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێدرا.



*) رۆژی یەکشەممە ٢٢ی دیسامبر، کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیارنامەی پێشنیاریی کومیسیۆنی سێهەمی ئەو رێکخراوەیەی لە پێوەندی لەگەڵ مەحکووم کردنی ئێران، بە هۆی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا، بە ٦٨ دەنگی موافیق‌و ٥٤ دەنگی موخالیف‌و ٥١ دەنگی بێلایەن پەسند کرد. بەرنووسی ئەو بڕیارنامەیە لەلایەن دەوڵەتی کاناداوە ئامادە کرابوو.

*) رۆژی یەکشەممە "شائول مفاز"، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل لە وتووێژێکدا باسی ئەگەری هێرشی نیزامیی ئیسرائیل بۆ سەر ناوەندە ناوکییەکانی ئێرانی کرد. رۆژی دووشەممەش، عەلیی شەمعخانی وەزیری بەرگریی ئێران لە هەڵوێستێکدا بە دژی قسەکانی وەزیری بەرگریی ئیسرائیل گوتی: "ئەگەر ئیسرائیل ئەو هەرەشەیە بە کردەوە بگەیەنێ، سەرانی ئەوە رێژیمە لە هیچ شوێنێك لەو وڵاتەدا ناتوانن بە ئارامی بژین."

*) بە هۆی هەوڵەکانی ئەمریکا بە مەبەستی لێبوردن لە قەرزە دەرەکییەکانی عێراق، رۆژی سێشەممە ٢٤ی دیسامبر، عەرەبستانی سعوودی رایگەیاند کە ئامادە نیە لەو بوارەدا لەگەڵ شوورای حکوومەتی عێراق وتووێژ بکا. قەرزە دەرەکییەکانی عێراق، نزیکەی ١٠٠ میلیارد دۆلار مەزندە دەکرێ.

*) بەرەبەیانی رۆژی هەینی ٢٦ی دیسامبر، بوومەلەرزەیەك بە پلەی ٦/٣ی ریشتێر، شاری "بەم" لە پارێزگای کرمانی هەژاند. بە جۆرێك ٩٠٪ی ئەو شارە لە ناوچووەو زیاتر لە ٤٠ هەزار کوژراو هەزاران برینداری لێکەوتۆتەوە، هەروەها "ارگ"ی مێژوویی ئەو شارەشی خاپوور کرد.

***

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 380     5 Jan  2004

**بۆ خوێندنه‌وه‌ی چاپه‌مه‌نی‌و بڵاوکراوه‌کانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وه‌رگرتنی زانیاری له‌باره‌ی حیزب، بڕاوننه ئه‌م ئادره‌سانه‌ی خواره‌وه له‌سه‌ر ئینتێرنێت:**

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## بۆ ده‌رخستنی گه‌وره‌یی‌و قووڵایی کاره‌ساتی بومه‌له‌رزه‌ی شاری به‌م:

## به‌ر له ماڵاوایی

## ئه‌مجاره‌یان له جیاتی وشه وێنه ده‌دوێ


















# ره‌خنه له کۆماری ئیسلامی له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ کاره‌ساته سروشتی‌یه‌کاندا

"ئه‌وانه‌ی هه‌موو هونه‌ره‌که‌یان ئه‌وه‌یه له راگه‌یه‌نه گشتی‌یه‌کانی ولاتدا قسه بکه‌ن‌و لافاوو بوومه‌له‌رزه به تووڕه‌یی سروشت ناوده‌به‌ن، ئایا ده‌توانن خۆیان به بۆنه‌ی ئاماده نه‌بوون به‌رامبه‌ر به کاره‌ساته سروشتی‌یه‌کان بپه‌ڕێننه‌وه؟"

ئه‌وه به‌شێك بوو له به‌یاننامه‌ی تێکۆشه‌رانی سیاسی که به "میللی مه‌زهه‌بی" ناوبانگیان ده‌رکردوه. ئه‌و تاقمه به ده‌رکردنی به‌یاننامه‌یه‌ك، ره‌خنه‌یان له مودیرییه‌تی کۆماری ئیسلامی له رووبه‌ڕوو بوونه‌وه له‌گه‌ڵ کاره‌ساته سروشتی‌یه‌کاندا گرتووه‌و به لێ‌نه‌هاتوو و بێتوانا ناویان بردوه. له به‌یاننامه‌ی ئه‌واندا هاتوه له ماوه‌ی که‌متر له ده ساڵدا، بوومه‌له‌رزه هه‌زار جار ئێرانی هه‌ژاندوه. زۆربه‌ی ئه‌و بوومه‌له‌رزانه ته‌نیا له دامه‌زراوه‌کانی تایبه‌ت به بوومه‌له‌رزه‌دا تۆمار کراون‌و ته‌نیا ئه‌و ده‌زگایانه له‌و باره‌وه وریا کردنه‌وه‌یان هه‌بووه. ئه‌گه‌ر چاوێکی بیناو گوێیه‌کی بیسه‌رو دڵێکی به‌رپرس هه‌با، له سه‌رده‌می زانست‌و تێکنۆلۆژی‌دا، ئه‌و هه‌موو زیان‌و خه‌ساره پێك نه‌ده‌هات.

بوومه‌له‌رزه‌ی به‌م که به گه‌وره‌ترین کاره‌ساتی سروشتیی ١٠٠ ساڵی رابردوو داده‌نرێ بۆته هۆی ورووژانی ره‌خنه‌ی جۆراوجۆر له کۆماری ئیسلامی. ره‌خنه له‌و حکوومه‌ته گیراوه که بۆچی هه‌ڵکه‌وتنی ئێران له‌سه‌ر هێڵی بوومه‌له‌رزه‌ی به جیددی نه‌گرتووه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش‌دا که چه‌ندین جار بوومه‌له‌رزه زیان‌و خه‌ساری قورسی گیانی‌و ماڵیی به دواوه بووه، به‌رنامه‌یه‌کی بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی ئه‌و زیانانه نه‌بووه. هه‌روه‌ها ره‌خنه‌ی لێ‌ده‌گیرێ که بۆچی ئه‌و رێژیمه بۆ ئه‌و جۆره رووداوانه که پێش‌بینی ده‌کران وا نیشان ده‌دا که غافڵگیر کراوه. به گوێره‌ی قسه‌ی کاربه‌ده‌ستانی ده‌وڵه‌تی ئێران، زیندانی شاری به‌م له‌و ساختومانه قایم‌و پته‌وانه بوون که به بوومه‌له‌رزه نه‌ڕووخاون‌و زیندانی‌یه‌کان هیچیان به‌سه‌ر نه‌هاتوه. به‌ڵام له‌گه‌ڵ یه‌که‌م بوومه‌له‌رزه، نه‌خۆشخانه‌کان، ناوه‌نده بێهداشتی‌یه‌کان‌و هه‌روه‌ها ناوه‌ندی ئاگرکوژاندنه‌وه‌ی ئه‌و شاره تێك ته‌پیون. رێبه‌رانی کۆماری ئیسلامی ئه‌م کاره‌ساته به رووداوی سروشتی‌و تووڕه‌یی خواوه‌ند ناوده‌به‌ن. زۆر له پسپۆران‌و شاره‌زایان، به‌ڕێوه‌به‌ری (مدیریت)ی زاڵ به‌سه‌ر کۆماری ئیسلامی‌دا ده‌به‌نه ژێر پرسیارو ده‌ڵێن فه‌سادی ئیداری‌و ماڵی له سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا، یه‌کێك له هۆیه کاریگه‌ره‌کانی بێتوانا بوونی ئه‌و حکوومه‌ته بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی ئه‌و جۆره زیانانه‌یه. زۆر له ئێرانی‌یه‌کان که بیروبۆچوونیان له راگه‌یه‌نه جۆراوجۆره‌کاندا ده‌رده‌بڕن ده‌ڵێن بوومه‌له‌رزه‌ی به‌م بۆ ئێرانی‌یه‌کان نوخته گۆڕانێکه. حکوومه‌تێك که نه‌توانێ له‌و کاره‌ساته نه‌ته‌وه‌یی‌یانه‌دا توانا و ئیمکاناتی خۆی بۆ چاره‌سه‌رکردنی شوێنه‌واره‌کانی ئه‌و قه‌یرانه، به‌سیج بکا، ناشتوانێ گیروگرفت‌و کێشه گه‌وره‌کانی دیکه‌ی ئێرانی‌یه‌کان چاره‌سه‌ر بکا.

**رادیۆ فه‌ردا**

## ٢٥٠ فیلمی درێژ به ئۆسکار ناسێندراون





زیاتر له ٢٥٠ فیلمی درێژ بۆ به‌شداری له به‌شی باشترین فیلمه‌کانی رێوڕه‌سمی خه‌ڵاتی ئۆسکاری ٢٠٠٤ به ئاکادمیی زانست‌و هونه‌ره سینه‌مایی‌یه‌کان ناسێندراون.

به گشتی ٢٥٤ فیلم بۆ گه‌یشتن به قۆناغی کۆتایی، بۆ به‌شداریی له حه‌فتاو شه‌شه‌مین رێوره‌سمی ئۆسکار که له ٢٩ی فێوریه‌ی ٢٠٠٤ له هۆڵی کۆداك له هالیوود به‌ڕێوه‌ده‌چێ، له پێشبڕکێ‌دا ده‌بن.

ساڵی ڕابردوو ٢٧٩ فیلم بۆ به‌شداری له‌م پێشبڕکێ‌یه‌دا به ئۆسکار ناسێندرابوون.

پێرستی کاندیداکانی قۆناغی کۆتایی، له‌لایه‌ن هه‌یئه‌تی پێداچوونه‌وه‌و هه‌ڵبژاردنی ئۆسکار له رێوره‌سمێك‌دا که له هۆڵی "شانۆی سامۆئێل گێلدوین"ی لۆس ئانجلێس به‌ڕێوه ده‌چێ، ڕۆژی ٢٧ی ژانویه ڕاده‌گه‌یه‌نرێ. ئه‌م فیلمانه پێویسته تا ڕێکه‌وتی ١ی دیسامبری ٢٠٠٣ به ده‌فته‌ری ئۆسکار ناسێندرابن.

مه‌رجی پێویست بۆ به‌شداریی له‌م پێشبڕکێ‌یانه‌دا ئه‌وه‌یه که ماوه‌ی ئه‌م فیلمانه له ٤٠ ده‌قیقه که‌متر نه‌بێ‌و لانی‌که‌م بۆ ماوه‌ی حه‌وتوویه‌ك له سینه‌ماکانی ئه‌مریکا له ساڵی ٢٠٠٣دا نیشان درابن.

فیلمه کورته‌کان، غه‌یره ئینگلیسی‌یه‌کان، ئه‌نیمه‌یشێن‌و به‌ڵگه‌نامه‌یی‌یه‌کان له‌لایه‌ن هه‌یئه‌تی جیاوازه‌وه هه‌ڵده‌سه‌نگێندرێن. کارناسان پێیان وایه فیلمه‌کانی "کوێستانی سارد"، "خوای عالقه‌کان (گه‌ڕانه‌وه‌ی پاشا)"، "چه‌می نه‌ناسراو"و "ونبوو له وه‌رگێڕان‌دا" له ره‌کبه‌ره سه‌ره‌کی‌یه‌کانی وه‌رگرتنی ئه‌م خه‌ڵاته‌ن.

## هیندێك ئامارو زانیاری له‌باره‌ی سزای ئیعدامه‌وه

دواین زانیاری‌یه‌کانی رێکخروی تایبه‌ت به مافی مرۆڤی لێبووردنی نێونه‌ته‌وه‌یی له‌باره‌ی چۆنایه‌تیی سزای ئێعدام به‌م جۆره‌یه:

٧٦ ولات سزای ئیعدامیان به ته‌واوی هه‌ڵ وه‌شاندۆته‌وه.

١٦ ولات سزای ئیعدام ته‌نیا له باره‌ی تاوانه گه‌وره‌کان وه‌ك جینایه‌ته جه‌نگی‌یه‌کان و به گوێره‌ی مافه جه‌زاییه نیزامی‌یه‌کانی خۆیان به ڕه‌وا ده‌زانن.

٢٠ ولاتی دنیا به کرده‌وه‌ی ئیعدامیان مه‌نع کردوه، به‌ڵام له یاسا دا هه‌ڵیان نه‌وه‌شاندۆته‌و.

٨٣ ولاتی دنیا هه‌روه‌ك رابردوو، سزای ئێعدام به‌ڕێوه ده‌به‌ن.

به‌مجۆره له سه‌رده‌می ئێستادا ١١٢ ولات خاوه‌نی سزای ئیعدامن. زیاتر له نیوه‌ی حه‌شیمه‌تی جیهان له‌و ولاتانه‌دا ده‌ژین که سزای ئیعدامیان نیه. ساڵی ١٨٩٩ له ده‌روازه‌ی سه‌ده‌ی بیسته‌م دا ته‌نیا ٣ ولاتی جیهان، سزای ئیعدامیان تێ‌دا نه‌بوو: کۆستاریکا، سان مارینوو، وێنزوئیلا. تا ساڵی ١٩٤٨ که ساڵی بلاو بوونه‌وه‌ی به‌یاننامه‌ی جیهانیی مافی مرۆڤ له‌لایه‌ن رێکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کانه‌وه‌یه، راده‌ی ئه‌و جۆره ولاتانه گه‌یشته ٨. له ساڵی ١٩٧٨دا بوو به ١٩ ولات. له سه‌ره‌تای ده‌یه‌ی ٩٠ی سه‌ده‌ی رابردووه‌وه تا ئێستا، له‌سه‌ریه‌ك٤٠ ولات سزای ئێعدامیان هه‌ڵ وه‌شاندوه یا له لانیکه‌م له کاتی ئاشتی دا به‌ڕێوه‌ی نابه‌ن.

له ساڵی ٢٠٠٢دا لانی که‌م ١٥٢٦ زیندانی له ٣١ ولاتی جیهان دا ئێعدام کران. به‌و پێیه ژماره‌ی ئه‌و حوکمه ئیعدامانه‌ی به‌ڕێوه چوون، له چاو ساڵی ٢٠٠١ (٣٠٤٨) گه‌یشته نیوه. له ساڵی ٢٠٠٢دا ٣٢٤٨ که‌س له ٦٧ ولات دا به مه‌رگ مه‌حکووم کران. دیاره ئه‌وه ته‌نیا ئه‌و ژمارانه ده‌گرێته‌وه که لێبووردنی نێونه‌ته‌وه‌یی لێیان ئاگاداره. وه‌ك ساڵانی رابردوو زۆرترین ژماره‌ی ئێعدامه‌کان له ژماره‌یه‌کی که‌م له ولاتان به‌ڕێوه چوون. له ساڵی ٢٠٠٢ له چین لانی که‌م ١٠٦٠ که‌س ئێعدام کران، له ئێران ١١٣ که‌س، له ولاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا ٧١ که‌س. به پێی زانیاری‌یه‌کانی رێکخراوی نێونه‌ته‌وه‌یی لێبووردن سه‌دی ٨١ی ئێعدامه‌کانی جیهان له ٣ ولاتی چین، ئێران و ئه‌مریکا به‌رێوه‌چوون.

**سایتی: ایران امروز**

# پێته‌ختی فه‌رهه‌نگیی ئورووپا له ساڵی ٢٠٠٤دا





شاره‌کانی لیل (Lille) له شیمالی فه‌ڕانسه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌و شاره‌ش‌دا، شاری جێنووا (Genau) له ئیتالیا به پێته‌ختی فه‌رهه‌نگیی ئورووپا له ساڵی ٢٠٠٤دا ناودێر کراون‌و له ماوه‌ی ئه‌م ساڵدا سه‌دان به‌رنامه‌ی فه‌رهه‌نگی‌و هونه‌ری له‌و شارانه‌دا به‌ڕێوه‌ده‌چن.

به‌رنامه فه‌رهه‌نگی‌و هونه‌ری‌یه‌کان بریتی ده‌بن له هه‌ڵپه‌ڕکێ‌و سه‌ما، موسیقا، شانۆ، فیلم، وتار پێشکێش کردن، به‌ڕێوه‌بردنی پێشانگای جۆراوجۆرو هتد. هه‌وڵ ده‌درێ له‌و ماوه‌یه‌دا رووماى ئورووپای نوێ به جیهان نیشان بدرێ، ئورووپایه‌ك که ده‌رگاکانی خۆیان بۆ فه‌رهه‌نگه‌کانی دیکه ئاوه‌لا کردۆته‌وه.

دابی ناودێر کردنی شارێك به پێته‌ختی فه‌رهه‌نگیی ئورووپا بۆ یه‌که‌م جار خانمی Melina Mercouri وه‌زیری فه‌رهه‌نگی پێشووی یویان له ساڵی ١٩٨٥دا دایهێنا.



مه‌به‌ستله هه‌ڵبژاردنی شارێك وه‌ك پێته‌ختی فه‌رهه‌نگی، نیشانه‌ی لایه‌نی جۆراوجۆره‌کانی فه‌رهه‌نگی ئورووپایی‌و خاڵه هاوبه‌شه‌کانی ئه‌و فه‌رهه‌نگه له‌گه‌ڵ فه‌رهه‌نگه‌کانی دیکه‌ی جیهانه. له‌م رێگایه‌وه شارۆمه‌ندانی ئورووپایی له یه‌کترو خه‌ڵکی جیهان پتر تێ‌ده‌گه‌ن.

حه‌شیمه‌تی شاری لیل ٢١٥ هه‌زار که‌سه. له ٣٠٠ کیلۆمیتری ئه‌و شاره‌دا ده‌توانی ئینگلیسی‌یه‌کان، بێلژیکی‌یه‌کان، هوله‌ندی‌یه‌کان‌و فه‌رانسه‌یی‌یه‌کان به‌دی بکه‌ی. "لیل" سه‌رده‌مێك شارێکی کرێکاری‌و ناوه‌ندی سنعه‌تی خه‌لۆوزی به‌ردو چینی بوو. له‌و شاره‌دا سه‌رمایه‌داره گه‌وره‌کان‌و کرێکارانی سوسیالیست له په‌نا یه‌کتر ده‌ژین. سروودی به‌ناوبانگی "ئه‌نتێرناسیونال" ساڵی ١٩٨٨ به‌هۆی Pierr Degegter له‌م شاره‌دا نووسراوه. گۆرانی‌یه‌کی قه‌دیمیی فه‌رانسه‌یی هه‌یه که ده‌ڵێ خه‌ڵکی ئه‌و ناوچه‌یه له‌و مرۆڤانه‌ن که هه‌تاوێکیان له سینگ دایه.

"لیل" شارێکی شادو زیندوویه. سه‌دی ٢٨ی حه‌شیمه‌تی شار له لاوانی خوار ٢٥ ساڵ پێك هاتوه. مووزه‌خانه‌ی هونه‌ره جوانه‌کانی ئه‌م شاره، دوای مووزه‌خانه‌ی "لووڤر" به ناوبانگترین مووزه‌خانه‌ی فه‌رانسه‌یه. زیاتر له ٣٠٠ به‌رهه‌می هونه‌رمه‌ندانی هوله‌ندی، ئیتالیایی، فه‌رانسه‌یی‌و ئیسپانیایی لێ دانراوه. پاش "ئاوینیون" و پاریس، لیل سێهه‌م شاری فه‌رانسه‌یه که وه‌ك پێته‌ختی فه‌رهه‌نگیی فه‌رانسه دیاری ده‌کرێ.

**سایتی رادیۆ DW به‌شی فارسی**

## ژماره‌یه‌کی دیکه رۆژنامه‌ی ئاگری (Agri) هاته‌وه‌شاندن





ئاگری رۆژنامه‌یه‌کی سیاسی و فه‌رهه‌نگی‌یه و یه‌کیك له بلاوکراوه‌کانی کۆمیسیۆنی چاپه‌مه‌نیی حیزبی دیموکراته‌و به زاراوه‌ی کرمانجی باکوور و پیتی لاتین و به شێوه‌ی ئینتێرنێتی بلاو ده‌کرێته‌وه. ژماره ٢ی ئاگری تایبه‌ت به کۆتایی مانگی نوامبری ٢٠٠٣ به ژماره‌یه‌ك بابه‌تی سیاسی و فه‌رهه‌نگی‌یه‌وه له ٢٠ لاپه‌ره‌ی A 4 دا له سایتی کوردستان میدیادا که‌وتۆته به‌رچاوی خوێنه‌ران‌و ئوگرانی. "کوردستان" وێرای ده‌ستخۆشی له به‌رێوه‌به‌ران و کارگێڕانی ئاگری هیوای سه‌رکه‌وتن‌و ته‌مه‌ن درێژیش بۆ ئاگری ده‌خوازێ.